چارەسەری

کێشەی کورد

لەنێوان ئیمان و پەرلەمان دا

نووسینی
عەلی باپیر

١٤١٢ ك. ١٩٩٢ ز

هەواڵنامەی کتێب

پێشەکی

١- بەگەلی کوردی موسڵمان کە بەیارمەتی خواو هیممەتی مەردان بەسەلامەتی لەم واقیعە سەخت و دژوارە ڕزگاری دەبێ و، ئیسلامیانە خۆی نوێ دەکاتەوەو یەکجاری لەخەم دەڕەخسێ .

٢- بەو موسڵمانانەی کە بایی ئەوەندە لە ئایینەکەیان تێگەیشتوون کە سنووری نێوان کوفرو ئیمانیان لێ تێکەڵ نەبێ و، گومانیان وانەبێ کە (بە شایەتمان هێنان کاریان تەواوەو دوایی هەرچی دەبێ با ببێ) !!

٣- بەو ئیسلامیانەی کە هێندە لە بەرنامەکەیان دا شارەزاو ڕۆچوون فریوی درووشمی بۆش و بریقەدار نەخۆن و، دیواری کاریان لەسەر بناغەی غەیری ئیسلام بنیات نەنێن و، بەڕێ ی خۆیان دا نەبێ نەڕۆن !!

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی

سوپاس و ستایشێک بۆخوا کە هەر لایقی خۆیەتی، وە ڕەحمـەت و مەدح و سەنا لەو زاتە بەرزو مەزن و بێ وێنەیەوە وەک ڕێژنـە بارانی بەهار داباری بەسەر گیانی بەرزو پیرۆزی تێکـڕای پێغەمبەران دا بەگشتیو بەتایبەتی گەورەو سەروەریان موحەممەدو خزمو هاوەڵ و شوێن کەوتووانی ڕەسەنی .

خوێنەری بەڕێزو خۆشەویستم !

ئەمڕۆ گەلەکەمان بە ناسکترین و دژوارترین قۆناغەکانـی ژیانیدا ڕەتدەبێ، بەڵێ ئەمڕۆ گەلی کورد وێڕای گەلانی دیکـەی برای لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامدا لە گەرمەی ژان (مخاض) ی لەدایک بوونێکی نوێ دایە ! چونکە بەڕاستی هەروەک چۆن ژیانـی ئینسان لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە لە دنیای تەنگ و تاریکـی منداڵدان ڕزگاری دەبێو چاو بەدنیای ڕوون و فراوان هەڵدێنـێ ، ژیانی ڕاستەقینەی گەلانیش لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکات کە لـە زیندانی کۆیلەییو ژێردەستەیی قوتاریان دەبێو چاو بە دنیـای گەش و ڕوونی ئازادی و سەربەستیو سەربەخۆیی هەڵدێنن .

جا ئەوە کە ئایا گەلی کوردو هەموو ئەو گەلانەش کە خـوای پەروەردگار ماوەی چواردە سەدەیە لە نیعمەتی هەرە بەرزی ئیمان و ئیسلام بەهرەمەندی کردوون ، ئیسلامییانە لەدایک دەبن و کیـان و قەوارەیەکی شەرعییانەی ڕەسەن لەسەر بنچینەی (ئیمان) بۆخویان بنیات دەنێن ، تاکو ناوو نێوەڕۆکیان یەک بێ !

یان ـ خوانەخواستە ـ بەپێچەوانەوە هەویەو حەقیقەتی ڕەسەنـی

خۆیان دەدۆڕێنن و، بە فێڵ و تەڵەکەی جۆراوجۆری ناحەزانیان فریودەخۆن و لە ڕاستەڕێ لادەدرێن . بەڵێ ئا ئەوەی گوتمان هەتا بڵێی ئەرکێکی بەرزو پیرۆزو گرانە لەسەر شانی ئەو گەلە مسوڵمانە بەگشتیو پێشەواو چاوساغە ئیسلامیەکان بەتایبەتی .

ئیدی بەئومێدی ئەوەی کە ئێمەش و هەموو گەلانی دیکەی مسوڵمانیش بتوانین لەدایک بوون و نوێ بوونەوەیەکی ئیسلامیانە بۆخۆمان هەڵبژێرین و، دەرفەت بەپیلان و فڕوفێڵی ناحەزانمان نەدەین کە نە (لەبارببرێین) نە (بخەڵەتێنرێین) !!

پەروەردگاری میهرەبان و دادگەریشمان فەرموویەتی :

(والذینَ جاهدوا فِینا لَنَهْدِیَنَّهُم سُبُلَنا وان اللهَ لَمَعَ المُحسنین)

٢٥ شوال ١٤١٢ ک

٢٧ نیسان ١٩٩٢ ز

ڕانیە / بەشە کوردستانی سەربەعێراق

ڕێ خۆشکردن
کێشەی کورد بەشێکە لە کێشەی ئوممەتی ئیسلامی

دوای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی کە دوایین قەڵاو سێبەری ئوممەتی ئیسلام بوو، بەهۆی چەند ناتەواوی و ناڕێکیەکی زاتیو پیلان و فێڵی دەرەکیەوە نەخۆش بوو و وردە وردە کزو لاواز بوو و بنێسا. دوژمن و ناحەزانی داخ لەدڵی ئەو ئوممەتە لەهەموو لاوە وەک.... گورگی هار زاریان لێ داچڕی و پەلاماریان دا. هەتا سەرەنجام لەسەر دەستی بەکرێ گیراوی ئیمپریالیزمی جیهانی کەمال ئەتاتورک لە ساڵی (١٩٢٤)دا دوا هەناسەی تەمەنی حوکمی سێزدە سەدەو نیوی ئیسلام ڕاگەیەنراو چەق (مرکز) ی خەلافەتی ئیسلامیش کە تورکیایە بوو بە دەوڵەتێکی بێ دینانەی سەر بە ڕۆژئاوا!

بەڵێ دوای ئەوە جیهانی پان و بەرینی ئیسلام لەسەر سفرەو خوانی ئیمپریالیزمی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا وەک گۆشتی خێرێ، یان نێچیری بەر کەڵبەی چەند دڕندەیەک، وەک ئێستا دەیبینین کوت کوت کراو لەنێو زلهێزەکان دا بەشرایەوەو، ئوممەتی ئیسلامیش وەک مەڕی بێ شوان لەیەکپەڕیدەو پەرتەوازە بوون و لێک نامۆ بوون!

بەڵام خوا هەقە پشکی گەلی کورد لەو بەش بەشکران و لێک دابڕانە لە ﺊی هەموو گەلانی دیکەی موسڵمان زیاتر بوو، ڕەنگە هۆی ئەمەش ئەوە بووبێ کە ڕق و قینی ئیمپریالیزم سەبارەت بە ڕۆڵەکانی صەلاحەددین لە ڕق و قینیان سەبارەت بە هەموو گەلانی دیکە زیاتر بوو، دیارە سزاو تۆڵەش لەقەدەر تاوانە!

بەڵێ هاوکات لەگەڵ کەل وپاچ کرانی نیشتمانی ئیسلامی نیشتمانی کوردیش کرا بە پێنج کوتەوەو هەر کوتەش لکێنرا بە یەکێک لەو دەوڵەتانەوە کە لەگەڵ نیشتمانی کورددا دراوسێن (تورکیاو ئێران و عێراق و سووریاو ڕووسیا) .

کەواتە ڕاستە کە کێشەی کورد بەشێکە لە کێشەی ئوممەتی ئیسلام و چەوساوەیی ئەو گەلە ستەمدیدەیە برینێکی قووڵ و بێڕەزایە لە جەستەی ئوممەتی پێغەمبەردا صلی الله علیه وسلم، بەڵام بەداخەوە کە لەسۆنگەی کەمبوونەوەی هەست و نەستی برایەتی ئیسلامیی لەنێو موسڵمانان دا ئەو گەلە نەبەزە ماوەیەکی دوورو درێژە بەتەنیا ئازارو ئێش و ئەشکەنجەی ئەو زام و برینە دەکێشیٚو کەس خۆی لیٚ وەئاگا نامێنیٚ ! (1)

جا خوێنەری بەڕێز ئەم نووسراوەی بەردەستت لە هەشت بەشان پێکهاتوە، بەم شێوەیەی خوارێ :

بەشی یەکەم: ئاوڕدانەوەیەک بۆ ڕابردوو کە ئەم سێ مەسەلە گرنگەی تێدا توێژراونەوە : 1- (دەردی چەوسێنرانەوەی "کورد "

---

(1) سوپاس بۆ خوا لەم ساڵانەی دواییدا وردە وردە خەریکە کۆمەڵ و بزووتنەوەو کەسایەتییە ئیسلامیەکان ئەو لەکەو پەڵە ناشیرینە لەخۆیان دەکەنەوەو ، لە گۆڤارو ڕۆژنامە ئیسلامییەکان دا دەست کراوە بە باسکردن و لێکۆڵینەوە دەربارەی مەسەلەی کوردو چارەسەری ئەو کێشەیە لەڕوانگەی ئیسلامەوە ، پێم وایە چاکترین بەرهەمیش تا ئێستا کە لەو بارەوە نووسرابێ کتێبە دڵبزوێنەکەی خوالێخۆشبوو (فهمي الشناوي) یە بەناوی : (الاكراد : يتامى المسلمين) .

هەروەها هەرکام لە (طلاح شادي) خوالێخۆشبوو و دکتۆر (عمر عبدالرحمن) موفتی (الجماعة الأسلامية) ی میسرو (فهمي هويدي) ، شتی باشیان لەو بارەوە نووسیوە .

وەک نەتەوەیەکەی و لەکوێ وە سەری هەڵدا ؟!)

٢- (چاوپێداخشاندنێکی شۆڕش و ڕاپەرینە ڕزگاریخوازەکانی کورد).

٣- (گەورەترین هۆی بێ ئاکامی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد) .

بەشی دووەم : گەلی کورد چی دەوێ ؟!

بەشی سێیەم : لەڕێ ی دیموکڕاسی و پەرلەمانەوە دەگەینە چی ؟!

بەشی چوارەم : دیموکڕاسی لە تەرازووی ئیسلام دا .

بەشی پێنجەم : ئیمان چارەی دەردی کورد دەکات نەک پەرلەمان .

بەشی شەشەم : ئایا بێجگە لەم ڕێیە چارەیەکی ترمان هەیە ؟!

بەشی حەوتەم : لەکوێ وەو چۆن دەست پێ بکەین ؟!

بەشی هەشتەم : سەرەنجامی مسۆگەر .

بەشی یەکەم
ئاوڕدانەوەیەک بۆ ڕابردوو

خوێنەری خۆشەویست !

بەپێویستی دەزانم ئاوڕێک لە مێژووی ڕابردووی گەلەکەمان بدەینەوەو لەو ئاوڕدانەوەیەشدا سێ مەسەلەی گرنگ بکەینە جێی سەرنج و ڕامان و بیان توێژینەوە ، کە ئەمانەن :

یەکەم : دەردی چەوسێنرانەوەی " کورد " وەک نەتەوەیەک کەی و لەکوێوە سەری هەڵدا ؟

کەسانێک کە شارەزاییان لە مێژووی ئیسلامیدا نیە یان کاڵ و کرچەو زۆر جاریش هەر لەپشت پەردەی ڕەشی ناحەزانی ئیسلامەوە سەرنجی مێژووی ئیسلامی دەدەن ، ئەمە لەسەرێکەوەو لەسەرێکی دیکەشەوە کەوتوونە ژێر تەئسیری سەلبیی واقیعیی ئەو ڕژێم و دەوڵەتانەی کە دان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا نایەنن و زۆر دڕندانەش ئەو شۆڕش و جم و جۆڵە ڕزگاریخوازانە سەرکوت دەکەن کە داوای ئەو هەقە شەرعیی ڕەوایانە دەکەن بۆ گەلەکەیان ، وا گومان دەبەن کە دەردی گۆرین ڕووەکێکی ژەهراوی یەو لە زەوی ئیسلامدا ڕوواوەو گووراوە ! بۆ سەلماندنی ڕاستیی ئەو گومانەشیان چەند وێنەو دیمەنێک لە مێژووی سەردەمی ئەمەوی و عەبباسی و عوسمانییەکان بە بەڵگە دێننەوەو گەلێک جاریش بەسەرهاتی مەلای خەتێ لەگەڵ میری گۆرە دەکەنە سەرباری ئەو بەڵگانە !! (1)

---

(1) لە کتێبی (سۆزی نەتەوایەتی) دا وەڵامی ئەو جۆرە تۆمەتانە دراوەتەوە ، بەتایبەتی بەسەرهاتی میری کۆرەو مەلای خەتێ .

هەڵبەتە ئێمە نکوولّی لەوە ناکەین کە لەسۆنگەی ئــــەوەوە زۆربەی هەرە زۆری کاربەدەستانی دەولّەتی خەلافەتی ئیسلامــــی چ لەسەردەمی ئەمەوی و عەبباسیەکان و چ لەسەردەمی عوسمانی یە ـ کانیشدا وەک پێویست پابەندو مل کەچی یاساکانی ئیســــلام نەبوو ون ، کەم و زۆر ڕەعیەت و دانیشتووانی ژێر سایەی ئــەو دەولّەتە تووشی ستەم و زۆرو چەوسانەوە بوو ون ، بەلاّم یەکەم:پشکی کورد لەو بارەوە ئەگەر کەمتر نەبووبێ قەت زیاتر نەبووە ، دووەم هیچ کاتێک گەلی کورد ـ و هیچ نەتەوەیەکی دیکەش ـ وەک ... نەتەوەیەک و لەبەر خاتری کورد بوون لەژێر سایەی حوکمی ئیسلامیدا دووچاری ستەم و بێ دادی نەبووە .

دیارە هەر بۆیەش من سەرباسەکەم ئاوا نووسیوە :(دەردی چەوسێنرانەوەی کورد وەک نەتەوەیەک کەی و لەکوێ وە سەری هەڵدا ؟) چونکە وەکگوتمان ئێمە ئینکاریی ئەوە ناکەین کە کوردیــــش هاوڕێ لەگەڵ گەلانی دیکەی ئیسلامدا وەک ڕەعیەت و دانیشتووانــی ژێر سایەی دەولّەتی ئیسلامی لەکاتی لادان و کەمتەرخەمــــی کاربەدەستانیدا گیرۆدەی زەبرو زەنگ و بێ دادی بووە ، ئنجـــا لەو بارەشەوە ئەگەر پشکی کورد لە ئی گەلانی دیکە کەمتر نەبووبێ زیاتریش نەبووەو یەکسان و وەک یەک بوو ون ، وە ئەوەش کـــە واقیعی ژیانی گەلی کوردی وا تاڵ و دزوار کردووەو ناچاری کردووەو پەنای بێ بردۆتە بەر زنجیرە شۆڕش و ڕاپەڕینێکی نەپساوە لـــە هەموو پارچەکانی کوردستاندا ئەوە بووە کە ئەو گەلـــە وەک نەتەوەیەک دووچاری ستەم و ماف پێشێل کران و قەڵاچۆکران بووە :

نەخێر چەوسێنرانەوەی کورد بەو شێوەیەی گوتمان لـــە زەوی ئیسلامدا نەڕوواوەو ناشتوانێ بڕوێ ، بەڵکو وەک لە پێشــــەوەدا بەکورتی خستمانەڕوو ، وە لە کتێبی (سۆزی نەتەوایەتی) دا لــە

چەند شوێنێکدا بەدرێژی باسمان کردوە دەردو مەینەتـــــــی و چەوسێنرانەوەی (کورد) و غەیری کوردیش لە جیهانی ئیسلامـــی دا لەو کاتەوە سەری هەڵدا کە ئیمپریالیزمی جیهانخۆری ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئاوا پاشنەمانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی توانی دەستبەسـەر جیهانی ئیسلامیدا بگرێ و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو لەنێوخۆی دا دابەشی بکات .

بەڵێ ئەوەبوو کە لە نێوەڕاستی جەنگی جیهانی یەکەم دا لـــە ساڵی (١٩١٦) ی زایینیدا زلهێزەکان بەپێی پەیمانی شوومـــــی (سایکس‌پیکۆ) " کوردستان " یان بەم شێوەیەی ئێستای دابـــەش کردو ، ئیدی لەدوای ئەو پەیمانە بێ فەڕو نەگبەتەوە کە لە دڵ و مێشکی پڕ بوغزو کین و فێڵ و تەڵەکەی ئیمپریالیزمدا گوورابوو ، بڕیاردرا کە وشەی (کوردستان) لەسەر نەخشەی سیاسی جیهـــان نەمێنێو ، گەلی کوردیش وەک نەتەوەیەکی خاوەن نیشتمان و زمـان و کیان هیچ حیسابێکی بۆ نەکرێ ، جا بێگومان هەر کەسێکیش لەمــە چاکترو زیاتر لە ئیمپریالیزمو جیهانخۆران چاوەڕێ بکات پێویستە چاوێکی ورد بە بیرو لێکدانەوەی خۆی و مێژوو و واقیعی ئــەو دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتیو ڕۆژئاواییانەدا بگێڕێتەوە کە لـــە زەوی بێ خێری بیری ماددیەتو بێ‌دینیدا ڕسقاون و بە ئاوی پیـــی بیردۆزەکانی داروین و مارکسو نیتشەو فرۆید .. ئاودراون !!

دووەم : چاوپێداخشاندنێکی شۆڕشو ڕاپەڕینە ڕزگاریخوازەکانی کورد :

بەرگری (دفاع) لەخۆکردن و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هـــەر مەترسیەکدا کە هەڕەشە لە بوون (وجود) دەکات ، یاسایەکـــی بنچینەییو سروشتییە کە خودا ـ جل جلاله ـ لە جیهانی گیانداران دا دایناوە بۆئەوەی بتوانن درێژە بە بوونی خۆیان بدەن ، هەر بۆیەش

دوای ئەوەی نیشتمانی کورد لە سەرەتای سەدەی شازدەیەمی زایینییەوە لەدەوری (١٥١٤) دا پاشەڕی (چالدیران) کە لەنێوان سوڵتان سەلیمی عوسمانیو شا ئیسماعیلی سەفەوی دا ڕووی دا، بوو بە دوو بەش، بەشی ڕۆژهەلاتی کەوتە جوغزی دەولەتی سەفەوی یەوەو بەشی ڕۆژئاواشی هەر لەژێر ڕکێفی دەولەتی عوسمانیدا مایەوە وەک زۆربەی جیهانی ئیسلامی ئەوکاتە، بەلێ جا هەر لەدوای ئەو ڕووداوەوە گەلی کورد بەپێی ئەو یاسا سروشتییەی گوتمان لە بیرو هەولی ئەوەدا بووە کە هەردووک بەشە لێکدابڕاوەکەی نیشتمانی بخاتەوە سەریەک و لەیەک قەوارەو بوون دا خۆی ببینێتەوە، کاریگەرترین هەولْ و هەنگاویش بۆ مەبەستە ڕاپەڕینە مەزنەکەی شێخ عوبەیدیللای نەهری بوو کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا لە بەشە کوردستانی سەر بە تورکیای ئێستادا سەری هەلداو بەشێکیشی لە بەشە کوردستانی سەر بە ئێران گرتەوە، بەلام بە هاوکاری سێ قۆلیانەی دەولەتی عوسمانیو ئێران و ڕووسیای قەیسەری خامۆشکرایەوەو شێخیش بۆ حیجاز دوورخرایەوە.

بەلام پاشدابەشکرانی کوردستان بەشێوەیەکی ڕەسمی لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکان (حلفاء) ەوە لە گەرمەی جەنگی جیهانی یەکەمدا. وەک پێشتر باسکرا لە هەموو پارچەکانی کوردستانی بەرین دا دەستکرا بە جموجۆلْ و ڕاپەڕینی پەیتا پەیتاو بێ پسانەوە، کە دیارە ئێمە لەم لێکۆلینەوە کورت و خێرایەدا کە هەروەک ڕێ خۆشکردن و پێشەکی ئەم باسانە دێنینە پێش، دەرفەتی ئەوەمان نیە کە نەک هەر بە تێروتەسەلی بەلکو بەکورتیش باسیان لێوە بکەین، بۆیە ناچارین وەک لە (سەرباس) ەکەدا گوتوومانە بە چاوپێداخشاندنێک وازبێنین هەتا دەرفەتێکی دیکە کە لە

شوێنێکی تایبەت و تەرخان دا ئەو مەسەلەیە بتوێژینەوە .

سەرەتا ڕاستەوخۆ دوای جەنگی جیهانی یەکەم هەرکام لە شێخ مەحموودی حەفیدو سمایلاغای شکاک (سمکۆ) ، یەکەمیان لە کوردستانی خواروو و دووەمیان لە کوردستانی ڕۆژهەلات دەستیان بە جموجۆڵ و دژایەتی کردنی ئەو ڕژێمانە کرد کە کوردیان دەچەوساندەوەو داوای مافی ڕەواو شەرعیی گەلەکەیانیان کرد کە بریتیە لە ئازادی و سەربەخۆیی ، بەڵام هیچ کامیان بە ئەنجام نەگەیشتن و سەرەنجام یەکەمیان ئینگلیزە فێڵبازو دووڕووەکان خیانەتیان پێکردو مەلیکایەتیەکەی سەری لە دوورخرانەوە (تبعید) ەوە ـ بۆ هیندستان ـ دەرچوو ! دووەمیشیان بە فڕو فێڵ و درۆو دەلەسە کەوتە بۆسەوەو کوژرا .

ئنجا لە سالی (۱۹۲۵) دا شێخ سەعیدی پیران لە بەشە کوردستانی سەر بە تورکیادا ڕاپەڕی و توانی چەند شارو ناوچەیەکی فراوانی کوردستانی سەر بە تورکیا ئازاد بکات ، بەڵام ئەویش سەرەنجام شکستی هێناو تورکە ڕەگەزپەرستەکان لە سێدارەیان دا ، لە سیەکانیش‌دا هەرکام لە (شیخ عبدالسلام) ی بارزانی‌و (شیخ احمد) ی برای و (ملا مصطفی) ی برا گچکەیان زنجیرە جموجۆڵ و ڕاپەڕینێکیان لە ناوچەی بادینانی بەشە کوردستانی سەر بە عیراق‌دا سازکرد ، بەڵام ئاکامێکی ئەوتۆیان نەبوو ، هەرچەندە هەرکام لەم جموجۆڵ و ڕاپەڕینانەو ئەوانەی دوای ئەوانیش تەئسیرێکی گرنگیان هەبوو ، هەم بۆسەر گەلی کورد لەبواری بێداری و هوشیارکردنەوەو هاندانی‌داو ، هەم بۆسەر ڕژێمە ستەمکارو داگیرکەرەکان کە هەتا ڕاددەیەک دەست لە هەندێک ستەم‌و دەستدرێژی بگرنەوەو بیرێکی جیددی‌تر لە چارەنووسی ئەو گەلە خوانا‌س‌و بەجەرگە ستەم لێکراوە بکەنەوە .

هەڵبەتە هەر لەو ماوەیەدا ـ واتە لە سیەکان دا ـ هەم لە

کوردستانی سەر بە تورکیاو هەم لە سووریاش جموجۆڵ و شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد درێژەی هەبوو ، بەڵام هەموو جارێ ئەو ڕژێم و دەوڵەتانە کە کوردیان بەسەردا بەشرابۆوە لە بەرانبەر ڕاپەڕینە ـ کانی کورددا پێکەوە ڕیزیان دەبەست و هاوکاری یان دەکرد بۆ داپڵۆسین و سەرکوت کردنیان .

پاشان لە ساڵی (١٩٤٥) دا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری (مهاباد) دامەزراو،(١) لە ڕۆژی(٢)ی ڕێبەندانی ساڵی (١٩٤٦) یش لە مەیدانی چوارچرای شاری مهاباددا (کۆماری کوردستان) دامەزراو (قازی محمد) بە یەکەمین و دوامین سەرۆک کۆمار هەڵبژێررا !(٢) بەڵام حەیفێ ئەم کۆمارەی قازیش وەک مەلیکایەتی یەکەی شێخ مەحموود زۆر کەم تەمەن بوو و ساڵێکی نەخایاند کە ڕژێمی ڕەزا شای ئێران پاشکەین و بەین کردن لەگەڵ (ستالین) ی دیکتاتۆری یەکیەتی سۆفیەت ، توانی هەردووک کۆمارەکەی (ئازەربایجان) و (کوردستان) کۆتایی پێ بهێنێ ، کە لەسەر گفت و بەڵێنی ڕژێمی (سۆشیالیزمی عیلمی) یەکیەتی سۆفیەت بنیات نرابوون !!

هەروەها لە ساڵی (١٩٤٦) یشدا لە بەشە کوردستانی سەر بە عێراق پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق دامەزرا ،(٣) کە پاش چوونی (مەلا مصطفی) ی بارزانی بۆ ڕووسیاو گەڕانەوەی لە ساڵی

---

(١) بڕوانە (چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی) بەرگی یەکەم لاپەڕە (٣٣) نووسینی : عبدالرحمن قاسملو / چاپی دووەم

٢ـ سەرچاوەی پێشوو / لاپەڕە (٦٧ ، ٦٨)

٣ـ بۆیە باسی (حیزبی شیوعی عیراقی) م نەکرد کە گوایە لە ساڵی (١٩٣٤) ەوە دامەزراوە ، چونکە خەباتی ئەوان تایبەت نیە بە کوردستانەوە ، وە لەو سەرو حەدەشدا باسی کورد کردن و کوردایەتی ـ یان پێ کۆنەپەرستی و بەجێماوی ی بووە !!

(١٩٥٨)دا دوای شۆڕشی (١٤) ی تەمموز ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا ، وە لە ساڵی (١٩٦١)دا حیزبی ناوبراو بە سەرکردایەتی (ملا مصطفى) گەورەترین شۆڕشی دژی ڕژێمە یەک لەدوا یەکەکانی عێڕاق بەرپاکرد کە بە شۆڕشی ئەیلوول ناسراوەو هەتا ساڵی (١٩٧٥) کە بە ساڵی (هەرەس) یان (ئاش بەتاڵ) بەناوبانگە دەوامی کرد ، بەڵام لەڕووی ئاکام و ئەنجامەوە بەمەرەدی پێشووەکانی چوو .

پاشان وێڕای بەردەوام بوونی ئەو دوو حیزبەی باسمان کردن چەند کۆمەڵ و تاقمێکی دیکەش بەتایبەتی لەکۆتایی حەفتاکان دا لە زۆربەی پارچەکانی کوردستان دا سەریان هەڵدا کە ئەمانە دیارترینیانن : کۆمەڵەی ڕەنجدەران ، شۆڕشگێڕان .. لە کوردستانی سەربەعێڕاق دا کە پاشان (یەکێتی نیشتمانی) یان لێ پێکهات ، هەروەها حیزبی سۆشیالیستی کوردستان هەر لەوێ ، وە لە کوردستانی سەربەتورکیادا پارتی کرێکارانی کورد (P.K.K) دامەزرا ، لە بەشە کوردستانی ئێرانیش وێڕای حیزبی دیموکرات ، (کۆمەڵە) دروست بوو کە دوایی لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی دیکەی مارکسی یەکیان گرت و ناویان لەخۆیان نا (حیزبی کۆمۆنیست) .

وە لە ساڵی (١٩٨٥) دا بۆ یەکەمین جار[1] لە بەشە کوردستانی سەر بەعێڕاق دا جموجۆڵی چەکداری ئیسلامیانە بەناوی (لەشکری قورئان) سەری هەڵدا کە باڵی سەربازی (بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی) بوو ، ئەو بزووتنەوەیەی وەک ڕێکخراوێکی نهێنی سەرەتایی

---

(١) دیارە بێ ئاگا نیم لە دروستبوون و سەرهەڵدانی کۆمەڵە چەکدارێک لە ساڵەکانی (١٩٨١ – ١٩٨٢) دا بەناوی(لەشکری ئیسلامی) ـ یەوە ، بەڵام بە وردبوونەوە لە مێژوو و چۆنیەتی دروستبوون و سەرەنجامی ئەنگیان ، دەردەکەوێ کە چاکترین ناو بۆ پێناسەی ئەو کۆمەڵە چەکدارە ئەوەیە کە هەر لە زووەوە بەندە بۆی هەڵبژاردوون ، واتە (لەشکری ئیستیسلامی) لەگەڵ ڕێزیشمان بۆ ئەو تاک تاکە مسوڵمانە دڵسۆزو بەجەوهەرانەی کە بەهەڵە ڕەگەڵیان کەوتبوون .

لەکۆتایی حەفتاکاندا پێکهاتبوو، پاشان لە ساڵی (١٩٨٧) دا بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی زیاتر گەشەی کردو فراوانتر بوو و ناوەکەشی گۆڕرا بۆ (بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا).

ئەمە چاوپێداخشاندنێکی خێرا بوو دەربارەی مێژووی جووڵانەوەو ڕاپەڕینە ڕزگاریخوازەکانی گەلی کورد، کە بەمەبەستی وەدەست هێنانی ئەو مافە سروشتیو ڕەوایانە سەریان هەڵداوە کە خوای میهرەبان و دادگەر بە هەموو گەل و نەتەوەیەکی بەخشیون.

ئێستا شدەچینە سەر مەسەلەی سێیەم:

سێیەم: گەورەترین هۆی سەرنەکەوتنی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد:

هەرکەسێک بە عەقڵێکی ئازادو ویژدانێکی ساغەوە سەرنجی جووڵانەوە ڕزگاریخوازەکانی گەلی کورد بدات، دڵنیا دەبێ کە ئەم هۆیانە سەرەکی ترین و گەورەترین بەرچو لەمپەری بەئەنجام نەگەیشتنیان بوون:

١- یەک نەبوون و دژایەتی نێوخۆ:

بەڵێ خوێنەری سەنگین! پەرتەوازەییو دژایەتی یەکتر کردنی کورد چ لەسەر ئاستی کوردستانی بەرین و چ لەسەر ئاستی هەرکام لە پارچەو بەشەکانی، گەورەترین هۆی سەرنەکەوتن و بێ ئاکامی سەرلەبەری ڕاپەڕینو شۆڕشە ڕزگاریخوازەکانی گەلەکەمان بووە، بەپێویستیشی نازانم زۆر وەدوای سەلماندنی ئەم ڕاستییە بکەوم کە بەتایبەتی ئێستا بۆتە شتێکی بەڵگەنەویست، بەڵام دەڵێم عارەب گوتوویانە (السعيد مَنِ اتَّعَظَ بِغَيرِهِ) کەچی ئێمە نەک لە غەیرەپەندو دەرسلە تەجروبە تاڵ و کرچوبڕەکانی خۆشمان وەرناگرین!

٢- پشت بەخۆ نەبەستن و لەسەر لاقی خۆ نەوەستان:

ئەمیش یەکی دیکەیە لە هۆیە هەرە گرنگەکانی بێ ئەنجامبوونی

جموجۆڵە ئازادیخوازەکانی گەلەکەمان ، هەڵبەتە لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە کە ئینسان هەوڵی پەیداکردنی دۆست و پشتیوانان نەدات و هەر بەتەنیا تێڕا بچێ. چونکە پشت بەخۆبەستن و یارمەتی لەخەڵک خواستن پێکەوە دژ نین ، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە پێش دەست پێ کردن توانای خۆمان بناسین و بە ئەندازەی ئەو توانایەی کە لەخۆمان دا شکی دەبەین دەست پێ بکەین نەک دیواری کارەکەمان لەسەر بنچینەی گومانا وی گفت و بەڵێنی خەڵکی بنیات بنێین ، پێشینانیش گوتوویانە (ئێکوشێنی بەتەمای جیرانان ئێشکە) و (پشتیش بەدەستی خۆت نەیخوریێنی خرووی ناشکێ) .

٣- خۆش باوەڕی و فریوخواردن بە گفت و بەڵێنی هەندەران :

دەوری کاریگەری ئەم هۆیەش لە شکست هێنانی هەرکام لە شێخ مەحموود و قازی موحەممەد و مەلا مستەفادا کە یەکەمیان ئینگلیز و دووەمیان ڕووس و سێیەمیان ئەمریکا گفتیان داوونێ بە زەقترین شێوە دەبینرێ .

لێرەدا قسەیەکی خۆشی یەکێک لە پێشمەرگەکانی سەردەمی کۆماری مەهابادم کەوتەوە یاد ، دەیگێڕایەوە کە تازە (کۆمار) دامەزرابوو، شیعرێک بوو بە وبردی سەر زمانی خەڵکە بەتایبەت سوارەکان ، کە ئاوازی شیعرەکە لەگەڵ هەوای نەرمەغاری ئەسپەکانیان دا زۆر چاک دەهاتەوە ، بەڵام بەداخەوە ئەو خاڵە پیشمەرگەیە بەس ئەم سێ دێڕەی لە شیعری گۆرین لەبیر مابوون :

(زووکەن هەڵدەن ئالایە   ئیستالین پێشەوایە
بۆ کوردان وەک بابوایە) !!

٤ - کەم یان بێ ئیخلاصی و ساغ نەبوونەوە بۆ مەبەست :

بەڵێ لە ڕاستیدا زاڵبوونی ئارەزووەکانی نەفس و بەرژەوەندی یە

تاکی‌و تاقمی‌یەکان بەسەر مەبەستە بەرزو پیرۆزەکاندا ـ بەتایبەت لەم دوایی‌یەدا ـ هۆیەکی زێدە کاریگەر بووە بۆ سەرنەکەوتنی زۆر لە سەرکردەو دەمڕاستەکانی کورد، وە ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین دەبینین زیادبوون و پەرەستاندنی خەسڵەتی ناوبراو پەیوەندی یەکی ڕاستەوانەی هەیە بە بڵاوبوونەوەو گەشەکردنی بیروبۆچوونە ماددی و نائیسلامی‌یەکانەوە ، هەر بۆیەش ڕاستی‌ی و ساغی‌ی و یەکباری‌ی لە سەرکردەو ڕابەرە پێشووەکاندا زیاتر بووە، چونکە ئەوان یان هەر دووربوون یان کەمتر کەوتبوونە ژێر تەئسیری بیروبۆچوونە ماددی و بێ دینەکانەوەو بیروباوەڕی ئیسلامی‌یانەیان ڕەگ و ریشەی خۆپەرستی‌و دنیاویستی تێدا نەهێشتبوون و بۆ خواو خەڵک یەکلا بووبوونەوە .

٥ ـ ڕێگانەدانی سیاسەتی ئیمپریالیزمی جیهانی :

هەرچەندە ئەم هۆیە دەورێکی یەکجار کاریگەرو گرنگی هەبووەو هەیە لە سەرنەکەوتن و بێ ئاکام مانەوەی شۆڕشەکانی کورددا ، بەڵام بۆیە خستمە کۆتایی‌یەوە ، چونکە هەر ئەو هۆیانەی پێشەوە ڕێگا بۆ ئەمیان خۆش‌دەکەن ، یان لانی کەم وادەکەن کە ئەم هۆیە بتوانێ دەوری خۆی ببینێ ، ئەمە لەلایەکەوەو لەلایەکی دیکەشەوە هەرکەسێک بێجگە لە دوژمنایەتی‌و زیان شتێکی تر لە دوژمنی یەوە چاوەڕێ بکات بەهەڵەدا چووەو زەینی خلیسکەی پێ بردووە !

تێبینی : بەپشتیوانی خوا لە بەشی پێنجەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا کە لەژێر سەرباسی: (ئیمان چارەی دەردی " کورد " دەکات تەک‌پەرلەمان) دایەڕوونی دەکەینەوە کە چۆن بەهۆی ئیمان و ئیسلامەوە هەرکام لەم خاڵە لاوازانەی کە بوونە پەرچ و لەمپەڕی سەر ڕێگای جوولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لادەچن و چارەسەر دەکرێن .

بەشی دووەم

گەلی کورد چی دەوێ ؟!

خوێنەری خۆشەویست !

بەپەسندی دەزانم کە دەقی ئەو (باس) ەی بەشێوەی (محاضرة) یەک لە ڕۆژی شەممەی (ذو الحجة) ی ڕێکەوتی ١٩٩١/٦/١٥ لە کۆڕێکدا کە (نادي الأعلام العربي) لە پیشاوەری پاکستان سازی کردبوو پێشکەشم کرد لەژێر سەرباسی (القضية الكردية جذورها وطريق حلها) ، لێرەدا وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی و لە وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرێدا بینووسم :(١)

ئەمەش دەقی (باس) ەکەیە دوای وەرگێڕانی :

(برا ئازیزو بەڕێزەکان جوانترین بەخێرهاتنتان دەکەین و سڵاوی پیرۆزی ئیسلامتان ئاراستە دەکەین (السلام عليكم ورحمة الله وبركاته) وە سەلام و ڕێزی برایانی تێکۆشەری خۆتانتان لەسەر زەوی کوردستانی بریندار پێ ڕادەگەیەنین بە سەرکردەو پێشمەرگەو پیرو گەنجەوە .

وە زۆر سوپاستان دەکەین و لەخوای بەخشەر داواکارین کە چاکترین پاداشتتان بداتەوە لەبەرانبەر سازکردنی ئەم

---

(١) کۆڕی ناوبراو کۆڕێکی ڕۆژنامەیی (ندوة صحفية) بوو کە نوێنەری گەلێک لەو گۆڤارو بڵاوکراوە عارەبیانەی تێدا ئامادە بوون کە لە پاکستان دەردەچن ، وە ژمارەیەک لە نوێنەرانی ئەو دامەزراوە ئیسلامیانەی کە لە گۆڕەپانی جیهادی ئەفغانیدا کار دەکەن ، ئەوەندەی من ئاگادارم هەرکام لە گۆڤاری (النفير) و گۆڤاری (المرابطون) ئەم (محاضرة) یەیان بڵاوکردەوە .

کۆبوونەوەیەدا، کە بەڵگەی هەستکردنە بە بەرپرسیاریتی لەئاقار کێشەی ڕەوای گەلی کوردی مسوڵمانی ستەملێکراودا و گرنگیپێدانی .

برا خۆشەویستەکانم !

ناوو نیشانی ئەو باسەی کە ویستم پێشکەشتانی بکەم ئاوایە :

(کێشەی کوردو ڕەگ و ریشەکانیو ڕێ ی چارەسەری) ، وە ئەم باسەتان لەم چەند خاڵەی خوارێدا بۆ کورتدەکەمەوە :

خاڵی یەکەم : گەلی کورد کێ یە ؟!

خاڵی دووەم : گیروگرفتی گەلی کورد چی یە ؟!

خاڵی سێیەم : ئەم گیروگرفتە کەی سەری هەڵداو لەکوێ وە هات ؟!

خاڵی چوارەم : گەلی کورد عەودالێ چ ئامانجێکە لە خەباتی سەختی زیاتر لە سەد ساڵەی دا ؟!

خاڵی پێنجەم : چۆن دەگونجێ بەشێوەیەکی ئیسلامییانە چارەی گیروگرفتی گەلی کورد بکرێ ؟!

خاڵی یەکەم : گەلی کورد کێ یە ؟!

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بەپێویستی نازانم کە بە قووڵایی و قوژبنەکانی مێژووتاندا بگێڕم ، چونکە گەلێک باس و لێکۆڵینەوە بە زۆر زمانی جیا جیا دەربارەی بنەڕەتی گەلی کوردو زیان و خوو و نەریتەکانی هەن ، هەرکەسێک دەیەوێ بەو باسەدا قووڵ بێتەوەو زیاتر بزانێ ، دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆو سەرچاوانە ، بەڵام من هەر بەکورتی دەڵێم :

١- لەبارەی بنەچەکەی گەلی کوردو هەویەی نەتەوەییەوە بەتایبەت لەنێو ڕۆژهەڵاتناسەکاندا مشت و مڕو بگرەو بەردە هەیە ، بەڵام ئەو ئەنجامەی کە لەسەری ڕێککەوتوون بەپێی ئەو سەرچاوەد

بەڵگەنامانەی کە هیچ گومان و دوودڵییەک ناهێڵن ئەمەیە :
کە گەلی کورد گەلێکی ڕەسەنە کە لە دێرزەمانەوە لەو ناوچەیەی کە ئێستا تێیدایە نیشتەجێ بووەو، لە هەندێک لە قۆناغەکانی مێژووی دوورو درێژیشیدا دەوڵەتی پان و پۆڕی هەبوون .
وە ئێستا ژمارەی کوردان لە هەموو پارچەکانی کوردستانی دابەشکراودا نزیکەی (٣٠) ملیۆن کەس دەبێ .
٢- وە گەلی کورد موسڵمانەو ، ئیسلامی بە بەرنامە قبووڵ کردووە بە ڕێژەی (٩٨%) وە لە سەردەمی خەلیفەی دووەم (عومەری کوڕی خەتتاب) خوا لێی ڕازی بێ ، بە ویست و ئارەزووی خۆی ئیسلامی وەرگرتووەو بڕوای پێ هێناوە .
وە مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کە بەدەگمەن نەبێ لەنێوان سوپای ئیسلامو گەلی کورددا جەنگ ڕووی نەداوە ، ئەمەش لەسۆنگەی ئەوەوە بووە کە گەلی کورد بەماوەیەکی زۆر بەر لە هاتنی ئیسلام هیچ کیان و قەوارەیەکی سەربەخۆی نەبوو - وەک هەندێک کوردی ڕەگەز پەرستگومان دەبەن و لاف لێ دەدەن - بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتەوە لەژێر نیری دەوڵەتی ساسانیو لە ڕۆژئاواوە لەژێر نیری دەوڵەتی بیزەنطیدا دەیناڵاند .
جا کاتێک ئیسلام بە دادگەری و بەزەییو بەرنامە ئاسان و دڵگیرەکەیەوە هات، کە عارەب بەسەر عەجەمداو سپی بەسەر ڕەشدا بە چاکتر دانانێ ، بەڵێ لەکاتێکدا کە ئیسلام بە شێوە ڕەسەن و ڕاستەقینەکەی هات، گەلی کورد لە ئامێزی گرت و، بابای تینووی بیابانی گەرمو قاقڕ چۆن پێشوازی ئاوی سارد دەکات ئاوا بەپیریەوە هات و، بە عەقڵ و ئاوەزی بڕوای پێ هێنا و لەقووڵایی دڵیەوە خۆشی ویست .
٣- وە هەر لەو کاتەوە کە گەلی کورد چۆ ژێر سایەی ئیسلام و بە

بەرنامەو ڕێبازی ژیانی هەڵی بژارد ،خزمەتی کردو لەپێنـــــاوی سەرخستنیو بەرزکردنەوەی ئالآکەی دا بە سەرو ماڵ خۆی فیدا کرد ، وە بە خزمەتە گرنگەکانی شارستانەتی ئیسلامی دەوڵەمەند کـــرد بەتایبەتی لەبواری زانستو عەسکەری دا ، وە (ابن الصـــلاح الشهرزوري) و (ابن الحاجب) و (ابن الأثير) ی مێژوونووس و (ابن الأثير) ی فەرموودەناس و (صلاح الدين) و (مولانـــا خالد) و (احمد شوقي - امير الشعراء) و (البيتوشـــي) و (امجد الزهاوي) و (شيخ محمود الحفيد) و (سعيد النورسي).. خوا لە هەموویان خۆش بێ ، تەنیا چەند نموونەیەکن لەو کەسایەتی - یە دیارو کاریگەرانەی کە گەلی کورد لە سێبەری ئیســلام دا پەروەردەی کردوون .

وە پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە گەلی کورد دەستی چاکەی بەسەر زۆر لە گەلە ئیسلامیەکانەوە هەیە لە بـــواری سوپاییدا ، چونکە ئەو گەلە کە بە ئازاییو چاونەترسی ناوی کردوە ، لە هەموو قۆناغەکانی دەوڵەتی ئیسلامیدا وەکزرێ و قەڵفانێـــک بووە بۆی ، وە هەرکام لە بەرپەرچدانەوەی هێرشی دڕندانـــەی خاچپەرستەکان بۆسەر جیهانی ئیسلامی بە سەرکردایەتی صەلاحەددینی ئەییوبیو ، پاسی کردنی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژ .... ئاوایەوەو ، بەرپەرچدانەوەی هێرشی ڕووسەکان لە سەرەتای جەنگـی جیهانی یەکەمدا بۆسەر ئێران و ، بەشداری کردنی عەشیرەتـــە کوردەکان بە سەرکردایەتی شێخ مەحموودی حەفید لە ڕاوەستـــان لەدژی ئینگلیز لە ساڵی (١٩١٨) دا ، بەسچەند نموونەیەکـــی هەڵوێستە مەردانەکانی ئەو گەلە مسوڵمانەن لە بەرگری کردنـــی لە نیشتمانی ئیسلامیو پاراستنی بوون و کیانی ئیسلام .

خاڵی دووەم : گیروگرفتی گەلی کوردی مسوڵمان چی یە ؟!

ڕەنگە هەندێککەس بەهەڵە وا حاڵی بووبن کە گیروگرفتی گەلی کورد ئەوەیە کە ناتوانێ لەگەڵ گەلە مسوڵمانە دراوسێکانیدا بژی ، یان گیروگرفتەکەی ئەوەیە کە دەیەوێ لە ئوممەت و نیشتمانی ئیسلامی جیابێتەوەو سەربەخۆ بێ ، بگرە هەندێک لەوانە بەدگومانیپیان گەیاندوونیە ڕاددەیەک کە پێیان وایە ئەو گەلە مسوڵمانە ڕۆچووە لەئیسلامدا ، گیروگرفتەکەی ئەوەیە کە دەیەوێ واز لە ئیسلام بهێنێ - یان وازیشی لێ هێناوە !- و بەرەو گومڕایی و سەرگەردانی پاشگەزبێتەوە ، دوای ئەوەی خوای بەرز خستوویەتە سەر ڕاستە شەقامەکەی خۆی !

بەڵام نەخێر گیروگرفتی ئەو گەلە هیچ کام لەم ئیحتیمالانەو وێنەی وانیش نیە ، بەڵکو گیروگرفتەکەی بریتیە لە :

(دان پێدا نەهێنرانێکی ڕاستەقینە بە کیان و بوونی وەک گەلێک کە مافی ژیانی هەیە لە خاک و نیشتمانی خۆی دا ، ژیانێکی ئازادانەی بەڕێز کە شایستەی ئینسان بێ) .

بەڵێ برا ئیسلامیەکانم بەو خوایەی کە جگە لەوی هیچ خوا نین گیروگرفتی گەلی کورد بەس ئەوەیە کە ئەو دەوڵەت و ڕژێمانەی کوردیان بەسەردا بەشراوەتەوەو نیشتمانی کوردیان لەنێودا بەشکراوە ، بە دان پێداهێنانێکی کردەیی - بگرە زۆر جاران تیۆری و دەمیش- دانی بۆ پێدا ناهێنن کە کوردیش گەلێکە نیشتمان و زمان و کیانی خۆی هەیە وەک هەموو ئەو گەلە مسوڵمانانەی کە ئوممەتی ئیسلامیان لێ پێکهاتووە .

ئنجا ئەگەر هات و هەندێکلەوانەی داوای مافە سروشتیی و ڕەوایەکانی ئەو گەلە دەکەن بەهەڵە یان بەقەستی ڕێگای خوارو خێچیان گرتەبەر، وەک پەنابردنە بەر بیردۆزە ڕۆژهەڵاتیی و ڕۆژئاوایی‌یەکان و شوێن کەوتنی بیرۆچکە بێ بڕوایی‌یەکان ، ئەوە وەک لە هیچ خاوەن ویژدانێک شاراوە نیە ئەو هەڵوێستە هەڵانە هیچ لە هەقێتی و ڕەوایەتی مەسەلەی کورد ناگۆڕێ ، چونکە هەق ئەگەر بە شێوازێکی ناهەقیش داوا بکرێ نابێتە ناهەق ، بەڵکو تەنانەت ئەگەر شوێن کەوتوانی ناهەقیش داوای بکەن !!

خاڵی سێیەم : ئەو گیروگرفتە کەی سەری هەڵداو لەکوێوە هات ؟!

هەندێک کەسی ڕەگەزپەرست و زیادەڕۆ کە وەک پێویست بە ئیسلام ئاشنا نین ، پێیان وایە ڕەگ و ڕیشەی کێشەی کورد بە قووڵایی زەوی مێژووی ئیسلامی‌دا ڕۆچووە ، ئێمەش بۆ خستنەڕووی پووچەڵی ئەم دەعوایە بەس دوو بەڵگان دێنینەوە .

یەکەم : ئەگەر ڕاست با ئیسلام ستەمی لە گەلی کورد کردبایەو مافەکانی لێ زەوت کردبان ، ئەو گەلە لە پێناوی وەدی هێنانی مافە زەوتکراوەکانی‌دا بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی زنجیرە شۆڕش و ڕاپەڕینێکی یەک لەدوای یەکی ئەنجام دەدان ، هەروەکچۆن لەم سەدەیەی دوایی‌دا بینیمان ، ئاخر ئەم گەلەبەناوبانگە (1) بە ئازایەتی و مل کەچنەبوون و بێ دەنگ نەبوونی لەئاقار ستەم و دەستدرێژی دا .

---

(1) (قلقشندي) لە کتێبی (صبح الأعشی) دا دەربارەی گەلی کورد گوتوویەتی : (الاكراد كالبروق اذا وثبوا وكالأسود اذا غضبوا) . واتە : کوردەکان لەکاتی ڕاساندا وەک برووسکەو لەدەمی تووڕەبووندا دەڵێی شێرن .

دووەم : ئەگەر گەلی کورد بەو شێوەیە بوایە کە ئەوانە گومان دەبەن ، بابایەکی وەک (طلاح الدین الأیوبي) نەیدەتوانی بگاتە پلەی سەرکردایەتی بەهێزترین سوپای ئیسلامو ببێتە سەرۆکی گەورەترین دەولەتی ئەو سەردەمە .

نەخێر گیروگرفتی گەلی کورد لە واقیعێکی ئیسلامیدا دروست نەبووەو ڕەگ و ڕیشەی ئەو بەلا گەورەو ستەمە دزێوە لە زەمینەی ئیسلامیدا نەڕواوە . بەلکو ئەو گیروگرفتە دوای زال بوونی ئیمپریالیزمی جیهانی بەسەر دنیای ئیسلامدا پەیدابوو ، کە ئەمیش دوای نەمانی خەلافەتی ئیسلامی رووی دا ، ئەو خەلافەتەی کە بەهۆی نەخۆشیەکانیو لادانە جۆراوجۆرەکانی لە ئیسلام نەیتوانی بەرهەلستیی دوژمنە سەهیۆنیو خاچپەرستەکان بکات .
.... (١)

کەواتە هەرکەسێک ڕازی بێ بە مانەوەی ئەم گیروگرفتە کە گیروگرفتی تێکڕای مسولمانانە نەک بەس گەلی کورد ، یان لانی کەم ئەو پەیمانە ئیمپریالیزمیە نەگریسەی کە گیروگرفتی ناوبراوو گەلێکی دیکەشی لە جیهانی ئیسلامدا پەیدا کردن ، بە ناشەرعی و ستەمکارانە نەزانی مانای وایە بە زمانی حال گێلانە یان خۆ گێل کەرانە شایەدی ی دەدات کە بە نەخشەو پیلانەکانی کوفری جیهانی ڕازی یە ، دیارە خوای بەرزیش ئاگاداری کردووینەوە لە شوێن کەوتن و دۆستایەتی کردنی جوولەکەو دیانەکان و ...
فەرموویەتی :(یا ایها الذین آمنوا لاتتخذوا الیهود والنصاری أولیاء بعضهم أولیاء بعض ومن یتولهم منکم فأنه منهم ...)
المائدة / ٥١ .

---

(١) چەند دێڕێکم لێرەدا وەرنەگێڕان ، چونکە دەربارەی پەیمانی شوومی سایکس بیکۆو چۆنیەتی دابەش کرانی جیهانی ئیسلامی و نیشتمانی کورد بوون ، کە پێشتر باسکراوەو گوتم با دووپات نەبێتەوە .

خاڵی چوارەم : گەلی کورد لە خەباتی سەختی زیاتر لە سەد ساڵەی دا عەودالی چ ئامانجێکە ؟!

ئەو ئامانجەی کە گەلی کوردی مەینەت بار بەدرێژایی مێژووی تاڵی پڕ لە شۆڕش و ڕاپەڕینی ، وە بەدرێژایی ململانێی سیاسی و عەسکەری لەگەڵ ئەو دەوڵەت و ڕژێمانەی کە کوردستان و دانیشتوانی یان بەسەردا بەشراوەتەوە ، بەدوای دا عەودالە و هەوڵی بۆ دەدات بەس ئەوەیە کە وەک هەموو گەلانی دنیا حیساب بکرێ و مافە ڕەوایەکانی وەدەست بهێنێ و ، هیچ کەس نەی چەوسێنێتەوە و زەوی و خاکی یان هیچ مافێکی دیکەی لێ زەوت نەکات ، چونکە ئەو گەلەش وەک هەموو گەلانی دنیا هەموو ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی هەن کە پێیان بچێتە ڕیزی گەلانی دنیاوە بەبێ زیادو کەم ، مادام وایە بۆی هەیە وەک هەر گەلێکی دیکە کە کیان و قەوارەی نەتەوەیی خۆی هەبێ لە ڕیزی ئەو گەل و کۆمەڵانەدا کە ئۆممەتی ئیسلامییان لێ پێکهاتوە .

وە گەلی کورد ئەو مافەشی نە لەسەر بنچینەی ڕەگەزپەرستی و بە هاندەری دەمارگیری نەفامی ی داوا دەکات و ، نە لەسەر حیسابی ماف و بوون و کیانی خەڵکی دیکە ، بەڵکو لەسەر بنچینەی هەق و دادگەری و بە هاندەری لابردنی ستەم و بەربەرچدانەوەی دەست درێژی ، خوای بەرزیش فەرموویەتی : (... لاتَظلمونَ ولاتُظلَمُون) البقرة / ٢٧٩ . واتە :

نە زوڵم بکەن ، نە بهێڵن زوڵمتان لێ بکرێ !!

هەڵبەتە نکووڵیشمان لەوە نیە کە هەندێک لەو تاقم و پێڕانەی داوای مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد دەکەن هەندێک جاران هەڵوێستی ناقۆلایان نوانەوون و ڕووی گەشی مەسەلەی گەلی کوردیان

ناشیرین کردوەو بێزاندوە ، بەڵام ئەوانەشدیسان تا ڕاددەیەک عوزرو بەهانەیان هەیە ، چونکە وەکگوتراوە (پیاو کە بە ڕووباری داچوو دەستبۆ پووشیشدرێژ دەکات !!) ، جا ئەگەر بمانەوێ دادگەرانە حوکم بدەین و سەرنجی دیوی نێوەوەی شتان بدەین و بە دیوی دەرەوەیان وازنەهێنین ، نابێ بەتەنیا لۆمەو سەرکۆنەی ئەو تاقمو کۆمەڵە لارێیانە بکەین ، بەڵکو بە پلەی یەکەم ئەو ڕژێمانە تاوانبار بکەین و ڕووی ڕەخنەو گلەیی یان تێ بکەین کە بە ئاگرو ئاسن ڕەفتاریان لەگەڵ گەلی کورد دا کردوەو ناچاریان کردوە کە پەنا بەرێتە بەر ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواو دەستەو داوێنی ڕێچکەو بیردۆزە بێ سروایەکانیان ببێ و، وەک ئەو کەسەی لێ بەسەربێتکە دەڵێ :(تداوَیْتُ بالذي هو الداء) ، بە شتێکخۆم دەرمان کرد ، کە هەر ئەو دەردی ڕاستەقینە بوو . ... (١)

ئێستاشکە هەتا ڕاددەیەکزانیمان دەردی گەلی کورد چی یەو چی دەوێ ، کاتی ئەوە هاتوە بزانین لە چ ڕێ یەکەوە بەو کامو مرادە دەگاتو مەخسوودی حاسڵ دەبێ !

---

(١) خاڵی پێنجەم زیاتر پەیوەندی بە بەشی پێنجەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەیە ، بۆیە لەوێ دا دەینووسین .

بەشی سێیەم
لەڕێی دیموکراسی و پەرلەمانەوە دەگەینە چی ؟!

خوێنەری بەڕێز !

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی سەرێ پێویستە لەپێشەوە چەند خاڵێک بخەینەڕوو :

١- دیموکراسی یانی چی ؟!

دیموکراسی کە ئێستا بۆتە زاراوەیەکی سیاسی بەرمێن لە ڕیشەدا وشەیەکی (یۆنانی) یەو لە دوو برگە پێکهاتوە ، (دیمۆس) واتە (گەل - شعب) ، وە (کراسی) واتە (حوکم) کەواتە : دیموکراسی یانی (حوکمی گەل) ، چ وشەیەکی شیرین و بریقەدار !! دیارە مەبەستلە (حوکمی گەل) یش ئەوەیە کە خەڵک و دانیشتووانی ناوچەیەک یان زیاتر لەنێو خۆیاندا ڕێک بکەون کە بەرنامەو پەیڕەوی ژیان بۆخۆیان دابنێن و حوکمڕان و کاربەدەستانی مشوورخۆری خۆیان دیاری بکەن .

بۆیە هەمیشە لەگەڵ وشەی (دیموکراسی) دا وشەی (هەڵبژاردن - إنتخاب) یش هەیە ، چونکە تاقە ڕێگایەککە بگونجێ دیموکراسی لێوە بەڕێوە ببرێ (هەڵبژاردن) ە ، مەبەستیشلە هەڵبژاردن ئەوەیە کە (گەل) لەنێو خۆیدا ژمارەیەکی دیاریکراو لە نوێنەرانی خۆی هەڵدەبژێرێ بۆئەوەی بەناوی (گەل) ەوە کۆڕو ئەنجوومەنێک پێک بێنن کە پێی دەگوترێ (پەرلەمان) ، یان (کۆنگرێس) .

هەڵبژاردنیشدەگونجێ بەچەند شێوەیەکی جیا جیا ئەنجام بدرێ

که زەقترینیان ئەمانەن : بازنەیی (دائري) ، گوێرەیی کراوە ـ (نسبي مفتوح) ، گوێرەیی داخراو (نسبي مُغلَق) .

(پەرلەمان) یش کە بەرهەمو (بيت القصيد) ی دیموکراسی یە ئەو کۆڕی کۆمەڵەیە کە (گەل) بە زۆرترین دەنگ هەڵی بژاردوون بۆ حوکمڕانیو بەرنامە دانان و هەرچی گەل پێویستی پێی هەبێ لە هەموو وردو درشتی ژیانی دا .

٢ـ دیموکراسی لەکوێ وە سەری هەڵداو بۆچی ؟!

دیموکراسی سەرەتا بەشێوەیەکی سادە چەند سەدەیەک بەر لە لەدایکبوونی (مەسیح) سەلامی خوای لێ بێ . لەنێو یۆنانییەکاندا سەری هەڵدا ، وەک بریتی (بَدیل) یێکبۆو ئایین و بەرنامەی کە پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام لەخواوە بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ژیانی مرۆڤایەتییان دێنا ، دیارە سەرچاوە مێژوویی ـ یەکانیش هەواڵمان دەدەنێ کە یەکێکلە نەریتو ڕێو ڕەسمەکانی یۆنانییەکان بریتی بووە لە پشتتێکردنی هیدایەتو بەرنامەکانی خوای پەروەردگار ، تەنانەتهەندێکلە توێژەرەوانی قورئان فەرموویانە ئەم ئایەتە :(فلما جاءتهم رسلهم(٢) بالبينات فرحوا بما عندهم مِنَ العلم وحاق بهم ماكانوا به يستهزؤن) غافر/ ٨٣ . دەربارەی فەیلەسووفەکانی یۆنان و هەڵوێستیان لەئاقار پێغەمبەرانی خواو بەرنامەکانیان دەدوێ .

بەهەرحاڵ هەر ئەو هەموو کەلەپوورە زۆرو بۆرو بێ هێزو پێزەی کە پێی دەگوترێ (فەلسەفەی یۆنانی) بەڵگەو نیشانەی پتەوی ڕاستیی ئەو ڕایەیە کە گوتمان .

ئنجا بێگومان ئینسان لەهەر کاتو جێیەکدا هیدایەتو بەرنامەی خوا بزر بکات ، چاری ناچارە کە هەوڵ بدات بەهەر شێوەیەکبووە ئەو کەلێن و بۆشاییە پڕبکاتەوەو بەرنامەو بەیرەوێکبۆخۆی سازبکات ، گوتراویشە (الحاجة أُمُّ الأختراع) .

بەو پێیەش دەگونجێ بگوترێ : (الحَيْرة عن الشرع أُسّ الأبتداع) .

ئنجا بۆ جاری دووەم دیموکڕاسی لەپێشەوە لە ئەورووپاو پاشان لە ئەمریکادا کە میراتگری ئیغریقیو یۆنانییەکانن ، سەری هەڵدایەوە ، چونکە لەسەریێکەوە ئەو ئایین و بەرنامەیەی کە (عیسی) سەلامی خوای لێ بێ هێنابووی هەم لە ڕۆژگاری خۆی دا دژایەتی زۆریان کردو ، هەم دوای خۆشی هەتا توانییان شێواندیان و دەستکارییان کرد تا وای لێ هات کە کەڵکی ئەوەی پێوە نەمابوو ژیانی تاک و کۆمەڵ ڕێک بخاو بەڕێوەبەرێ .[1] وە لەسەریێکی دیکەشەوە هەموو شێوەکانی دیکەی حوکمڕانییان تاقی کردبوونەوەو.. جەڕباندبوون هەر لە تیۆکڕاسیو بیرۆکڕاسیو دیکتاتۆری یەوە هەتا پادشایەتیو تاقە حیزبیو سەربازی و .. هتد کە ئازارو ئێش و مەینەتییەکی زۆریان بەدەست هەرکامێکیانەوە چێشتبوو ، بۆیە سەرەنجام گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە دیموکڕاسی چاکترین و دادگەرانەترین جۆری حوکمڕانییەو ، لەڕاستیشدا ئەگەر بوونی خوای پەروەردگارو هیدایەتو بەرنامەکەی لەگۆڕێ دا نەبێ ، لە جەنگەڵ و چخوردی نەفامانەی بیردۆزەو ڕژێمە مرۆڤگردەکاندا (دیموکڕاسی) لە هەموان وێچووترو لەبارترەو لە هەقەوە نیزیکترە ، بەڵام هەقیش نیە !!

کەواتە :

پوختەی قسان ئەوەیە کە دیموکڕاسی چ بەشێوە سادەو سەرەتایی - یەکەی سەردەمی یۆنانیو ڕۆمانەکانیو ، چ بە بیچمی نوێو تازەی ئێستای ، پێداویستی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگایەکی لە بەرنامەی

---

(1) پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ئایینی مەسیحی هەر لە ئەسڵیشدا بۆ کۆمەڵ و قۆناغێکی تایبەتو دیاری کراو هاتبوو ، نەک بۆ خەڵک و قۆناغی ئەوسای ئەورووپاو ئەمریکا ، بەڵکو ئەوەی ئەم ئەرکەی پێ سپێرراوە بەرنامەی هەمیشەییو سەرتاسەری مرۆڤایەتی یە کە ئیسلامە .

ڕاست و ساغی خوا بێ هەواڵ هێنا و یەتەدی و، درەختێکی میوەو بەر تاڵە کە لە زەمینەی بەتاڵ و حەتاڵی بۆشایی فیکری (الفراغ العقائدي) خەڵکێکی بێ بەرنامەو سەرگەردان دا ڕوواوەو خەملاوە .

٣- بەرهەمی دیموکڕاسیو پەرلەمان لە شوێنی لەدایکبوونیان دا :

کاتی خۆی – واتە پێش سالآنی دەست پێکردنی (بیرۆیسترۆیکا و گلانسنۆست) ی گۆرباتشۆف – کە لەگەڵ برادەرە مارکسی و شیوعی یەکان دا دەربارەی پووچەڵی و گەندەڵی مارکسیزم و کۆمۆنیزم دەدوایین و بە بەڵگەی عەقڵ و زانست و هەواڵ و مەعلوماتی ڕاست لەبارەی ئەو واقیعەی کە لەسەر سوێ ی هەرەس بوو ، بەلآم ئەوان لێی بێ ئاگاو چەواشەکراو بوون ، بۆمان دەسەلماندن کە بەدوای کلآوی خوارو ڕێچکەی ناهەموار کەوتوون و دەستیان لەبنی هەمبانەی بەتاڵەوە دەردەچێ و ، لەئاکامدا ئەو سووژن و درێشەیەی پینەو پەڕۆی بیردۆزەی شڕو دڕاوی بیرۆچکەکەیانی پێ دەکەن لەدەستیان هەڵدەچێ ! سەرەخەری یان دەچێو نەیان دەسەلماند ، بەلآم دوای ئەوەی دەهۆڵ دڕاو تەقەی تۆپ و [illegible]ەکەی گۆڕین بە حوکمی یاسای عەقڵی و زانیاری (زادەی مرۆڤ حوکمی خانەکەی هەیە)[1] بە داسی سروشت (فطرة) ی نەگۆڕی ئینسانی هەڵبڕاو ، لەسەر سنداتی واقیعی کۆمەڵگا بە چەکوشی ڕەوتی ژیان و پێداویستی یەکانی گوزەران وردو خاش کراو ، هەر لەو شوێنەدا کە تێیدا لەدایک بوو بوو فڕێ درایە زبڵدانی مێژووەوەو هەزارو یەک نەفرینی لێ کرا ، بەڵێ دوای ئەوە هەموو ئەو برادەرە دڵگەرمانە – مەگەر تاک و تەرای بێ ئاگا لە جەنگ و هەرا – سەری (تقديس) یان بۆ

---

(١) خوا هەقە کاتی خۆی (مارکس) یش پەی بەو ڕاستی یە کرنکە بردبوو و تەنانەت کردبووشی بە مەحکەمترین پایەو پێ لە چوارپێی دیالکتیکەکەی !! بەلآم وادیارە خۆی و بیردۆزەکەی فەرامۆش کردبوو کە ئەوانیش مل کەچی هەمان یاساو دەستوورن و بە حوکمی (كل نفس ذائقة الموت) دەبێ هەموو کەس و شتێک – جگە لە خوای بەدیهێنەری کەس و شتان – تامی مەرگ بچێژێ !!

هەق و ڕاستی دانەواندو فزەیان لێ بڕا .

بەڵێ لەڕاستیدا بۆ هەڵسەنگاندن و نرخاندنی هەر بیردۆزەو بیروباوەڕێک و پەی بردن بە شکست یان سەرکەوتنی ، چاکترین و نیزیکترین ڕێگا ئەوەیە کە سەرنج بدرێ داخوا لەشوێنی لەدایک بوونیو لە هەرەتی لاوی و پێگەیشتنیدا چۆن بووەو چی کردوە !

جا ئەگەر بەو چاوەی کە گوتمان سەیری دیموکراسی بکەین و ، بەو پێوەرە بیپێوین و لە مەحەکی بدەین بە کەلێک ئەنجامی گرنگ و سەرسووڕهێنەر دەگەین :

یەک : دوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم بەمەبەستی وڵات داگیرکردن و بازاڕ گەرمکردن و کارگە وەگەڕخستن ، کە زیاتر لە (٧٠) ملیۆن کەسیان تێدا بوونە سووتەمەنی !

دوو : چەندان جەنگ و هەرا نانەوەی وەک : ڤێتنام ، ئەفغانستان ، عێراق و ئێران ... کە جگە لە قەڵاچوکردنی خەڵکی بێ تاوان و خێراتر کارکردنی کارگەو فابریقەخانەی چەکە کوشندەکان هیچ بەرهەمێکی دیکەیان نەبوو .

سێ : هێشتنەوەو چارەسەرنەکردنی چەند گیروگرفت و کێشەیەکی گرچووبڕ کە ئەگەر دەوڵەتە دیموکراسییەکان ! بیانەوێ بەئاسانی چارەسەر دەکرێن ، بۆ وێنە : کێشەی گەلی کورد ، فەلەستین ، کشمیر ... هتد .

چوار : دزین و بردنی خێروبێرو چاکترین شتی وڵاتانی ئەو خەڵکەی ناویان لێ ناون جیهانی سێیەم و ، لەباتی ئەوە ناردنی شەڕو خرابەو زیان بەخشترین شتی خۆیان وەک : بیردۆزە پووچ و ژەنگاوییە ماددییەکان ، خوو و نەریتە گەندەڵ و پووچەکان ، کیمیایی و چەکە کوشندەکان ، سەربارەش نەخشەو پیلانە گڵاوەکان بۆ ئەو طاغووت و دیکتاتۆرە کارتۆنییە بەکرێ گیراوانەی کە وەک داشی دامە وان بەدەستیانەوە !

پێنج : نزم‌بوونەوەو دابەزینی ئاستی لایەنە ئینسانیو مەعنەوی یەکانی مرۆڤو، پەرەستاندنی خووە شەیتانیو ئاژەڵی‌یەکان و دەگمەن بوونی ڕەوشتە بەرزەکان و ، بەڕەسمیو قانوونی دان پێداهێنانی زینا ، نێربازی ، مەی خۆری ، قومار ، سوودخۆری .. هتد .
کە لە ئەنجامی ئەو بێ ڕەوشتیو تاوان و خراپانەدا دەیان نەخۆشی دەروونیو عەقڵیو کۆمەڵایەتیو جەستەیی .. سەرتاپای وڵاتیان تەنیوەتەوە ، کە خۆکوژی (إنتحار) و شێتیو دڵەڕاوکەو نائارامیو هەستکردن بەتەنیاییو بەپووچو بێ حیکمەت لەقەڵەم دانی ژیان و ئایدزو ... هتد چەند نموونەیەکن لەو نەخۆشیانە .
جا لەڕاستیدا ئەگەر بمەوێ هەموو ئەو خراپەو ئاشووبو ناخۆشیو نەخۆشیو پیسیو گەندەڵی‌یەی کە لەسایەی ڕژێمی دیموکراسیدا وڵاتە نامسوڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا بەتایبەتیو سەرتاپای جیهانی بەگشتی گرتۆتەوە پێویستە چەند بەرگ کتێبی قەبە بنووسم ، بۆیە بەوەندە وازدێنمو خوێنەری بەڕێز حەواڵەی ئەو کتێبو سەرچاوانە دەکەم کە تەرخان کراون بۆو جۆرە بابەتانە . (١)
ئنجا خوێنەری بەڕێز دەتوانین بەئاسانی وەڵامی پرسیاری (لەڕێ ی دیموکراسیو پەرلەمانەوە دەگەینە چی ؟!) بدەینەوەو بەڕاشکاوی بڵێین :
ئەگەر گریمان زۆر خاوەن بەختو چارە بین و وەک ئەورووپی و ئەمریکایی‌یەکان بتوانین لەگەڵ (دیموکراسی) دا ڕاستبکەین و

---

(١) بۆ وێنە سەرنجی (الأنسان ذلک المجهول) ی آلکسیس کارل و (إنسانیة الانسان نقد علمي للحضارة الغربیة) ی رینیه دوبو بدە ، کە هەردووکیان خاوەنی پاداشتی نۆبڵن ، هەروەها کتێبی (مصیر البشریة) ی لیکونتدی نوی و (أمریکا التي رأیت) ی سید قطب و (بیرۆیسترۆیکا) ی گۆرباتشۆف .

چاک بەڕێوەی بەرین ، ئەوپەڕی ئەوپەڕی دەگەینە هەمان ئەنجام و بەرهەمی (دڵگیرو شیرین) کە خەڵکی ئەو شوێنانە پێی گەیشتووەو وەک مستێک لە جەوالێک لەو پێنج خاڵانەدا کە ڕابردن شتێکمان لێ خستەڕوو !!

ئەمە لەلایەکەوەو لەلایەکی دیکەشەوە ئایا ئێمە وەک گەلێکی مسوڵمان کە خوا خستوویینیە سەر ڕاستە شەقامی خۆی و لە ئیمان و ئیسلام بەهرەمەندی کردووین و بەرنامەو پەیڕەوی تێروتەواوی ئیسلاممان لەبەردەستدایەو، ئەو بەهاتەیەشمان نیە کە ئەورووپیو ئەمریکیەکان کاتی خۆی هەیان بووە - نەک ئێستا - کە ئایینێکی ڕاست و ساغیان نیە ، بۆمان هەیە لە ڕووناکیەوە بەرەو تاریکیو لە زانیاریەوە بەرەو نەزانیو ، لە تێگەیشتنەوە بەرەو نەفامی بگەڕێینەوە ؟!

نەخێر چونکە خوای پەروەردگارمان پێمان دەفەرموێ : (ثم جعلناك علي شريعة مِنَ الأمر فَاتَّبِعْها ولاتَتَّبِعْ أهواء الذين لايعلمون) .(1) الجاثية / ١٨ .

ئێستاش کاتی ئەوە هاتوە کە بچینە سەر بەشی چوارەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەو بەڕاشکاوی و بێ پەردەو تەمومژ هەڵوێستی ئیسلام سەبارەت بە دیموکراسیو پەرلەمان بخەینەڕوو و ڕابگەیەنین ، (لِيَهلكَ مَن هلَكَ عن بيِّنة ويحيٰ مَنْ حيَّ عن بيِّنة) الأنفال /٤٢ .

تێبینی : لە بەشی پێنجەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا (ئیمان چارەی دەردی کورد دەکات نەک پەرلەمان) ئەو مەسەلەیە ڕوون دەکەینەوە کە چۆن دیموکراسیو پەرلەمان لەئاقار چارەسەرکردنی کێشەی ڕەوای کورددا دەستەپاچەو کلۆڵن و هیچیان لەدەست نایەت .

---

(1) واتە : دوایی تۆمان خستە سەر بەرنامەیەک لە ئایین ، دە شوێنی وی بکەوەو، مەکەوە دوای ئارەزووی ئەو ، کە نازانن !

بەشی چوارەم
دیموکراسی لە تەرازووی ئیسلام دا

خوێنەری خۆشەویست !

هەرچەندە ئێمە لەم بەشەدا بەس دەمانەوێ حوکم و هەڵوێستی ئیسلام لەبارەی دیموکراسی و پەرلەمانەوە بخەینەڕوو، بەڵام بەپێویستی دەزانم بەرلەوەی بچینە سەر ئەسڵی مەبەست ڕوونکردنەوەیەکی گرنگ دەربارەی حەقیقەت و ماهیەتی دیموکراسی بخەمە پێش چاو :

وشەیەکی بریقەدار و بۆش

بەڵێ لەڕاستیدا وشەی (دیموکراسی) کە ئێستا ـ بەتایبەتی پاش هەرەس هێنانی دەوڵەتە کۆمۆنیستەکان ـ بۆتە بنێشتە شینکەی سەر زاری خەڵکی و لە گەلی ئێمەیان کردۆتە (حەوت دەرمانە) و سەدو یەک شاخ و باڵی لێ دەنێن، هەرکەسێک ئازادانە بیربکاتەوەو هەق و ناهەقان لێک بکاتەوە دەزانێ کە جگە لە وشەیەکی بریقەدار و بۆش چیدی نیە .

وە لەڕاستیدا وشەی ناوبراو بۆ مرۆڤایەتی ئەم ڕۆژگارە کە لەسۆنگەی دوورەپەرێزی و بێ بەش بوونی لە هیدایەت و بەرنامەی خواوە زۆر لەمێژە بەدەست ڕژێمە دیکتاتۆرەکان ـ بە زاراوی ئیسلام تەفامی و طاغووتیەکان ـ ەوە دەتلێتەوەو لەسایەی زەبوونی و کۆیلایەتیەک کە لە بیابانی ئیشک و گەرمی (شارستانەتی ماددی !!) دا گیرۆدەی بووە ، لە هەموو وشەیەکی تر شیرینترو

سەرنج ڕاکێشترە ، جا دەبێ چ شتێک بۆ گەلێکی چەوساوەو ژێرچەپۆک لەوە خۆشتر بێ کە ئازادو ڕزگار بێو سەربەخۆیی وەدەست بێنێ بەهۆی (حوکمی گەل بۆ گەل) ەوە کە ڕژێمی دیموکراسی بە دیاری بۆیان دێنێ ؟!!

بەڵام ئایا بەڕاستی وشەی گۆڕین نێوەڕۆکیشی وەک ناوی وایەو (ظاهر و باطن) ی وەک یەکن ؟!

ئەوە لەم دوو خاڵەدا بەکورتی ڕوونی دەکەینەوە :

یەکەم:ئایا دیموکراسی حوکمی گەلە بۆ گەل ؟!

دەڵێین نەخێر ، چونکە :

تەنیا کۆمەڵگایەک لەڕێ ی دیموکراسییەوە بەرنامەو ڕژێمی ژیان و گوزەرانی هەڵدەبژێرێ کە بڕوای بە ئایین نەبێ – وەک بەرنامەی ژین – ، دیارە هەر گەل و کۆمەڵێکیش (دین) ژیانیان ئاراستە نەکات حەتمەن دەکەونە ژێر ڕکێفی هەواو ئارەزوو و داخوازی یەکانی نەفسی بەدەوەو ئەمیش (لأمّارة بالسوء) ، ئیدی سەرەنجام بەها (قِیَم) و پێوەرە ماددی یەکان بەسەر هەستو نەستو بیرو هۆشی خەڵکەکەدا زاڵ دەبن و، لە واقیعێکی ئاواشدا زیاتر کەسانێک دەبنە جێی سەرنجو ئومێدو هیواو دڵ پێ خۆشکردنی خەڵکی کە گیرفانیان پڕترو پارەویان چەورترو زمانیان لووسترە !

کەواتە پەرلەمانێک کە لەژێر سایەی ڕژێمێکی دیموکراسی دا هەڵدەبژێرێ بەشی زۆریان ئەوانەن کە بەشێوەیەک لە شێوە ماددی یەکان توانیویانە زیاتر کاربکەنە سەر هەستو نەست و بیروڕای خەڵکی .

ئنجا ئەگەر سەرنجی واقیعی کۆمەڵگاو دەوڵەتە ماددی یەکان

بدەین و، وردیش بین بۆ پەی بردن بەو پەنجە نهێنییانەی کە بەهۆی پارەو سامان و ماددەوە سیاسەتی جیهانی ئاراستە دەکەن و دەی جوولێنن، زۆر چاک دڵنیا دەبین کە وشەی (حوکمی گەل بۆ گەل) لە وشەیەکی بریقەدارو بۆش بەولاوە چیدی نیە .

ئنجا ئەمە هەمووی سەبارەت بەو ڕژێم و دەوڵەتانە کە لەگەڵ دیموکڕاسیدا ڕاستدەکەن، بەڵام ئەگەر ئەو ڕژێمانە بکەینە جێی سەرنج کە زیاتر وەک درووشمێک سوود لە دیموکڕاسی وەردەگرن ئەوە دەبینین کە ڕاست ئەو پەندە کوردی یە بەسەر دیموکڕاسی دا دەچەسپێ کە دەڵێ (بووکمان گەلێک جوان بوو، بالووکەشی لە لێوی هات !!) .

مەسەلەی سەرکەوتنی (بەرەی ئیسلامی ڕزگاریخوازی جەزائیر) یش لەڕێ ی هەڵبژاردنی دیموکڕاسییانەوەو پاشان سەرکوت کردنی و دەست لێوەشاندنی هەر بەناوی دیموکڕاسی و بەرژەوەندی گەل و وڵاتیشەوە !! چاکترین نموونەی ئەو جۆرە دیموکڕاسییەیە .
کەواتە :

نەخێر دیموکڕاسی (حوکمی گەل بۆ گەل) نیە ، بەڵکو حوکمی کۆمەڵێک خەڵکی ساماندارو زمان لووس و تەڕدەست و خاوەن توانایە لە مەیدانی پڕوپاگەندەکردن و فریودان و سەرنج ڕاکێشانی جەماوەردا ، بەسەر گەل دا .

دووەم : ئایا دەگونجێ گەل بۆخۆی بەرنامەی ژیانی دابنێ ؟!

دەڵێین نەخێر ، چونکە :

أ- ئینسان تەنیا بەحوکمی عەقڵ و زانست بەڕێوە ناچێ ، بەڵکو هەست و نەست و ئارەزووەکانیشی ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە ئاراستە کردن و بەڕێوەچوونیدا ، وە بەس لەکاتێکدا مرۆڤ دەتوانێ جڵەوی نەفس و ئارەزووەکانی توند بکات و خۆی کۆنترۆڵ (ضبط) بکات کە خوا بناسێ و بڕوایەکی ڕاست و ساغی هەبێ (وأما مَن خافَ مقامَ

رَبِّهِ وَنَهى النفسَ عنِ الهَوىٰ ...) النازعات / ٤٠ .

ئنجا دیارە خەڵکێک کە دیموکڕاسی دەکەنە بەرنامەی ژیانیان و پەرلەمان لەجیاتی خوا دەپەرستن ـ وەک دوایی ڕوونی دەکەینەوە ـ بڕوایان نامێنێ و نەفس و شەیتان تەواو بەسەریان دا زاڵ دەبێ و چرای عەقڵ و هۆشیان بە ڕەشەبای نەفس و ئارەزووەکانی ئەگەر نەشکوژێتەوە تەواو خەفەو بێ شۆق دەبێ .

ب ـ ئینسان ـ مرۆڤ ـ بە تاک و کۆمەڵی یەوە ـ هەرچەندە زاناو دانا بێ ، زۆر لەوە کەمترە کە بتوانێ پەیڕەوو بەرنامەی ژیانی دابنێ ، چونکە ئینسان لە ژیانی دنیای دا پەیوەندی بەخۆی و خەڵک و خواو دەوروبەری یەوە هەیەو ، ئەو پەیڕەوەی کە ژیانی ڕێک دەخات پێویستە لە سەرچاوەیەکەوە بێت کە زانیاری و شارەزایی تەواوی دەربارەی هەرچواریان هەبێ ، دەنا ناتوانێ جۆرو چۆنیەتی ئەو پەیوەندی یانە لەسەر بنچینەیەکی ڕاست و حەقیقی بنیات بنێ، ئاشکراشە کە جگە لە خوای پەروەردگار هیچ سەرچاوەیەکی دیکە نیە ئەوەی لەتوانادا بێ .

حەزیش دەکەم هەموو ئەوانەی بە مستە ئاوێکی زانست کەوتوونە مەلەو پێیان وایە ئینسان ڕازو نهێنی و مەتەڵی هەموو شتەکانی زانیوە ، سەرنجێکی وردو قووڵی کتێبی (الأنسان ذلك المجهول) ی آلکسیس کارل[1] بدەن تاکو تۆزێک بێنەوە سەرخۆ !

ئێستاش کاتی ئەوە هاتوە بچینە خزمەت دەقەکانی ئیسلام و بزانین دیموکڕاسی لە بەرنامەی خوادا چۆنەو چ حوکمێکی بەسەردا دەدات !

---

(١) ئەم نووسەرە کابرایەکی فەرەنسی یەو کتێبەکەشی هەر بەو زمانە نووسیوەو پاشان وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عارەبی .

حوكمی ئیسلام دەربارەی دیموكڕاسی

وای بەچاك دەزانم بۆ ئاسان بوون و زیاتر ڕوون بوونەوەی ئەم مەسەلە گرنگە لەچەند خاڵێكدا بیخەمەڕوو :

یەكەم : زەقترین شت كە لە دیموكڕاسیدا دێتەبەرچاو ئەوەیە كە لەسەر بنچینەی بڕوا پێ نەبوون و لەبەرچاو نەگرتنی خوا ـجل جلالە ـ دامەزراوە ، واتە هەرچەندە بەڕواڵەت دیموكڕاسی هەقی بوون و نەبوونی خوای نیە ، بەڵام لەڕاستیدا بەزمانی هەڵوێست و ڕەفتار بە نەبووی حسێب كردوە ، كەواتە (دیموكڕاسی جۆرێكە لە جۆرەكانی بێ بڕوایی) .

هەڵبەتە كەسێكیش هیچ حیساب بۆ خوا نەكات حەوجار حەوجار حیساب بۆ ئەو مەسەلانە ناكات كە لەو ئەسڵ و بنچینە مەزنەوە سەرچاوەیان گرتوە ، وەك بڕوا بەڕۆژی دوایی و پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام و ... هتد .

دووەم : مادام دیموكڕاسی جێدار (بدیل) ی دین بێ ، كەواتە هەرچی كۆڕی پەرلەمان بڕیاری لەسەرداو پێی پەسند بوو ، ئەوە دەبێتە یاسا (قانون) و جێگای بڕیارەكانی شەرع دەگرێتەوە . (١)

سێیەم : مادام هەرچی پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات ڕەت كردنەوەی نەبێ و یاسایەك بێ هیچ كەس توانای سەرپێچی لێی نەبێ و لەسەری سزا بدرێ ، كەواتە : پەرلەمانی هەڵبژێرراو و پەسندكراو

---

(١) بۆ وێنە : ئەگەر هات و سبەینێ لە كوردستان دا لەسەر بنچینەی دیموكراسی پەرلەمانێك دروست بوو و زۆربەی ئەندامانی ئەو پەرلەمانە بڕیاریان دا ـ وەك لە وڵاتانی ڕۆژئاوا باوە ـ زینا و مەی خۆری و قومار و سوودخۆری و ... هتد بەگوناح و تاوان دانەنرێن ، نابێ هیچ كەس لەسەر ئەو جۆرە ڕەفتارانە بە تاوانبار دابنرێ و هەر گلەییشی لێ بكرێ چ جای سزا بدرێ ، چونكە پەرلەمان بڕیاری داوە !!

فەرمانیەری بۆکراو لەلایەن گەلەوە کراوە بە بتێک کە لەجیاتی خوا بەندایەتی بۆ دەکرێ و دەپەرسترێ بەهەموو مەعنای وشەی پەرستن !!

چوارەم : ئەمەش چەند دەقێک لەوبارەوە کە حوکم و بەرنامەدانان و حەڵاڵ کردن و حەرامکردن و ئاراستە (تَوجیه) کردنی تاک و کۆمەڵ بەسەهەقی خوای پەروەردگارەو تەنیا ئەو زاتە بەرزو مەزن و بێ هاوتایەش شایستەیی ئەوەی هەیە :

أ- (أَفَحُكمَ الجاهليةِ يَبغون ؟ ومَنْ أحسنُ مِنَ الله حُكماً لِقَومٍ يُوقنون) المائدة / ٥٠ .

ب- (أَمْ لَهُم شركاءَ شرعوا لَهُم مِنَ الدينِ ما لَمْ يأذن به الله ..) الشورى / ٢١ .

ج- (.. إِنِ الحُكمُ إِلاّ لله أمر ألّا تعبدوا إِلاّ إياه ذلك الدين القيم ولكن اكثر الناس لايعلمون) يوسف / ٤٠ .

د- (ثم جعلناك على شريعةٍ مِنَ الأمر فاتبعها ولاتتبع أهواء الذين لايعلمون) الجاثية / ١٨ .

هـ- فلا وربك لايومنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم ثم لايجدوا في أنفسهم حرجاً مما قَضَيْتَ ويُسلّموا تَسليماً) النساء / ٦٥ .

و- (.. ومَن لَم يحكُم بما أنزل اللهُ فأُولئك هُمُ الكافرون ... الظالمون ..... الفاسقون) المائدة /٤٤ ، ٤٥ ، ٤٧ .

ز- (عَدي) کوڕی حاتەمی طائی دەگێڕێتەوە دەڵێ ڕۆژێکی چوومە خزمەت پێغەمبەر عليه الصلاة والسلام گوێم لێ بوو ئەم ئایەتەی دەخوێند :(إِتّخذوا أحبارَهم ورَهبانَهم أرباباً مِن دونِ الله والمسيح ابن مريم وما أُمِروا إِلاّ لِيَعبدوا إِلهاً واحداً سبحانه عما يشركون)(١) التوبة/٣١

---

(١) واتە : جوولەکەو دیانەکان زاناو ڕاهیبەکانیان و مەسیحی کوڕی مەریەمیان لەجیاتی خوا کردنە پەروەردگاری خۆیان ، هەرچەندە فەرمانیشیان پێ کرابوو کە جگە لە یەک خوا کەس نەپەرستن ، پاکی بۆخوا لەوەی دەیکەنە هاوبەشی .

منیش گوتم : ئەی پێغەمبەری خوا ـ جوولەکەو دیانەکان ـ زانا و گۆشەنشینەکانی خۆیانیان نەدەپەرست ؛ فەرمووی : ئایا حەڵاڵیان لێ حەرام نەدەکردن و حەرامیان بۆ حەڵاڵ نەدەکردن و ئەوانیش ـ واتە خەڵکەکە ـ شوێنیان نەدەکەوتن ؟ ؛ گوتم : با ، فەرمووی : دە ئەوە پەرستنیانە بۆ وان .

کەواتە :

پوختەی قسان ئەوەیە کە (دیموکراسی) یش وەک هەموو بەرنامەو رێچکە مرۆڤکردەکانی دیکە خەت و رێبازێکە لەئاقار بەرنامەو رێبازی خوادا و ، شێوەیەکە لە شێوەکانی بەرێوەبردنی ژیان و گوزەران کە زادەی بیرو هۆشی ئینسانە و ، دەیەوێ دوور لە ئاراستەو رێ ڕوونی خوا ژیانی ئینسان بەرێوە ببات ، دیارە هەموو حوکم و پەیڕەوێکیش جگە لەوەی کە لە خوای پەروەردگارەوە بۆ مرۆڤایەتی هاتوە بە حوکمی طاغووت و رژێمی نەفامیی (حُكْم الجاهلية) لەقەڵەم دەدرێ .

کەوابێ :

هەرکەسێک بڕوا بە دیموکراسی ـ یان هەر بیردۆزەیەکی دیکەی زادەی مرۆڤ ـ بێنێ مانای وایە فڕی بەسەر ئیسلامەوە نامێنێ و شایەتمان (أشهد أن لا إله إلاّ الله وأنّ محمداً رسول الله) ەکەی هەڵوەشاوەتەوە ،(1) لەبەرئەوەی کە بە قبووڵ کردنی دیموکراسی بە بەرنامەی ژیان ، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بڕوا و پابەندی بە هەرکام لە دوو لایەنی بیروباوەڕو بەرنامە (العقيدة والشريعة) ی ئیسلام لەبەین دەچن و هەڵدەوەشێنەوە ، چونکە

---

(1) دیارە ئەم حوکمە سەبارەت بە کەسانێکە کە لەرووی زانیاری و تێگەیشتن و بڕوا پێ بوونێکی هۆشیارانەوە شوێن ئەو بیردۆزانە دەکەون ، نەک لەرووی سادەیی و شوێن کەوتنی کوێرانەوە .

دیموکراسیو بەرلەمانێک کە لێی پەیدا دەبێ دەبن بە جێ دار (بدیل) ی هەردووکیان ، دیسان هەر دڵ و مێشکێک بەڕاستی بڕوابوون بە خواو پێغەمبەری و بەرنامەکەی تێدا سەقامگیر بووبێ بڕواهێنان بە دیموکراسی ناتوانێ جێگای خۆیان تێدا بکاتەوە .

چەند ڕوونکردنەوەیەکی پێویست بەکورتی

١- ئێمە کە دژی دیموکراسیین وەک بەرنامەی ژیان ، وەنەبێ حەز لە چارەی دیکتاتۆریەت بکەین ، بەڵکو وەک پێشتر گوتمان دیموکراسی لە هەموو ڕژێمە مرۆڤکردەکان ویجووتر و لەبارترە، وە بە پێچەوانەی حاڵی بوونی گەلێک کەسەوە جێدار (بدیل) ی دیموکراسی بەس دیکتاتۆریەت نیە ، بەڵکو بەرنامەی خوای زاناو کاربەجێیە .

کەواتە ، ئێمە چەندە دژی دیموکراسیین وەک بەدیلی دین ، حەوت هێندەش دژی دیکتاتۆریین کە بەدیلی ڕاوێژ (شوریٰ) یە .

٢- ئێمەی مسوڵمان ڕاوێژ (شوریٰ) مان هەیە کە بەشێکە لە ئیمانمان لەجیاتی پەرلەمان کە بتێکە لەجیاتی خوا دەپەرسترێ .

٣- دیموکراسی بەناوی ئازادی یەوە مرۆڤ بەرەڵدا دەکات و، سنووری عەقڵ و شەرع و سروشتی (فطرة) ی بێ دەشکێنێ، واتە لەسایەی دیموکراسیدا ئینسان جگە لە پابەندی ی بە فەرمان و بڕیارەکانی پەرلەمانەوە لە هەموو قەیدو مەرجێکی تر ئازادو سەربەستە ، بەڵام ئیسلام دەڵێ ئینسان بەندەی خوایە نەک پەرلەمان و پێویستە پابەندی شەرعی خوا بێت و لە جوغزی ئەو بەرنامەیەدا ئازاد بێت، ئەگەر نا لە (ئازاد) دەشۆرێ و دەبێتە (بەرەڵدا) !!

وە لەکۆتاییدا :

ئایا دروستە مسوڵمان بەشداری پەرلەمان بکات ؟!

سەرەتا ـ بەرلەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە ـ بەپێویستی دەزانم تەمومژی بۆچوون (تصور)ێکی هەڵە بڕەوێنینەوە :

کەسانێک کە وەک پێویست لە مەسەلەی (دیموکراسی) تێگەیشتوون و بە ڕەگ و ڕیشەی دا نەچوونەخوار ، پێیان وایە کە دیموکراسی بەس بریتیە لە ئازادی ی دەربڕینی بیروڕاو، پەرلەمانیش هاو واتا (مُرادف) ی (شوریٰ) یەو ئاوێ بێنەو دەستان بشۆ !!

بەڵام لەڕاستیدا وا نیە ، نە دیموکراسی بەس (حرية التعبير عن الرأي) یەو ، نە پەرلەمانیش هاو مەعنای (شوری) یە ، جارێ دەربارەی مەعناو چەمکی دیموکراسی پێم وایە هێندەمان تویێژیوەتەوە حەوجێ بە دووپاتکردنەوە ناکات ، بەڵام لەبارەی جیاوازی نێوان پەرلەمانی نائیسلامیو (شوری) ی ئیسلامی هەر بەکورتی دەڵێم :

یەکەم : ڕاوێژ (شوری) لەئیسلامدا یەکێکە لە یاساو بنچینەو پێکهێنەرەکانی ،[1] بەڵام پەرلەمان هیچ پەیوەندی بەئیسلامەوە نیەو ڕۆڵەو جگەرگۆشەی دیموکراسی یە .

دووەم : جۆرو چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان و (شوری) لێک جیایە ، چونکە ئەو کەسەی کە هەڵدەبژێررێ بۆ ئەندامەتی کۆڕی ڕاوێژ (مجلس الشوری) ی ئیسلامی دەبێ لە شێوازو چۆنیەتی هەڵبژاردنەکەی دا ئاداب و سنوورەکانی شەریعەت ڕەچاو بکرێن ، بەڵام بابای پەرلەمانی بەپێچەوانەوە ئازادو بێ بەندوبارە .

---

(١) بۆ وێنە خوای بەرز فەرموویەتی :(... والذين استجابوا لربهم واقاموا الصلاة وأمرهم شورى بينهم ومما رزقناهم ينفقون) . الشورى / ٣٨ . ، وەکدەبینین (شوری)لەنێوان نوێژو زەکاتدا هاتوە !

سێیەم : وەک پێشتر ڕوونمان کردەوە پەرلەمان بەمەبەستی بەرنامە دانان ـ بەمەعنای موتڵەقی ئەم وشەیە ـ هەڵدەبژێررێ ، واتە بەکورتیو بەکوردی (خوایەتی کردن بەسەر خەڵکدا) ، بەڵام کۆڕی ڕاوێژی ئیسلامی ئەرک و کارەکەی لە دوو شتاندا کورت هەڵدێ :

أ ـ چەسپاندنی ئەو حوکمو بڕیارە شەرعیانەی کە دەقەکانی قورئان و سوننەت دەلالەتیان لەسەر دەکەن .

ب ـ ڕوونکردنەوەو هەڵهێنجانی هەندێک یاساو بڕیاری شەرعی کە کۆمەڵگا بۆ ڕێکخستنی ژیان و گوزەرانی پێویستی پێیان هەیە ، لەبەر تیشکی قورئان و سوننەتدا ، ئەم کارەش پێی دەگوترێ کۆشش کردن بۆ هەڵهێنجانی یاساکانی شەرع ، بەکورتی (الأجتهاد والأستنباط) .

کەواتە :

ئەرکی پەرلەمان بریتیە لە یاسادانان (التشریع) بەبێ پرس کردن بەخواو پێغەمبەرەکەی علیه الصلاة والسلام و بەرنامەی خوا !

بەڵام ئەرکی کۆڕی ڕاوێژی ئیسلامی بریتیە لە پابەندی ی موو بەموو بە فەرمان و بڕیارەکانی خواو پێغەمبەرەوە ، وە تاقە (ماف)ێک کە پێی دراوە بریتیە لە ڕوونکردنەوەو هەڵهێنجانی ئەو یاساو بڕیارانەی کە جەماوەر توانای تێگەیشتن و وەرگرتنیانی نیە ، (... فاسألوا أهلَ الذكر إن كنتم لاتعلمون) النحل / ٤٣ .

دیارە هەرکەسێکیش لەخۆی نەگۆڕێ دەزانێ کە یاسادانان (تشریع) لەلایەکەوەو چەسپاندن و ڕوونکردنەوە (تثبیت و توضیح) ی یاساکانی شەرع لەلایەکی دیکەوە ، هێندەی هەق و ناهەق لێک دوورن .

جا ئێستا وەڵامی پرسیاری (ئایا دروستە مسوڵمان بەشداری ی پەرلەمان بکات ؟!) زۆر ئاسان بووە ، بۆیە هەروا بەکورتی دەڵێین :

ئەوەی کە لە باسەکانی پێشوو بێ پێچوپەنا دەفامرێتەوە ئەوەیە کە چوونە نێو پەرلەمان و بەشداری تێداکردنی شتێکی حەرام و قەدەغەیە ، چونکە بەشداری کردنە لە داتانی دین و بەرنامەی ژیان دا ، کە ئەمەش بەس لەخوا دەوەشێتەوەو هەر لەتوانای ئەویش دایە ئەو کارە بکات ، بەڵکو لەمەش خراپتر بەشداری کردن لە پەرلەمان دا بریتیە لە دان پێداهێنانی خوایەتی (ألوهیة) ی بتێکی ساختە کە تایبەتی ترین ئەرکی خوایەتی بەسەر خەڵکی دا ئەنجام دەدات کە بەرنامەڕێژی و ئاراستەکردنە .

بەڵێ بەڕاشکاوی و بێ پەردە ڕای دەگەیەنین کە چوونە نێو پەرلەمان بۆ مرۆڤی مسوڵمان حەرام و قەدەغەیە ، بەڵکو ئەگەر بڕوای بە هەقێتیی و شەرعی یەتی ئەو پەرلەمانە هەبێ - مەگەر جۆن - دەنا فڕی بەسەر ئیسلامەوە نامێنێ و یەکجاری دەچێتە خانەی کوفرەوە .

ئنجا ئەگەر یەکێک بپرسێ : ئاشە لەهیچ حاڵەتێکدا مسوڵمان هەر بۆی نیە بەشداری پەرلەمان بکات ؟!

لەوەڵامدا دەڵێین :

هەرچەندە لە ئەسڵدا چوونە نێو پەرلەمان حەرام و قەدەغەیە بەڵام بەپێی یاسای (الضرورات تبیح المحظورات) واتە : حاڵەتە ناچاری یەکان حەرام موباح دەکەن ، ئەگەر هات و بانگەوازکردن و تێگەیاندنی خەڵکی پەکی لەسەر ئەوە کەوت کە لەو پەرلەمانەدا دەنگی ئیسلام هەبێ ، تاکو بەڵگە لەسەر خەڵکی تەواو بکرێ و ،(1) ئەو کۆمەڵە کە بە حیساب هەڵبژاردەی خەڵکەکەن پەیامی ئاشکرا (البلاغ المبین) یان پێ ڕابگات تاکو عوزرو بیانوویان نەمێنێ ، یان ئەگەر هات و فەرمان بەچاکەو ڕێگرتن لە خراپە (الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر) پەکی لەسەر ئەوە کەوت کە لەو

---

(1) . (لِيَتِمَّ الحُجَّةُ على الناس)

شوێنەدا کەسانێک هەبن بۆ پشتگیری کردنی شتی هەق و شەرعی و ناڕەزایی دەربڕین بەرانبەر شتی هەڵەو ناشەرعی ، ئەوە لەم دوو حاڵەتە هەڵاوێرراو (إستثنائی) ەدا - یان هەر حاڵەتێکی دیکەی وەک وان - لەبەر ناچاری و پێویستیی چوونە نێو پەرلەمان موباحو دروستە ، بەمەرجێک گومانی زیاتر بەلای ئەوەدا بچێ کە ئەو بەرژەوەندی و مەبەستانەی بۆیان دەچێتە ئەو شوێنە دێنەدی .
کەواتە :

ئەو مسوڵمانەی کە دەچێتە پەرلەمانێکەوە تاکو لەوێدا ئەرکی بانگەوازکردنی خەڵک بۆلای خوا ، یان ئەرکی فەرمان بەچاکەو ڕێگرتن لە خراپە ئەنجام بدات ،[1] ئومێد وایە نەک هەر گوناحبار نەبێ ، بەڵکو بەئەندازەی ئیخلاص و پەرێزی چاکیی خێرو پاداشتیشی بۆ بنووسرێ ، بەڵام پێویستە بەخەڵکی ڕابگەیەنێ کە حوکمی ئەو پەرلەمانە لەڕوانگەی ئیسلامەوە چۆنەو ، ئەویش بە چ نیازو مەبەستێک دەچێ ، تاکو بەهەڵەدا نەچن و سەریان لێ نەشێوێ .

وە ڕەنگە پێویست بە ڕوونکردنەوەو لەسەر ڕۆیشتنیش نەکات کە پەرلەمان نەک هەر بەدیلی بانگەوازو پەروەردەو تێگەیاندن و ڕێکخستن و خەباتی فیکری و سیاسیو چەکداری نیە ، بەڵکو هەر ڕێگای سروشتیی وەدەستهێنانی حوکمڕانیش نیەو قەت نابێ مسوڵمان بەهیوابن لەڕێی پەرلەمانەوە بگەنە کورسی حوکم ، بەڵکو تاقە ڕێگای هێنانەدی حوکمی ئیسلامیی بریتیە لە گۆڕینی کۆمەڵگا بەهەموو شێوازو پێداویستیەکانی ئەو کارە هەر لە بانگەوازو تێگەیاندن و

---

(١) دیارە ئەو کەسانەشکە بەهەمان پاڵنەرو نیازو مەبەست ئەو جۆرە کەسانە هەڵبژێرن و دەنگیان بۆ بدەن ، هەڵوێستی وانیش هەمان حوکمی ناوبراوی هەیە .

بەروەردەکردن و ڕێکخستنەوە بگرە .. هەتا دەگاتە دوا قۆناغ و لووتکەی هەرە بەرزی ئەو جیهادو کارە بەرزو پیرۆزە کە جەنگ کردن و خەباتی چەکدارانەیە

بەشی پێنجەم
ئیمان چارەی دەردی کورد دەکات نەک پەرلەمان

خوێنەری بەڕێز !

ئەم بەشە ـ کە بەشێکی زۆر گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە ـ لە چوار خاڵاندا دەخەینەڕوو :

یەکەم : ئیمان چی یە ؟! دووەم : ئیمان تاقە بناغەی پتەوی پەیدابوونی یەندایەتیو برابوون و ڕاوێژو مەرکەزی بوونی کۆمەڵگایە ، سێیەم : کیان و قەوارەی شەرعیی بەرهەمی مسۆگەری ئیمانێکی ڕاستو ساغە ، چوارەم : بۆچی پەرلەمان چارەی دەردی .. کوردی پێ ناکرێ ؟!

یەکەم : ئیمان (بڕوا) چی یە ؟! (١)

ئیمان بریتیە لە جێگیربوون و دامەزرانی خواناسی (معرفة الله) و هەموو ئەو مەسەلانەی کە پێیەوە پەیوەستن لە عەقڵ و دڵ دا .

یان :

ئیمان بریتیە لە تێگەیشتن و قەناعەت پێهێنان و هەزم کردنی هەموو ئەو ڕاستیانەی کە خوا سبحانه وتعالی بۆ (محمد) صلی

---

(١) لێکۆڵینەوەو توێژینەوە دەربارەی پێناسەکردن و ڕوونکردنەوەی واتاو چەمکی (إیمان) ، ئاڵقەی پێنجەمی زنجیرەی : (با چاکتر ئیسلام بناسین !) ەو چاوەڕێی (چاپ) ە .

الله عليه وسلم دوايين پێغەمبەری خۆی ناردوون .
وەک تێبینی دەکرێ من لە هیچ کام لەم دوو پێناسەیەی سەرەوەدا باسی کردەوە (عمل) م نەکردوە ، دیارە هۆی ئەمەش ئەوە نیە کە پێم وابێ کردەوە بەشێکی ئیمان نیە ، چونکە جەماوەرو زۆربەی هەرە زۆری زانایانی ئیسلام ڕایان وایە کە (الأیمان هو الأذعان بالجنان والأقرار باللسان والعمل بالأرکان) واتە : (بڕوا قەناعەت هێنانە بەدڵ و دەروون و دان پێداهێنانە بە زمان و کردەوەیە بە ئەندامەکان) ، بەڵکو من بۆیە بەپێویستم نەزانی کە لەکاتی پێناسەکردنی ئیمان دا باسی کردەوە بکەم ، چونکە لەڕاستیدا هیچ کاتێک ناگونجێ بڕوای ڕاست و ساغ هەبێ و کردەوەی چاک (العمل الصالح) ی لەگەڵ نەبێ ، هەربۆیەش مەگەر بەدەگمەن دەنا خوای زاناو کاربەجێ لەهیچ جێگەیەکی قورئانیدا باسی (ئیمان) ی نەکردوە کە بەدوایدا یان لەپێشەوەی باسی کردەوەی چاکی نەکردبێ .
بەڵێ خوێنەری بەڕێز !
ئیمان بریتیە لەو حاڵەتە بەرزو پیرۆزە عەقڵیو عاتیفی و کردەوەییەی کە لە ئینسان دا دێتەدی لەسۆنگەی ئەوەوە کە عەقڵ و دەروون و بگرە سەرتاپای وجوودی پڕبڕ بووە لە خۆشویستن و بەگەورە گرتن و شەرمو ڕێزو سامو هەیبەت و گەردن کەچیی بۆ خوای بەرزو مەزن و ، قەناعەتی تەواوو پابەندی ی بەپێی توانای بە بەرنامەکەیەوە هەیە .
سادەتر بڵێین :
(ئیمان) واتە : مسوڵمانەتییەکی ڕاست و ساغ کە دەروون و دەر (باطن و ظاهر) ی ئینسان بگرێتەوە ، هەربۆیەش جاری وا هەیە وشەی (إیمان) و (إسلام) لە قورئانیدا وەک دوو وشەی

هاو واتا (مُرادِف) بەکارهاتوون ، بۆ وێنە : (فأخرَجْنا مَن كان فيها منَ المؤمنين فما وجدنا فيها غير بيتٍ منَ المسلمين) . الذاريات / ٣٥ ، ٣٦ .

وە جاری واش هەیە ئیمان بۆ موسڵمانەتی ڕاست و ساغ بەکارهاتوە ، بەڵام ئیسلام بۆ جۆرە موسڵمانەتی‌یەکی ڕووکەشی و ناتەواو ، بۆ وێنە : (قالَتِ الأعراب آمنّا ، قل لَمْ تُؤمنوا ولكن قولوا أسلمنا ولَمّا يَدخُل الأيمان في قُلوبِكم) الحجرات / ١٤ .

کەواتە : کورتەو پوختەی قسان :

ئیمان بریتیە لە قەناعەت هەبوونی بە عەقڵ و دڵ بە ڕاستی و تەواوی ی بەرنامەی خوا ـ کە ئیسلامە ـ و ڕەفتارکردن بەگوێرەی ئەو بەرنامەیە .(١)

وە شایانی باسیشە کە ئیسلام بەرنامەو پەیڕەوێکی تێروتەواوی هەمەلایەنەی ژیان و گوزەرانی تاک و کۆمەڵەو هەڵس وکەوت و چالاکی ـ یەکانی تاک و کۆمەڵ لە هەموو بوارەکانی فیکری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و .. هتد دا بەشێوەیەک کە لەگەڵ سروشتی ئینسان و ڕەوتی ژیانی و حیکمەت و هۆی خوڵقێنرانیدا لەسەدا سەد دەگونجێ ، ڕێکدەخات .

پێغەمبەری پێشەواشمان علیه الصلاة والسلام لە یەکێک لە فەرموودە بەرزو پیرۆزەکانیدا لە پێناسەی (باوەڕوا) دا فەرموویەتی : (الأيمان بضع وسبعون ـ أو بضع وستون ـ شعبة ، أفضلها قول لا إلهَ إلاّ الله ، وأدناها إماطة الأذى من الطريق ، والحياء شعبة من الأيمان) متفق عليه . واتە :

---

(١) پێویستە بزانرێ کە مەبەستمان لە وشەی (ئیمان) یش کە لەگەڵ وشەی (پەرلەمان) دا بەراوردی پێ کراوەو وەک دوو شتی جیاوازو دژبەیەک دانراون ، ئەم جۆرە چەمک و واتا حەقیقی و فراوانەیەتی .

بڕوا حەفتاو ئەوەندە ـ یان شەست و ئەوەندە ـ بەشەیە ، چاک ترینیان گوتنی ـ وشەی ـ (لا إله إلاّ الله) یەو ، نزمترینیان لابردنی ئازاریکە لەسەر ڕێگا ، وە شەرم و شکۆش بەشێکە لە ئیمان .

دووەم : ئیمان تاقە بناغەی پتەوی بەندایەتی و برابوون و ڕاوێژ و مەرکەزی ی بوونی کۆمەڵگایە

بەڵێ خوێنەری بەڕێز ! هەرکام لەم چوار خەسڵەتە بەرزو گرنگە بەرهەم و ئەنجامی سروشتیی ئیمانن لە تاک و کۆمەڵی مسوڵماندا و بەڕیز ـ ترتیب ـ و پێ بەپێ ویترای گەشەکردن و کامڵ بوونی بڕوا پەیدا دەبن و دەخەملێن .

سەرەتا بەئەندازەی بوون و گەشەکردنی ئیمان لە عەقڵ و دڵی ئینساندا خەسڵەتی بەرزی بەندایەتی (عبودیة) یش گەشە دەکاو لە دەرو دەروونیدا قووڵ دەبێتەوەو فراوان دەبێ .

مەبەستیش لە بەندایەتی وەک زانایانی ئیسلام و بەتایبەتی (إبن تیمیة) فەرموویانە : هەبوونی ئەوپەڕی ڕێزو سام و خۆشەویستی و کەردن کەچیە بەرانبەر بەخوا سبحانه وتعالی .

ئنجا برایەتی (الأخوة) یش ئەنجام و بەرهەمی مەنتیقی و سروشتیی خەسڵەتی یەکەمە ، چونکە هەرکاتێک ئینسان (تاک) ، خوای پەروەردگاری و بەرنامەکەی بەشێوەیەکی ڕاست و ساغ ناسین و لە بەرانبەریاندا دڵسۆزو کەردن کەچ بوو ، هەموو ئەو ئینسانان (کۆمەڵ) ەی کە لەو خەسڵەتەدا لەگەڵی یەک دەگرنەوە خۆشی دەوێن و لەئەنجامی ئەمەشدا برایەتی لەسەر بنچینەی مەحکەم و نەلەقاوی بەندایەتی بۆخوا (العبودیة لله) پێکەوە جۆش دەدرێ و ، وەک دیوارێکی بە قوڕقوشم داڕێژراوی لێ بەسەردێ (کأنهم بنیان مرصوص)

ئنجا بێگومان شتێکی سروشتیو چاوەڕوان کراوە کە کۆمەڵگایەکی ئاوا ـ خاوەن یەک بەرنامەو ئامانجو پێکەوە براو تەبا ـ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباریان و چارەکردنی گیروگرفتەکانیان پرس وڕایان بەیەکتر دەبێو ڕاوێژ (مشورة) بەیەکتر دەکەن و ، بەم شێوەیە خەسڵەتی هەرە بەرزو گرنگی ڕاوێژ (شوریٰ) بەشدەرەخسێو فراژوو دەبێ .

خوای بەرزو مەزن وکاربەجێش لە یەکێک لە سووڕەتە بەپیزەکانی قورئان دا کە هەر سووڕەتی (شوریٰ) شی پێ دەگوترێ لە ئایەتی (٣٨) دا هەرکام لەم سێ خەسڵەتە بەرزو گرنگەی باسمان کردن (بەندایەتیو برایەتیو ڕاوێژ) پێکەوە باسی کردوون :

(والذين استجابوا لربهم وأقاموا الصلاة وأمرهم شوریٰ بينهم ومما رزقناهم ينفقون) واتە : وە ئەوانەی بەدەم بانگی پەروەردگاریانەوە چوون ، وە نوێژیان بەرپا کردو کاروباری خۆیانیان بەڕێوە دەبەن و لەوەی پێمان داون دەبەخشن .

استجابوا لربهم : ئیمان (چونکە ئەسڵ و بناغەی ئیمان خواناسیو بەدەنگەوە چوونیو مل بۆ کەچ کردنیەتی) .

أقاموا الصلاة : بەندایەتی (چونکە نوێژ چاکترین و تەواوترین و کۆکەرەوە " جامع " ترین شێوەی بەندایەتیە) .

أمرهم شوری بينهم : ڕاوێژ (" أمر " وشەیەکی گشتیە هەموو ئەو کاروبارە گرنگانە دەگرێتەوە کە حەوجێی ڕاوێژن) .

مما رزقناهم ينفقون : برایەتی (چونکە کاکڵی برایەتی بەتەنگ یەکترەوە بوون و هاوکاری و کۆمەگی یەکتر کردنە) .

وە لەکۆتاییدا کۆمەڵگایەکی بۆخوا بەندەو پێکەوە براو لەگەڵ یەکتر بەراوێژو پرس‌و ڕا هەم بە حوکمی عەقڵ و واقیع‌و هەم بە حوکمی ئیمان و بەرنامەکەیان هەوڵ دەدات‌کە حەق و مەرکەزییەتێکی ڕاست‌و دروستی تێدا بێ ، تا بتوانێ بەئاسانی کاروبارەکانی بەڕێوە ببات .

هەڵبەتە دەقی قورئان و سوننەتیش ـ بێجگە لە بەڵگە شەرعییەکانی دیکە ـ دەربارەی پێویستیی هەبوونی حەق و مەرکەزییەتێک‌لە کۆمەڵگای مسوڵمانان دا زۆرو زەوەندن و، ئەم مەسەلەیە یەکێکە لە یاساو درووشمە هەرە زەق و ئاشکرایەکانی ئیسلام کە مسوڵمانان قەت‌نابێ بێ سەرکردەو براگەورەو پێشەوا بن ، بۆیە بەپێویستی نازانم زۆر خۆم بەم باسەوە خەریک‌بکەم و بە خستنەڕووی دوو دەقی قورئان و سوننەت ـ وەک‌نموونە ـ وازی لێ دێنم ، خوای زاناو کاربەجێ فەرموویەتی :(يا أيها الذين آمنوا اطيعوا الله واطيعوا الرسول وأولي الأمر منكم ..) النساء / ٥٩.

واتە : ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە فەرمانبەری خواو فەرمانبەری پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ و کاربەدەستانێک‌بکەن کە لەخۆتانن ..

پێغەمبەری سەروەریشمان فەرموویەتی :(إذا خرج ثلاثة في سفر فليؤمروا أحدهم) رواه أبوداوود . واتە :

ئەگەر سێ کەس‌بەسەفەر چوون با یەکێکیان بکەنە فەرماندەیان .

ئنجا خوێنەری سەنگین !

ئێستاش‌کە زانیمان ئیمان چییە ؟ وە ڕوونمان کردەوە کە چۆن (ئیمان) (١) تاقە بناغەی پتەوی بەندایەتی بۆخواکردن و پێکەوە

---

(١) پێویستە بزانرێ‌کە هەموو جارێ‌مەبەستمان لە ئیمان ، ئیمانێکی

براو تەبا بوون و، پرس و ڕاوێژ بەیەکتر کردن و هەبوونی چەق و مەرکەزییەتێکی ڕاست و دروستە لەنێو کۆمەڵگادا، کاتی ئەوە هاتوە کە بچینە سەر خاڵی سێیەمی ئەم بەشە .

سێیەم : کیان و قەوارەی شەرعیی بەرهەم و ئەنجامی مسۆگەری ئیمانە (1)

بەڵێ خوێنەری بەڕێز !

(ئیمان) یەککە لە خاڵی یەکەمدا بەکورتیی و سادەیی پێناسەمان کردو، لە خاڵی دووەمدا زۆر بەگوشراوی و کورتی بەرێزو شوێنەواریمان لە ژیانی کۆمەڵگادا خستەڕوو، هەرکاتێک وەک پێویست لە دڵ و مێشکی گەل و کۆمەڵێکدا ریشە دابکوتێ و بخەملێ، پەیدابوونی کیان و قەوارەو بوونێکی ڕاستەقینە ئەنجام و بەرهەمێکی مسۆگەرو سروشتییەتی لەنێو ئەو گەل و کۆمەڵەدا، چونکە :

١- ئەمە حەقیقەتێکی مێژوویی و تەجرەبەکراو و سەلمێنراوە لە مێژووی هەموو ئەو گەلانەدا کە بەو شێوەیە لەگەڵ ئیمان و ئیسلام دا ڕەفتاریان کردوە، بۆ وێنە : عارەبەکان، فارسەکان، سەلجووقیەکان، عوسمانییەکان، ئەییوبییەکان ..هتدەوە (لە مێژووی نوێشماندا ئێرانی و ئەفغانییەکان) .

٢- سروشتی عەقیدەیی و بەرنامەیی ئەو ئیمان و ئیسلامە وایە کە ڕێگا

....

(1) ڕاستەقینەیە، بۆیە هەندێک جاریش دەڵێین (ئیمانێکی ڕاست و ساغ) نەک ئەوەی خەڵک پێیان وایە ئیمانە بەڵام شتێکی زڕو بۆش و بێ نێوەڕۆکەو هیچ بەرێزو شوێنەوارێکی وای لە ژیان و گوزەرانی هەڵگرانیدا نیە کە بوونی خۆی بێ ئیسپات بکات !!

به شوێن کەوتوو و پەیڕەوانی نادات‌کرو کەساس و بێ دەسـتـەڵات و داماو بن و، لێیان داوا دەکات‌که خاوەنی هێزو پێزو عیـززەت و دەستەڵات بن (وأعدوا لهم ما استطعتم من قوة ...) الأنفال / ٦٠ . (لاتَظلِمون ولاتُظلَمون) البقرة / ٢٧٩ . واته : زوڵم مەکـــەن و مەیەڵن زوڵمیشتان لێ بکرێ . (ولله العزة ولرسوله وللمؤمنين) المنافقون / ٨ . دەجا دیارە که پەیدابوونی هێزو پێـــــزو دەستەڵات و عیززەتیش بەبێ هەبوونی کیان و قەوارە شتێکی مەحاڵ و خەیاڵ پڵاوە .

٣- وە گەل و کۆمەڵێکیش هەڵگرو خاوەنی ئەو جۆرە ئیمانە بن بڕست و توانای هێنانەدی ئەو مەبەستە بەرزو پیرۆزەیان دەبێ ، کە وێڕای پێویست‌بوونی بۆ بەڕێوەچوونی ژیان و گوزەرانیان ، ئیمانەکەیان وەک ئەرک (وظيفة) یێکیش لێیان داوا دەکات ، چونکە گەورەترین و سەرەکی ترین هۆی تێشکان و شکستی گەلان لە بەرانبەر ناحـەزان و چەوسێنەرانیان دا یەکدڵ و ڕەنگ و دەنگ و سەنگ نەبوونیانـــە ، بەڵام لە سایەی ئیمان دا ئەم گیروگرفتە بە چاکترین شێوە چارەسەر دەکرێ ، وەکلە خاڵی دووەمدا شتێکمان لەوبارەوە باس کـــرد ، خوای قسەلەجێو زاناشمان فەرموویەتی :(وأنتم الأعلون إن كنتم مؤمنين) آل عمران / ١٣٩ . دیارە بەرزی (عُلُوّ) یش بەبێ ئازادی و سەربەخۆیی‌و هەبوونی کیان و قەوارەی ڕاستەقینـــــــە نایەتەدی .

ئێستاش لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵکی گومان و دوودڵیان هەیـــە سەبارەت‌بەوە کە ئایا ئیسلام دەتوانێ چارەسەری کێشەی کـــورد بکات‌یان نا ؟! بەپێویستی دەزانم قوڵە باسێک لەوبـــــارەوە بنووسم :

چارەسەری کێشەی کورد لە ڕوانگەی ئیسلامەوە چۆنە؟![1]

خوای بەرز فەرمووبەتی :(وما اختلفتم فيه من شيءٍ فحكمه إلى الله ..) الشورى / ١٠ . وە فەرموویەتی :(فأن تنازعتم في شيءٍ فَرُدّوهُ إلى الله والرسول إن كنتم تؤمنون بالله واليوم الآخر ذلك خير وأحسن تأويلا) النساء / ٥٩ . کەواتە با لەبەر تیشکی چەند بنچینەیەکی هەڵهێنجراو لە کتێبی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی دا صلی الله علیه وسلم سەرنجی ئەم مەسەلەیەو چۆنیەتی چارەسەرکردنی بدەین :

خوای بەرزو پاکلە سوورەتی (الحجرات) دا فەرموویەتی :

(يا أيها الناس إنا خلقناكم من ذكر وأنثى وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا إنّ أكرمكم عند الله أتقاكم إن الله عليم خبير) . واتە :

(ئەی خەڵکینە ئێمە ئێوەمان لە نێرو مێیەک دروست کردوەو گێڕاومانن بەچەند گەل و تیرەیەک تاکو یەکتر بناسن ، بەڕێزترینتان لەلای خوا پارێزکارترتانە ، بێگومان خوا زاناو شارەزایە) . دەتوانین چەند بنچینە (قاعدة) یەکی سەرەکی لەم ئایەتە هەڵهێنجین :

---

(١) ئەم باسە خاڵی پێنجەمو کۆتایی دەقی ئەو (محاضرة) یەیە کە پێشتر باسمان کرد ، بۆیەش حەزم کرد لێرەدا بینووسم تاکو بزانرێ کە ئێمەی ئیسلامی هەر قسەیەک بەڕاست و هەقی بزانین ئامادەین لە هەموو جێیەک بیکەین و بەهەموو دنیای ڕابگەیەنین ، چونکە وەک پێشتر باسکرا ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەری ڕۆژنامەو گۆڤارە ئیسلامیەکانی جیهانی ئیسلامی لەو کۆڕە ڕۆژنامەیی (ندوة صحفية) یەدا ئامادەبوون کە ئەم (محاضرة) یەی تێدا درا .

یەکەم : خەڵک لە ئەسڵی دروست بوونیان دا وەک یەکن ، چونکە هەموویان دروست کراو و بەندەی یەک پەروەردگارن بەبێ ئیمتیازو جیاوازی ، ئەمە لە ڕووی دروست بوون و پەیدا بوونیانەوە ، لە ڕووی گەشەکردنیشیانەوە لە نێرو مێیەکەوتوونەوە ، کەواتە لە یەک پلە دان و یەک ڕەچەڵەکیان هەیە .

دووەم : وە خەڵک بەپێی ویستی خوای بەرزو بێ هاوتا بەشێوەی چەند گەل و تیرەیەک لەسەر زەوی دابەش بوو ون ، کەوابێ ئەوە کە عارەب عارەبەو تورک تورکەو کورد کوردە هەروا گەلانی دیکەش ، بەڵێ ئەوە بەس بەویستی خوای گەورە بووە ، مادام وابێ لەم لایەنەشەوە هیچ ئیمتیازو جیاوازی یان لەنێوان دا نیەو هەموویان لە (گەل) یتی و نەتەوەبوونیان دا یەکسانن و ، ڕەنگ و زمان و تایبەتمەندی یە نەتەوەیی یەکانی دیکەش ناگونجێ بکرێنە پارسەنگی بەرزی و نزمی ، بەڵکو ئەم جیاوازی و تایبەتمەندی یانە چەند دیمەنێکن لە نیشانەکانی خوایەتی خوا ، وەک فەرموویەتی :(ومن آياته خَلْقُ السموات والأرض واختلاف أَلْسِنَتِكم وألوانِكم إنّ في ذلك لآيات للعالِمين) الروم / ٢٢ . واتە : (وە لە نیشانە - و بەڵگە - کانی بوونی ئەو ، دروستکرانی ئاسمانەکان و زەوی و جیاوازی زمان و ڕەنگتانە ، بێگومان لەوەدا نیشانە هەن بۆ زانایان) .

سێیەم : تەرازووی ڕێزو حورمەت و پێوەری چاکی و خراپی لەلای خوای بەرز ، بەس پارێزکاری (تقوی) یە کە هەموو خەسڵەتە پەسندەکان کۆدەکاتەوە ، کەواتە هەرکەسێک لافی بەرزی ی و ئیمتیاز لێ بدات بۆخۆی یان بنەماڵەکەی یان گەلەکەی ، بەسەر یەکێکی دیکەدا بە بەڵگەی - بەرزی ی و پەسندی ی - ئەسڵی دروست بوونی یان پێگەیشتنی (واتە توخم و ڕەگەزی یان بنەماڵەو ڕەچەڵەکی) ئەوە

بەهەڵەدا چووە ، هەروەها هەرکەسێک بیەوێ بوونی تیرەیەک یان گەلێک یان یەکێک لە تایبەتمەندی یەکانیان نەهێڵێ . ئەوە دژو پێچەوانەی ویست و بڕیاری سروشتیی و شەرعیی خوای بەرزو مەزن جووڵاوەتەوە ، لەسۆنگەی ئەوەوە کە خوا ویستوویەتی ئەو گەل و کۆمەڵە بەو تایبەتمەندی یانەوە ببێ و ئەویش هەوڵی لەبەین بردنی دەدات !

هەروەها هەرکەسێک بیەوێ نیری ستەم و زۆر بخاتە ملی خەڵک چ لەسەر ئاستی تاک و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵ ، ئەوە بەم ڕەفتارەی دژی حیکمەتی خوا دەجووڵێتەوە کە خەڵکی گێڕاوە بە چەند گەل و تیرەیەک بەمەبەستی یەکترناسین و دۆستایەتی پێکەوەبەستن .

وە هەرکەسێک شانازی بە ڕەگەزو ڕەچەڵەکەوە بکات یان لافی پلەو ئیمتیازێک بەسەر خەڵکدا لێ بدات ، ئەوە ئەرازووی خوای فڕێ داوەو ئەرازووی نەفامیی بەدەستەوە گرتوە . برایەتی ئیسلامی واز لێ هێناوەو لەگەڵ شەپۆلی ڕەگەزپەرستیی و دەمارگیریدا ڕەپێچەک دراوە ، هەر بۆیەش پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی : (لیس منّا مَن دعی إلی عصبیة ولیس منا مَن قاتل علی عصبیة ولیس منا مَنْ مات علی عصبیة) رواه أبوداوود عن جبیر بن مطعم .

دیارە دەمارگیریش ئەوە نیە - وەک هەندێک پێیان وایە - کە گەلی خۆتت خۆش بوێ و بەپێی توانا خێرو چاکەیان بۆ بڕەخسێنی ، چونکە پێغەمبەری بەڕێز فەرموویەتی : (خیرکم المدافع عن عشیرته مالم یَأثَمْ) رواه أبوداوود ، بەڵکو ڕەگەزپەرستیی و دەمارگیری ئەوەیە کە لەسەر ستەم و خراپە لەگەڵ گەل و کۆمەڵەکەتدا هاوکاری بکەی ، وەک پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام فەرموویەتی : (أن تُعین قومک علی الظلم) رواه أبوداوود ، لە وەڵامی کەسێک کە لێی پرسی :

(یا رسول الله ما العصبیة ؟!) .(١)

جا لەبەر تیشکی ئەم بنچینانەدا دەتوانین بڵێین : چارەسەری کێشەی کورد ـ لەڕوانگەی ئیسلامەوە ـ ئەوەیە کە :

((ئەو گەلە ستەم لێکراوە ئەو مافانەی دەستگیر بن کە بوونی نەتەوەیی یانی پێوە بەندەو بەبێ ئەو مافانە ئەو (گەل) ێتی (شعبیة) یەی کە خوا بۆ ویش و بۆ هەموو گەلانی دیکەش بە ڕاشکاوترین شێوە بڕیاری داوە نایەتەدی)) .

بەڵام لێرەدا تێبینییەکم ماوە پێویستە باس بکرێ :

من وەک موسڵمانێک بڕوا ناکەم کە کێشەی کورد بەشێوەیەکی ڕاست و ریشەیی چارەسەر بکرێ بەبێ جێبەجێکردنی بەرنامەی خوا ، بەڵێ من پێم وا نیە کە ئازارو مەینەتی گەلی کورد بەس بە دروست بوونی کیانێکی نەتەوەیی و دەوڵەتێکی سەربەخۆ، لابچێ ، بەڵگەش ئەوەیە کە بۆ وێنە گەلی عارەب دەبینین چەندان دەوڵەت ـ نەک یەک ـ ی دەست کەوتوە ، بەڵام لەسۆنگەی ئەوەوە کە بەرنامەی خوا لە واقیعی ژیانی دا کاری پێ ناکرێ کۆمەڵگاکانی عارەب دەبینین ئازارو مەینەتی زۆری گرجووبڕ تاسڵووقەی داون .

ئەمە لەلایەکەوەو لەلایەکی دیکەشەوە هێنانەدی مافە ڕەوایەکانی گەلی کوردو هەر گەلێکی دیکەش بەشێوەیەکی حەتمی یەکی لەسەر هاتنەکایەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی نەکەوتوە ، بەڵگەی ئەمەش وەک پێشتر ڕابرد ئەوەیە کە کاتی خۆی گەلی کوردو گەلانی دیکەش لەژێر سێبەری دەوڵەتی ئیسلامیدا هەموو مافێکیان دابین کرابوو ، وە لە هەندێک حاڵەتی دەگمەن و ناوازەدا نەبێ ستەم و

---

(١) لێرەدا چەند وشەیەکم دەستکاری کردن ، بۆ زیاتر شارەزابوونیش سەرنجی کتێبی (سۆزی نەتەوایەتی) بدە .

بێ دادی زەق و ناقۆلا دەرنەکەوتوە ، ئەویش بەهۆی لادانی بێ تامی دەولەت لە ڕێبازی دادگەرانەی ئیسلام .

دیارە هەربۆیەش ڕۆژێک لە ڕۆژان گەلی کوردیش وەک گەلە ئیسلامیەکانی دیکە بیری لەوە نەکردۆتەوە کە لە دەولەتی ئیسلامی جیا بێتەوەو قەوارەیەکی سەربەخۆ پێکەوە بنێ ، هەلبەتە حالەتە ڕیزپەڕەکانیش قیاسیان لەسەر ناکرێ ، بەلام پاش ئەوەی تورکە تۆرانیەکان وازیان لە پەیوەندی ی ئیسلامەتی هێناو پەیوەندی ی نەتەوایەتیان لەجێگادا دانا ، وە ئالای برایەتی ی ئیسلامی یان فڕێ داو بە ئالای تورکایەتیان گۆڕی یەوە ، کوردو گەلە ئیسلامیەکانی دیکەش دەستیان کرد بە بیرکردنەوە دەربارەی خۆیان ، هەر بۆیەش (محمد أمین زکی بگ) مێژووزانی بەناوبانگی کورد لە سەرەتای کتێبەکەی (کوردو کوردستان) دا گوتوویەتی :

(لەدوای ئەمە کە لە جێگەی تعبیری عمومی (عثمانی) لفظی (تورک) و (تۆرانی) لە تورکیا باوی سەند ، بە طبیعت وەکو افرادی ملتەکانی تر ، منیش لەناو ئەو کۆمەلەدا غیرەتی ی خۆم چاکتر حِسّ کرد ....) .

بەلام لەگەل ئەمەشدا ئەگەر نەگونجاو هەلنەسوورا کە دەولەتێکی ئیسلامی ی فراوانی وا پێک بێ کە هەموو گەلە ئیسلامیەکان بگرێتەوە ، هیچ سەغلەتی و بێ شەرعیەکی تێدا نابینم کە گەلی کوردو غەیری کوردیش - ئەگەر توانی - دەولەتێکی ئیسلامی لەسەر نیشتمانی خۆی پێک بهێنێ ، پاشان ئەو دەولەتانە لەنێو خۆیاندا هاوکاری بکەن بۆ پێکهێنانی دەولەتی ئیسلامی ی گەورە ، ئەو دەولەتەی کە بەهۆی ڕووخانی خەلافەتی عوسمانیەوە (1)

(1) دیارە ئێمە ڕەخنەو تێبینیمان لەسەر حوکم و خەلافەتی ئیسلامیانەی عوسمانیەکان و ئەوانەی پێش وانیش هەن ، بەلام هەرچۆنێکی بێ ئەو دەولەت و خەلافەتەکە قەلاو پەرژینێکی مەحکەمی ئیسلام و گەلانی ئیسلامی بوو ، بە نەمانی هەموو لایەک زیانمان لێ کەوت .

لەدەستمان چوو و لە ئەنجامی ئەوەشەوە هەموو بەڵاو مەینەتی ـ یانەمان بەسەردا هەڵڕژان کە هەموومان تاڵاویان دەچێژین .

خوێنەری بەڕێز !

ئێستا کە تا ئەندازەیەک روون بۆوە چۆن ئیمان چارەی دەردی کورد دەکات و کێشەی ئاڵۆزو لەمێژینەی بێ کیانیی و قەوارەیی چارەسەر دەکات ، با هەروا بەکورتی و سەربێ بی ئامازە بە دەستەپاچەیی و داماوی ی (پەرلەمان) یش بکەین لەئاقار چارەسەرکردنی مەسەلەی ناوبراودا

بۆچی پەرلەمان چارەی دەردی کوردی پێ ناکرێ ؟!

لە چوار خاڵاندا وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە بەڵام زۆر بەکورتی :

یەکەم : چونکە وەک پێشتر گوتمان (پەرلەمان) یەکێکە لە رژێمی دیموکراسییەوە هەڵدەقوڵێ بەلەبەرچاو نەگرتنی بوونی خوایەکی پەروەردگارو پێغەمبەرێکی سەروەرو رێ پیشاندەرو بەرنامەیەکی تێروتەواوی خودایی ، چاری ناچارە ببێتە خوایەکی ساختەو خوایەتی بەسەر خەڵکیدا بکات و بەرنامەی ژیانیان بۆ دیاری بکات ، ئنجا وەک لە بەشی چوارەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەشدا رووناکمان کردەوە ئینسان ـ چ تاک چ کۆمەڵ ـ لەبەرئەوەی بۆ بەندایەتی کردن و تاقیکرانەوەو جێگرایەتی خوا دروستکراوە ، نەک بۆ خوایەتی کردن ، ناتوانێ بەرنامەی ژیانی خۆیدابنێ و ، ئەگەر کارێکی واشی کرد دووچاری ژینتاڵی و بەدحاڵی دەبێ و کارەکەی بێ خێرو نەزۆک دەردەچێ ، وەک ئێستا ئەم راستییە زۆر بە درەوشاوەیی لە واقیعی دەوڵەت و کۆمەڵگاکانی ئەم رۆژگارەدا دەبینین .

دووەم : چونكە گەلی ئێمە چەندە هۆكارە دەرەكییەكان بوونەتە پەرچو لەمپەری سەر ڕێگای ڕزگاربوونیو وەدەستهێنانی مافە ڕەواكانی، حەوتهێندەش هۆكارە زاتییەكان دەوری گرنگ و كاریگەریان هەبووەو هەیە ، دەجا پەرلەمان و بابی پەرلەمانیش توانای گۆڕینی ئەو واقیعە دەروونیو زاتییەی ئێمەی نیەو، بگرە بەپێچەوانەوە وەك تەجرەبەی سەرنەكەوتووی (بەرە) سەلماندی ڕەنگەو زۆریش نزیكە كە پەرلەمانیش دیسان ببێتە هۆی زیادبوون و گەشەكردنی ئەو خەسڵەتە بەدو هۆكارە دەروونیو زاتییانەی كە گەورەترین هۆی بێ ئاكامبوون و بەئەنجامنەگەیشتنی هەوڵ و كۆششی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیمان بوو ون ، بەتایبەتی لە ئاستی سەركردایەتی دا، چونكە كەموكووڕی و عەیبەكانی سەركردایەتی ڕاستەوخۆ كاردەكەنە سەر هەموو بەشەكانی دیكەی گەل و شۆڕش وەك ئێستا بەزەقی دەبینرێ !!

سێیەم : لەبەرئەوەی گەلی ئێمە گەلێكی موسڵمان و خاوەن بڕوایەو، تەنانەت سەرانی هەموو ئەو ڕێكخراوو تاقمانەشكە وەكبەرنامە بڕوایان بەئیسلام نیە ، دانیان بەم ڕاستییەدا هێناوە ، دەجا دەڵێین : ئەو پەرلەمانەی كە لەنێو گەلێكی موسڵمان و بڕواداردا دروستدەبێ بێ ئەوەی حیسابێك بۆ ئیمان و ئیسلامو قورئان و شەرعی ئەو خەڵكە بكات، مانای وایە پەرلەمانێكی غەیرە شەرعی و ناواقیعییەو تەعبیر لە ناوو بیروباوەڕی ئەو خەڵك و گەلە نادا تەوە ، چونكە وەكلە بەشی چوارەمی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا گوتمان ئەو كۆڕو ئەنجوومەنەی كە لەنێو گەلێكی موسڵمان و بڕواداردا پێكدێ ، پێویستە لەسەر بنچینەی ئایین و بەرنامەی خوا دابمەزرێ و، ئەركەكەشی كارپێكردنی شەرعی خوا بێت نەك دانانی شەرعو حەڵاڵ كردن و حەرامكردن ، كە ئەمە تەنیا مافی خوای پەروەردگارە .

جا بێگومان پەرلەمانێکی ئاواش بە پەرلەمانی خەڵک و گەل دانانرێ و، خەڵکی مسوڵمان ناتوانن ئەو کۆڕو پەرلەمانە بە ئی خۆیان بزانن کە هیچ ڕێزێک لە مسوڵمانەتیو خواپەرستیەکەیان ناگرێ و، بگرە هەر هیچ حیسابێ بۆ ئەو خوا بەرزو مەزنو پێغەمبەرە پێشەوایەش ناکات کە ئەو خەڵکە مسوڵمانە ئەوان و قورئان و سوننەتو بەرنامەکەیانیان لە هەموو شتێک لەلا گەورەترو بەڕێزترو خۆشەویستترەو، بە هیچ شتێکیان ناگۆڕنەوە ، ـ دیارە هەرکەسێکیش ئاوا نەبێ بە مسوڵمان و بڕوادار لەقەڵەم نادرێ ـ .

چوارەم : ئێمە وەک گەلێکی بەشبەشکراوو مافلێ زەوتکراو گلەیی و گازندەی زۆر لە ئیمپریالیزمی جیهانیو نەخشەو پیلانە گڵاوەکانی دەکەین کە نیشتمانەکەمانی کردۆتە پێنج پارچەو هەر پارچەی کردۆتە پاشکۆی دەوڵەتێک و ، بەو شێوەیە وشەی کوردستانی لەسەر نەخشەی سیاسی جیهان سڕیوەتەوە ،[1] بەڵام ئایا نابێ گلەیی و سەرکۆنەی خۆشمان بکەین کە ئێمەش بە لاساکردنەوەو شوێن کەوتنی ئەو ڕێچکەو بیردۆزە جۆراوجۆرانەی کە هەر لە دڵی پڕ لە بوغزو غەرەزو مێشکی پڕ فێڵ و تەڵەکەی ئەو ئیمپریالیزمو دوژمنە نەگریسەوە سەریان هەڵداوە کە نیشتمانەکەی لێ پارچە پارچە کردووین ، نەک هەموو خەڵکی کوردستان بەڵکو بەس خەڵکی یەکێک لەو پێنج پارچانە ـ کە بەشە کوردستانی سەر بە عێراقە ـ مان کردۆتە زیاتر لە (١٠) بەش ؟!!

---

(١) لە یەکێک لەو کۆڕانەدا کە لە یەکێک لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا بەسترا و منیش بەشدار بووم، کاتێک داوام لێ کرا خۆم پێناسە بکەمو گوتم: خەڵکی کوردستانم ! زۆربەی کۆڕەکە بەسەرسوورمانەوە گوتیان تا ئێستا ناوی وڵاتی کوردستانمان نەبیستوە ، ئایا کوردستان لەکوێیە ؟! بەزەردەخەنەوە پێم گوتن : لە عێراق بە نیشتمانی ئێمە دەڵێن (شمال) و لە ئێران دەڵێن (غرب کشور) و لە تورکیاش پێی دەڵێن (خۆرهەڵاتی ڕۆژهەڵات) و وە هەروەها ...

ئایا دەگونجێ بڵێین ڕەفتاری ئیمپریالیزم خراپ بووە کە هەموو کوردستانی کردۆتە پێنج کوت ، بەڵام ئێ ئێمە هیچ عەیبی نیە ، کە هەر بەشێکمان کردۆتە دە بەش؟! دیارە نەخێر مەگەر بڵێین پەندی (بانێکەو دوو هەوایە) شتێکی ڕاستو بەجێ یە !!
کورتەی قسان :

ئێمە کوشتەی دەستی نەخشەو پیلانە گڵاوەکانی ئیمپریالیزمی جیهانین و ، نەخشەو پیلانەکانی ئیمپریالیزمیش بە ڕێچکەو بیردۆزە - کانی ئیمپریالیزم بەرهەڵستیان ناکرێ و هەڵناوەشێنرێنەوە ، چونکە هەر شتێک بەدژی خۆی چارەسەر دەکرێ و ، دوژمنی ڕاستەقینەی ئیمپریالیزمی جیهانیو نەخشەو پیلانەکانیشی بەسەرنامە تەجرەبە - کراوەکەی خوای پەروەردگارمانە ، هەر بۆیەش ئیمپریالیزمی جیهانیو ناحەزانیشمان لە هەموو شتێک زیاتر لێی دەترسن و ڕقیان لێ یەتی !!

ئیدی بەئومێدی خۆگۆڕین و هاتنەوە سەرخۆو پەند لە ڕابردوو وەرگرتن و ، بەهیوای ئەوەی کە بتوانین بە هەوڵ و هیممەتی هەموو لایەک - دوای یارمەتی خوا - ڕووحی بەهێزو پێزی ئیمان و ئیسلام بەبەر گەلەکەماندا بکەینەوەو زیندوو بینەوەو ، بەهۆی دەرزی و دەزووی ئیمان و ئیسلامەوە پێنج پارچەکانی نیشتمانی لێکدابڕاوو چل پەنجا کوتو بەشەی گەلی جنراومان پێکەوە بدرووینەوەو لەسەر بنچینەی پتەوی ئیمان بەهۆی بەندایەتیو برایەتیو ڕاوێژو پێشرەوایەتییەکی ڕاستو دروستەوە ، پێکەوەی جۆش بدەینەوە ، چونکە هەر ئەمەیە تاقە ڕێبازی ڕاستەقینەی ژیانی ئێمەو تێکڕای گەلان و هەر ئەمەشە چارەسەرو دەرمانی دەردمان .
خوێنەری بەڕێز !

ئێستاش بەرلەوەی کۆتایی بەم بەشی پێنجەمە بێنین بەپێویست...

دەزانم سەرنجت بۆ دوو مەسەلەی گرنگ ڕابکێشم کە پەیوەندی یەکی پتەویان بەم بەشەوە هەیە :

یەکەم : ئیمان کۆسپەکانی سەر ڕێگای خەباتی ڕزگاریخوازیمان لادەبات :

ئەگەر لەیادت بێت لە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لەژێر سەرباسی (هۆی بەشامانج نەگەیشتنی شۆڕش و ڕاپەرینە ڕزگاریخوازەکانی کورد) دا ئەم پێنج هۆیانەمان بە گەورەترین و سەرەکی ترین کۆسپ و لەمپەڕی سەر ڕێ ی کاروانی خەباتی ڕزگاری خوازی گەلی کورد دانا :

١- یەکنەبوون و دژایەتی نێوخۆ .
٢- پشت بەخۆنەبەستن و لەسەر لاقی خۆ نەوەستان .
٣- خۆشباوەڕی و فریوخواردن بە گفت و بەڵێنی هەندەران .
٤- کەم یان بێ ئیخلاسی و ساغ نەبوونەوە بۆ مەبەست .
٥- ڕێگانەدانی سیاسەتی ئیمپریالیزمی جیهانی .

جا ئێستا با هەر وا بەکورتی سەرنج بدەین داخوا چۆن بەهۆی ئیمان و ئیسلامەوە هەرکام لەم کۆسپ و تەگەرانە لادەچن و ڕێگای بەمرادگەیشتن لەبەردەممان ئاچوغ و تەختدەبێ :

جاری سەبارەت بە هۆی یەکەم کە لە هەموو کۆسپ و بەرچەکان بەهێزتر و بەزەڕتر بووە، لە سایەی (ئیمان) ەوە وەک چڵکە بەفرێک لەبەر گەرمایی خۆردا، بە تیشکی ڕۆژی بەندایەتی و برایەتی هەر زوو دەتوێتەوە و ئاوەو ئاو دەچێ .

ئیمانێک کە بە شوێن کەوتووانی دەڵێ : (واعتصموا بحبل الله جميعا ولاتفرقوا ..) آل عمران / ١٠٣ .

وە پێیان دەڵێ : (ولاتكونوا كالذين تفرقوا واختلفوا من بعد ما جاءهم البينات واولئك لهم عذاب عظيم ..) آل عمران / ١٠٥ .

وە پێیان دەڵێ : (ولاتنازعوا فتفشلوا وتذهبَ ريحُكم ..) الأنفال / ٤٦ . وە پێیان دەڵێ : (إنَّ هذه أمتكم أمةً واحدةً وأنا ربكم فاعبدون) الأنبياء / ٩٢ . وە پێیان دەڵێ : (ولاتكونوا من المشركين من الذين فرّقوا دينهم وكانوا شيعاً كل حزب بما لديهم فرحون) الروم / ٣١ ، ٣٢ .

بەڵێ ئیمانێکی ئاوا تۆوی دووبەرەکیو ناکۆکی ناهێڵێو ڕەگ و ڕیشەی پەرتەوازەییو تاقم تاقمێنە لەبن دێنێو دەسووتێنێ .

وە دەربارەی هۆی دووەمیش (ئیمان) گەلی کورد ـ و هەر گەلێکی دیکەش ـ وا لێ دەکات کە لە سایەی خواناسین و هەموو شتێک لەو زانینەوە. لەسەر لاقی خۆی بوەستێو بەس پشت بەخوای خۆی ببەستێ ، چونکە ئیمانەکەی پێی دەڵێ : (.. إن كنتم آمنتم بالله فعليه توكلوا إن كنتم مسلمين) يونس / ٨٤ . وە پێیان دەڵێ : (وعلى الله فليتوكل المتوكلون) ابراهيم / ١٢ . وە دەڵێ : (يا ايها النبي حسبك الله ومن اتبعك من المؤمنين) الأنفال / ٦٤ .

وە ئەو گەلە مسوڵمانە بەحوکمی ئیمان و خواپەرستییەکەی ویردی سەر زمانی (إياك نعبد وإياك نستعين) . !!

وە دەربارەی چارەسەرکردنی نەخۆشی سێیەمیش ئیمان ئەم فەرمان و ئامۆژگارییانە دەکاتە چارەسەر : (يا أيها الذين آمنوا لاتتخذوا اليهود والنصارى أولياء) المائدة / ٥١ . وە (ولن ترضى عنك اليهود ولا النصارى حتى تتبع ملَّتهم ..) البقرة / ١٢٠ . وە (يا ايها الذين آمنوا لاتتخذوا عدوّي وعدوكم أولياء ..) الممتحنة / ١ .

ئنجا ئەگەر ئەم فەرمانانەمان جێبەجێ کردن دەکەوینە بەر حوکمی ئەم موژدەیە : (وإن تصبروا وتتقوا لايضركم كيدهم شيئاً إن الله بما يعملون محيط) آل عمران / ١٢٠ .

وە ئیمان دەرمانی خەسڵەتی بەدو پیسی چوارەمیش بەو دەقە زۆرو

زەوەندانە دەکات کە لە چەندان شوێنی قورئان و سوننەتدا دووبارە بووەتەوەو داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەن کە تاک و کۆمەڵی بڕوادار نابێ بێجگە لە ڕەزامەندی خوا و پاداشتی نەبڕاوەی بەهەشت هیچ جۆرە پاڵنەرو هاندەرێکی دیکەی ماددی و مەعنەوی بیان جوولێنێ ، دەنا کردەوەکانیان بەهیچ دەردەچن و دەبنە سەپانی پووشێ و لەجیاتی پاداشت سزای سەختیش چاوەڕێیانە !

وە لەڕاستیدا خەسڵەتی ئیخلاص و نیازو مەبەست ساغ و سافکردنەوە لە هەر جۆرە هاندەرێک جگە لە (خوا لەخۆ ڕازی کردن) کە لە ئیسلامدا بە هەوێنی مەیینی شیری هەموو کردەوە چاکەکان دانراوە ، ئەمامێکە تەنیا و تەنیا لە زەوی ئیمان و ئیسلامدا دەڕوێ و بەهیچ شێوەیەک بیرو بیردۆزە ماددی و مرۆفکردەکان ناتوانن تاقە ئینسانێکیش پێ بگەیەنن کە بەشێوەیەکی ڕاستەقینەو تاسەر خاوەنی ئەم خەسڵەتە بەرزو پیرۆزە مەعنەوی بە بێ .

ئنجا زاڵ بوونیش بەسەر کۆسپی بێنجەم و کۆتاییدا پاش لابردنی کۆسپ و بەرچەکانی پێشەوەی ، شتێکی حەتمی و مسۆگەرە ، چونکە گەلێکی خاوەن ئیمانی دڵ پێکەوە جۆشدراوو یەکگرتوو و لەسەر پێی خۆی وەستاوو پشت بەخوا بەستوو و زیرو وریا و بێدارو تێگەیشتوو و ساغ و بۆخوا یەکلابووەو بەگوێرەی پەیڕەوی خوا بەڕێوەچوو ، مەحاڵە ببێتە نێچیرێکی فەقیرحاڵ و بێ پەڕو باڵ و بە تۆڕو داوی نەخشەو پیلانەکانی دوژمن و ناحەزانی بەوە بێ !

بەڵێ سیاسەتی ئیمپریالیزمی جیهانی قەت توانای ئەوەی نییە چۆک بە گەلێک دابدات کە بەپێی نەخشەو بەرنامەی ڕەببانی بارهێنراوەو بەڕێوەدەچێ !!

دووەم : ئێمە دژی دیموکراسیو پەرلەمانین نەک ئازادی بیروڕاو هەبوونی ئەنجومەن و شووڕا :

بەڵێ ئێمە دژی دیموکراسیین – وەک لەپێشەوە باسکرا – چونکە ئایین و بەرنامەکەمان ڕێگامان نادات جگە لە بەرنامەی خـــوا دوای هیچ شتێکی دیکە بکەوین ، وە دژی پەرلەمانێکین کە لـــەو دیموکراسی یەیەوە پەیدا دەبێ کە هیچ حیسابێک بۆ خواو پێغەمبەرو بەرنامەکەی ناکات ، چونکە پەرلەمانێکی ئاوا خوایەتی بەســـەر کۆمەڵگادا دەکات و دووچاری بت پەرستی یان دەکات ، بەڵام نـــەک هەر دژی ئازادی بیروڕا دەربڕین و پێکهێنانی ئەنجوومەن و هەبوونی ڕاوێژ لە هەموو چین و توێژو ئاستەکانی کۆمەڵگادا نین ، بەڵکو بەهەموو توانا شمانەوە هەوڵی وەدیهێنانیان دەدەین ! چونکـــــە جارێ هەر بەردی بناغەو یەکەمین و گەورەترین وشەو دروشمـــی بیروباوەڕو ئایینەکەمان کە (لا إله إلا الله) یە گەورەتریـــن شۆڕشە بەسەر هەموو جۆرو شێوەکانی چەوساندنەوەو ستەمو بێدادی و سەرکوت کردن و دەنگ کپ کردنی ئینسانەکان دا ، وە لەڕاستــــی دا ئایین بۆیە هێندە لەسەر خوابەیەکزانین و یەکتاپەرستی (توحید) سوورە ، چونکە لەم ڕێ یەوە نەبێ مرۆڤ لە کۆیلایەتیو ژێردەستەیی و زەبوونی ڕزگاری نابێ ، ئنجا لەگەڵ ئەوەش دا کە مەسەلــــــەی یەکتاپەرستی هێندە گرنگ و کاریگەرو پێویستە لە ژیانی تــاک و کۆمەڵ دا ، واش ئیسلام بەس لە ڕێگای عەقڵ و ویژدان و قەناعـــەت پێ هێنانەوە ئینسانەکانی بۆ بانگ کردوون و نەیکردوە بە شتێکی تۆبزی و زۆرەملێ بەبیانووی ئەوەی کە بەرژەوەندی خۆیانی تێدایە خوای بەرزو مەزن لەوبارەوە فەرموویەتی :(فمن شاء فليؤمـــن ومن شاء فليكفر) الكهف / ٢٩ . هەروەها فەرموویەتی : (لا إكراه في الدين قد تبين الرشدُ مِن الغيّ ..) البقرة /٢٥٦ .

وه مەسەلەی گرنگو پێویست بوونی ڕاوێژ (شوری) و دروست بوونی کۆڕو ئەنجوومەن لەسەر هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگادا لەڕوانگەی ئیسلامەوە لە باسەکانی پێشوودا چاک ڕوونکرایەوەو، سەلمێنرا کە هەبوونی ڕاوێژ لەنێو گەل و کۆمەڵی بڕوادارا بەس ڕەوشت و خەسڵەتێکی پەسندو چاک نیەو هیچی دی . بەڵکو بەشێکی گرنگی پێکهێنەری ئیمان و ئیسلامەتیەکەیانەو، بەبێ وی ئەوە هیچ کە ناتوانن ئایینەکەیان بەڕێوەبەرن ، تەنانەت ئیمان و ئیسلامەتی – یەکەشیان ناتەواوو لەنگ و لاتەڵ دەبێ، وە دیارە بەدیلی بێ بێچ و پەنای ڕاوێژ (شوری) و پێکهێنانی ئەنجوومەن ، دیکتاتۆریەت و پەیدابوونی چەوساندنەوەو سەرکوت کردن و داپڵۆسینی جەماوەرە بەواتایەکی دیکە تاقە بەدیلی ڕاوێژو ئەنجوومەن ، پەیدابوونی طاغووت و فیرعەونایەتی کردنە بەسەر خەڵکیدا ، کە ئەمەش یەکسەر لەگەڵ ئەسڵ و بنچینەی ئیمان دا تێک دەگیرێ کە بریتیە لە یەکتاپەرستی (التوحيد) !!

وە ئیسلامیش هێندەی بەو مەسەلانە قەڵس و تووڕەو (حسّاس) ە کە لەگەڵ یەکتاپەرستیدا دژن و تێک دەگیرێن ، بەهیچ شتێکی دیکە هێندە قەڵس نیەو تێک ناچێ، هەربۆیەشە کە لە قورئانی دا (ئەگەر) یەک هەیە بۆ بەخشران و چاوپۆشی لێکرانی هەموو جۆرە گوناح تاوانەکان – ئەگەر خوا بیەوێ – بێجگە لە هاوبەش بڕیاردان (الشرك) ، چونکە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەسڵی ئیسلامدا کە یەکتاپەرستی (التوحيد) یە تێک دەگیرێ : (... إن الله لا يَغفِرُ أن يُشرَكَ بِه ويَغفِرُ مادون ذلك لمن يشاء ومن يشرك بالله فقد افترى إثماً عظيماً) النساء / ٤٨

بەشی شەشەم

ئایا بێجگە لە ئیمان چارەیەکی ترمان هەیە؟!

خوێنەری بەڕێز !

بەیارمەتی خوای بەخشەر لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین لە سێ خاڵان دا وەڵامی ئەم پرسیارەی سەرەوە بدەینەوە :

یەکەم : زانست و عەقڵ و فیطرەت دەڵێن : نەخێر !

بەڵێ خوێنەری بەڕێز ! ئەوە کە بێجگە لە (ئیمان) هیچ چارەو دەرەتانێکی دیکەمان نیەو، لەڕێ ی غەیری ئیمان و ئیسلامەوە وەک تا ئێستا ویڕای کردو کۆش و خەبات و قوربانی دانی زۆر بەهیچ نەبووین و نەگەیوین ، بەهیچ نابین و ناگەین حەقیقەت و ڕاستییەکی بێ پێچ و پەنایە کە زانیاری و عەقڵ و فیطرەتی ساغ پشتگیری دەکەن ، چونکە :

١ـ بەرەوپێش چوون و گەشەکردنی زانست لە هەموو لق و بەشە جۆراوجۆرەکانیدا لە دوو بواری زانیاریە ئینسانیەکان و (العلوم الأنسانية) زانیارییە سروشتیەکان (العلوم الطبيعية)دا بۆتە هۆی هەرچی زیاتر سەلماندن و پشتگیری کردنی هەموو ئەو ڕاستی و یاسا و دەستوورانەی کە ئیسلام لە دوو بواری بیروباوەڕو بەرنامە (العقيدة والشريعة) دا ڕای گەیاندوون ، وە هەتا ئێستا یەک تاقە حەقیقەتێ سەلمێنراوی زانست نیە کە لەگەڵ یەکێک لە یاسا و دەستوورەکانی ئیسلامدا تێک بگیرێ ، بەڵکو قورئان و سوننەت پڕپڕن لە ئاماژەگەل (إشارات) ی جۆراوجۆر دەربارەی

گەلێک لەو ڕازو نهێنیيانەی دەرو دەروونی ئینسان و دەوروبەری و، بوونەوەر کە تازە زانیاری خەریکە پەییان پێ دەبات .

وە شایانی باسە کە ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆڕان و هەڵگرانی بڕوانامە (شهادة) بەرزەکانی زانستکە لە وڵاتەکانی ڕۆژئاوادا نیشتەجێن ، پاشرلێکۆڵینەوەو حاڵی بوونیان لە ئیسلام مسوڵمان دەبن و، ڕێژەشیان بەردەوام لەزیادبوون دایە .

ئەمە لەلایەکەوەو لەلایەکی دیکەشەوە بەرەوپێش چوون و فراژوو بوونی زانستبۆتە هۆی بێ نموودی و لە ڕەواجکەوتن و وەدرۆ خستنەوەی گەلێک لەو بیردۆزە بریقەدارو بەناو زانستی یانەی کە لەگەڵ یەکێکیان زیاتر لە ڕاستیەکانی ئیسلامدا دژایەتی یان هەیە ، بۆ وێنە هەرکام لە داروینیزم و فرۆیدیزم و کۆمۆنیزم و مارکسیزم و ئەگزیستالیزم و کاپیتالیزم و .. هتد لەبەر تیشکی زانیاری نوێ دا پووچەڵ بوونەوەو لەبرەوکەوتوون و ئێستا لەو وڵاتانەدا کە تێیاندا لەدایک بوون کەس بە ڕەیان نابێوێ .

٢- لەسۆنگەی ئەوەوە کە (زانیاری)(١) گەورەترین و چاکترین بەرهەمی عەقڵە ، پشتگیری کردنی زانیاری لە ڕاستیەکانی ئیمان و ئیسلام پشتگیری کردنی عەقڵیشە ، بەڵام چەند دێڕێکیش لەوبارەوە دەنووسین :

جارێ ئەگەر بێت و هەرچی عەقڵ و بیرو هۆشی مرۆڤ - دوور لە ڕێڕەوونی وەحی - کە هەر لە سەرەتای مێژووەوە تا ئێستا بەرهەمی هێناوە - کە پێی دەگوترێ (فەلسەفە) - لەگەڵ یاساو بڕیارەکانی ئیسلامدا بەراوردی بکەین دەبینین هێندە کەم و کورت و گچکەو نابووت و پڕ هەڵەو پەڵەیە هەر شەرم دەکات سەر بەرز بکاتەوە ،

---

(١) وشەی (علم) لە قورئاندا بەهەموو (صیغة) کانیەوە نزیکەی (٧٥٠) جار دووبارە بۆتەوە !!

ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی قووڵ و فراوانیان دەربارەی فەلسەفە هەیە (نەک کەم و سەرکێڵ) دەزانن چ دەڵێم و ڕاستی ئەم قسەیەم بەگیان و دڵ دەسەلمێنن !

وە لەلایەکی دیکەوە هەتا ئێستا بە هەموو پیتۆڵ و زیرو عاقڵ مەندانی دنیا نەیان توانیوە تەنانەت یەک ڕەخنەی بەجێ و ماقووڵ لە یەکێک لە یاساکانی ئیسلام بگرن ، بەڵکو کامەیان لە هەموویان زیرترو تێگەیشتووترە ـ ئەگەر بێ بڕوا و نامسوڵمانیش بێ ـ لەهەموویان زیاترو چاکتر شایەدی بۆ ڕاستیی و بێ هەڵەیی یاسا و بڕیارە جۆرا وجۆرەکانی ئیسلام داوەو سەری ڕێزو تەقدیسی لە ئاقاردا دانواندوە ، بەمەرجێک بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ئیسلامی ناسیبێ و پێی ئاشنا بووبێ ، یان پەردەی ڕەشی (تعصب) ی بێجێ و بوغزو قینی ناحەزانە دەربارەی ئیسلام چاوی عەقڵ و دڵی دانەپۆشیبێ .

بەندەش بەوپەڕی دڵنیایی و پشت ئەستووری یەوە ڕای دەگەیەنێ کە کێ ڕێزو حورمەتی عەقڵ و (۱) زانستی لەلایەو، لەڕووی تێگەیشتن و ئاگاداریشەوە بڕوای بەئیسلام نیە ، حەزدەکەین تاقە یەک ڕەخنەو ناتەواوی زانستانەو زیرانە لە بەرنامە تێروتەواوەکەی خوای پەروەردگاردا بدۆزێتەوە !!

٣ـ لەبەرئەوەی هەر ئەو زاتە زاناو کاربەجێو توانایەی کە ئیسلامی کردۆتە دوایین بەرنامەو پەیڕەوی ژیانی مرۆڤایەتی ، هەر ئەویش ئینسانی دروستکردوەو لەسەر ئەو فیطرەتە ئینسانییەی کە لەسەریەتی سروشتاندوویەتی ، بەڵێ لەبەرئەوە بەرنامەی خوا بۆ مرۆڤ کالایەکی پڕ بە بالایەتیو هیچ کەم و زیادی یەکی نیە ، خوای پەروەردگار لەوبارەوە فەرموویەتی :(فأقم وجهك للدين حنيفاً فِطرةَ الله التي

---

(۱) وشەی (عقل) و (لُبّ) و (فكر) بەهەموو (صيغة) کانیانەوە نزیکەی (٥٠) جار لەقورئانی دا هاتوون !

فطر الناس عليها لاتبديل لخلق الله ذلك الدّين القيّم ولكن أكثر الناس لايعلمون) الروم / ٣٠ . واته :
ڕووی خۆت بەپاکی بەرەو بەرنامە ـ ی خوا ـ ڕاست بکە ، ئەو فیطرەتەی کە خوا خەڵکی لەسەر خوڵقاندوە ، گۆڕانیش بەسەر دروستکراوی خوادا نایەت ، ئەوەیە ئایینی ڕاست و تەواو ، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن !

وەک لەم ئایەتە بەپێزەدا دەبینین (ئایین) ی خوا و (فیطرەت)ی مرۆڤ بە یەکشت ، یان بە دوو ڕووی یەک حەقیقەت دانراون ، کە لە ڕاستیدا هەر واشە و هەرکەسێک زانیاری و شارەزاییەکی چاکی دەربارەی ئایینی خوا هەبێ و بە سروشت و داخوازییەکانی ڕووح و عەقڵ و جەستەی ئینسانیش ئاشنا بێت و پێکەوە لەبەریەکیان ڕابگرێ و بەراوردیان بکات ، دڵنیا و مسۆگەر دەبێ کە ئەو ئایین و بەرنامە تێروتەواوە بەپێی سروشتی مرۆڤ بنیات نراوە و هەموو داخوازییەکانی سروشتی مرۆڤی تێدا ڕەچاو کراوە .

بەڵام لەلایەکی دیکە بەپێچەوانەوە دەبینین هەموو ئەو ڕێچکە و بیردۆزانەی کە لە ڕابردوودا پێیان هەڵدەگوترا و پڕوپاگەندەیان بۆ دەکرا ، دوای ئەوەی کەوتنە نێو کوورەی تەجرەبە و تاقیکرانەوەی ژیان و گوزەرانەوە و (شَهْرُ العَسَلِ) ی دروشمایەتییان بەسەرچوو و بۆیان دەرکەوت کە لەگەڵ فیطرەت و ڕەوتی ژیان و گوزەرانیاندا ناگونجێن و وەڵامگۆی داخوازییە سروشتییەکانیان نین و گیروگرفتە ـ کانیان بێ چارەسەر ناکرێ ، پێشتر چەندە بەگەرمی پێیان هەڵدەگوتن و پڕوپاگەندەیان بۆدەکردن ، دواتر گەلێک بەگوڕتر و دڵگەرمانەتر لێیان کەوتنە تەقە و کارێکیان پێ کردن (با) بە دەواری شڕی نەکردبێ !!

زەقترین و زیندووترین نموونەی ئەو ڕێچکەو بیردۆزە مرۆفکردو دژ بە فیطرەت و لەگەڵ ڕەوتی ژیان دا نەگونجاوانەش مارکسیزم و کۆمۆنیزم بوو، کە دوای ئەوەی بووبەهۆی پەیدابوونی دەیان کێشەو گیروگرفتی گرجووبڕو چارەنەکراوی ئابووری و فیکری و سیاسی و کۆمەلایەتی و ئەخلاقی و عەسکەری و .. هتد بۆ دەوڵەتی (یەکێتی سۆفیەت) بەتایبەتی و دەوڵەتە مارکسیزم و سۆسیالیزمیەکانی دیکە بەگشتی ، فڕێیان دایە زبڵدانی مێژووەوەو سەد ئەفرینیشیان کردە پاشکۆی !

کۆتایی ئەم باسەش بەم دوو ئایەتە بەهێزو پیرۆزە دێنین :

یەکەم :(سنُریهم آیاتنا في الآفاق وفي أنفسهم حتى يتبين لهم أنه الحق ، أولم يكف بربك أنه على كل شيء شهيد ؟) فصلت / ٥٣ .

واتە : لەمەودوا نیشانەو بەڵگەکانی خۆمانیان پێشان دەدەین لە ئاسۆیەکان و لەخۆیان دا هەتا بۆیان دەردەکەوێ کە ئەو - خوا ، قورئان - ە ڕاستە ، ئایا ئەوەندە بەس نیە بۆ پەروەردگارت کە بەسەر هەموو شتێکەوە چاودێرە ؟

وەک دەبینرێ خوای بەرزو مەزن موژدەو مزگێنی هەرچی زیاتر (١) ڕوون بوونەوەو ئاشکرابوونی هەقێتی خۆی و بەرنامەکەی بە مرۆڤایەتی دەدات ، دیارە ئێستاش لەسایەی گەشەکردن و پەرەسەندنی زانستەوە حەقیقەت و هاتنەدی ئەم موژدە بەرزو پیرۆزەی خوا وەک مانگی چواردە دەبینرێ .

دووەم :(.. ما ترى في خلق الرحمن من تفاوت فارجع البصر هل ترى من فطور ..) الملك / ٣ . واتە :

---

(١) بەحوکمی ئەوەی کە (س) ی سەر (سنریهم) بۆ داهاتوو (مستقبل) ە ، موژدەکە هەمیشە بەردەوامە .

.. لە دروستکراوی خوای میهرەباندا هیچ ناڕێکی نابینی ، چاوی پێدا بگێڕە بزانە هیچ ناتەواوی دەبینی ..

لەم ئایەتەشدا خوای زاناو کاربەجێ هەموو مرۆڤایەتی بانگ دەکات کە سەرنجی بوونەوەرەکەی بدەن و تێیەوە ڕابمێنن داخوا هیچ ناڕێکیو بێ یاسایی دەبینن !!

دیارە تا ئێستا هیچ کەس هێندەی سەری دەرزی بەشێکەوکووڕی و بێ یاسایی لە هیچ کام لە دروستکراوەکانی خوادا بەدی نەکردوە ، بەڵکو کامەیان لە هەموویان زاناترو بە ڕازو نهێنییەکانی بوونەوەر ئاشناترە لە هەموویان چاکترو زیاتر شایەدی بۆ هەڵەو پەڵەیی‌و ئەوپەڕی یاساداری و ڕێک‌وپێکی بۆ دروستکراوەکانی خوا دەدات .

دەجا بێگومان هەروەک چۆن بوونەوەر (گۆن) کردەوەی خوایە ، ئایین (دین) یش قسەو فەرموودەیەتی ، هەربۆیە ئەم هەردووکیان لەقەدەر ئەو سەرچاوەیەن کە لێیەوە هاتوون و ، هەرکامێکیان بەڵگەر شایەدی زانایی‌و کاربەجێیی‌و توانای ئەو پەروەردگارەن کە بە ویستی وی وەدیهاتوون !

دووەم : واقیعی مێژوویی کۆن و نوێ دەڵێ : نەخێر !

بەڵێ خوێنەری هێژا ! هەروەک چۆن عەقڵ و زانست و فیطرەتی ئینسان دەڵێن : نەخێر بێجگە لە ئیمان چارەیەکی ترمان نیە ، واقیعی مێژوویی کۆن و نوێی خۆمان و خەڵکیش هەر وادەڵێن .
بەڵام بێگومان ئیکردنەوەو خستنەڕووی چۆنیەتی ئەو شایەدیدان و دان پێداهێنانەی مێژووی ڕابردوو و هاوچەرخی خۆمان و گەلانی دیکە کارێک نیە کە لەم جۆرە لێکۆڵینەوەیەدا بگونجێ هەر زۆر بەکورتی‌و

گوشراویش ئەنجام بدرێ چ جای بەدرێژی ، بۆیە ناچارین هەروا بەکورتی چەند خاڵێک لەوبارەوە بنووسین :

١- چاوپێداگێڕانەوەیەکی مێژووی مرۆڤایەتی بە ئاشکرا دەری دەخات کە بەختەوەرترین و سەرکەوتووترین و پڕ هێمنیو ئاسایشترین و، پاکترین و بەکورتی (ئینسانی) ترین کۆمەڵگا ، ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە بوون کە بە ڕووحی ئیمان و خواناسیەوەو لەژێر سێبەری بەرنامەکانی خوادا ژیاون ، وە بەپێچەوانەوە ژینتاڵترین و پڕتەنگ و چەڵەمەترین و نزمترین و ئاژەڵانەترین کۆمەڵگاش ئەوانە بوون کە لە هیدایەت و ڕێڕوونی خوا دوورەپەرێز بوون و ، لە ڕووناکی بڕوا و خواپەرستی بێبەش بوون .

بەڵام گرنگ ئەوەیە کە لەم چاوپێداگێڕانەوەیەمان دا خواپەرستیو ڕەوشت بەرزی و دادگەری و ئازادی و برایەتیو تەبایو ئاسایش بکەینە پێوەرو تەرازووی بەختەوەری و ئینسانەتی مرۆڤ ، نەک کۆشک و تەلاری بەرزو کارگەو بەرهەمی زۆرو پیشەسازیو تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوو .. هتد دەنا ئەوکاتە دەبێ بڵێین : کۆمەڵگاکانی ژێر ڕکێفی فیرعەون و نەمروودو جەنگیزو هیتلەرو ستالین و صەددام ... زۆر بەختەوەرو کامەڕان بوون !!

٢- سەرنجدان و وردبوونەوە لە واقیعی ئەو دەوڵەت و کۆمەڵگا نەفامیو ماددیانەی ئەم ڕۆژگارە دەری دەخات کە ئینسان - چ لەشێوەی تاک و چ لەشێوەی کۆمەڵگادا - تا چ ڕاددەیەک دووچاری ژینتاڵیو چارەڕەشیو زەبوونیو بێئەمیەتیی بووە !
ئایا بەڵگە بۆ سووکو چرووکبوون و بێبایەخ بوونی مرۆڤ لەوە زەقتر دەبێ چی بی کە ساڵی وا هەیە لە وڵاتێکی (دیموکراسی) وەک ئەمریکادا ملیۆنەها تەن گەنمو دانەوێڵە دەسووتێنرێ یان لە دەریاکان دەکرێ (١) لەکاتێکدا کە لە وڵاتە نەدارو هەژرو

---

(١) بۆئەوەی نرخی ئەو شتانە لە بازاڕ دانەبەزێ ، چونکە (کُلّما زاد العرض قل الطلب) !!

دزراوەکان دا ملیۆنەها کەس لەبرسان دەمرێ ؟!

وە دەبێ بەڵگەی بێ نرخبوون و کەم ئەمیەتی مرۆڤایەتی لەڕوانگەی سیاسەتی نەفامێتی جیهانی[1] ئەمرۆ لەوە بەهێزتر چی بێ کە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی ئامادەبوون دنیا بەسەر سەری ڕژێمی دیکتاتۆری ی بەغدادا کاول بکەن لەبەرئەوەی هێرشی کردە سەر (کوێت) کە یەکێکە لە کانگا نەوتی یەکانی ئەمریکا ، بەڵام هەر هەمان ئەمریکاو ڕۆژئاوا دەیان ساڵە تەماشاچی فیلمی قەڵاچۆکران و بنەبڕکرانی گەلێکی (٣٠) ملیۆنی وەک کوردن لەسەر شانۆی واقیع ، واقیعێک کە هەر بۆخۆشیان ڕەنگی ساغەکەیان ڕشتوە ؟!

ئایا ڕاست نیە کە بڵێین :(لە تەرازووی شارستانەتی ! ماددی و بێ بڕوای ڕۆژئاوادا چەند هەزار عارەبی کوێتی (نەوتدار) لە (٣٠) ملیۆن کوردی بێ چارەو نەدار گرنگترو قورسترن) ؟!

وە دەبێ بەڵگە بۆ قەیران (أزمة) و بەبن بەستگەیشتوویی و ئیفلاسی ڕژێمە ماددی یە نەفامیەکانی ئەم ڕۆژگارە لەوە پتو تر چی بێ ، کە ملیۆنەها منداڵی کوردو ئەفغانیو فەلەستینیو ئەفریقیو ... هتد لەبرسان و لەبەر بێ بەرگیو ڕەجاڵی یان دەمرن یان گیرۆدەی دەیان جۆرە نەخۆشی دەبن و بێیانەوە دەبنیسێن ، بەڵام باپای ئەمریکیو ڕۆژئاوایی وا هەیە کە میراتێکی چەند ملیۆنی بۆ تاقە (سەگ) ەکەی بەجێ دێڵێ و لەسەری تەرخان دەکات ؟!!

٣- ئنجا لەڕاستیدا لەسەر ئاستی گەلی خۆشمان هەتا بڵێی بەڵگەی

---

(١) زاناو نووسەری فەرەنسی ناوداری لەکۆن دا مارکسیو نوێ مسوڵمان (روجیە گارودی) لە کتێبی :(هشدار بە زندگان) دا کە لە فەرەنسیەوە وەرگێڕراوە ، چاک پەردەی لەسەر رووی دزێوی ئەم بەناو شارستانێتی یە ماددی یەی ڕۆژئاوا هەڵماڵیوە .

پتەوو سەلمێنەر زۆرو زەوەندن لەسەر سەلماندنی ئەو حەقیقەتە کە تاقە رێ ی سەرفرازی و تاقە چارەو دەرەتانمان هەر ئیمان و گەڕانەوە سەرخۆیەو هیچ شتێکی دیکە وەکدادی نەداوین دادمان نادات .

بەڵێ لەڕاستیدا گەلی ئێمە لە درێژەی خەباتی ڕزگاریخوازانەیدا ڕێچکەو بیردۆزەی مرۆڤزادەی ڕۆژهەڵاتیو ڕۆژئاوایی نەماوە کە لە دنیای واقیعدا تاقی نەکردبێتەوەو نەیجەڕباندبێ ، هەر لە لیبرالیزمو دیموکراسیو ناسیۆنالیزمەوە بگرە هەتا هەموو جۆرو شێوەکانی سۆشیالیزمو مارکسیزم !

بەڵام کوا ئەنجامو بەرهەمەکەیان بۆ گەلی کورد ؟!! بێگومان چش ! مەگەر شەڕی یەکتر کوشتن و خەنجەر لەپشتی یەکتردانی ڕابردوو و ددان لەیەکسوێن و گوریسپچڕکێنە پێکردنی جەماوەرو لەیەکتر تیژکردنیو پارچە پارچەکردنی بەهۆی درووشمو ڕەنگی زۆرو جۆراوجۆرەوە لەم قۆناغەدا بە ئەنجامو بەرهەمێکی چاکدابنرێن .

سێ یەم : مادام گەلێکی مسوڵمان و بڕوادار بین ، نەخێر نەخێر !

بەڵێ مسوڵمانان لێیان قەدەغەکراوەو بۆیان نیە جگە لە بەرنامەی خوا دوای هیچ ڕێبازێکی دیکە بکەون ، بەڵکو هەر ئیمان و مسوڵمانەتیەکەیان بەوە پەیدادەبێو دادەمەزرێ کە ئیسلام بەرنامەی ژیان و گوزەرانیان بێو بەپێی هیدایەتی خواو بەشوێن جێ پێی پێغەمبەری پێشەوادا بەڕێوە بچن ، خوای پەروەردگارمان لەوبارەوە فەرموویەتی : (.. اليوم أكملت لكم دينكم وأتممت عليكم نعمتي ورضيت لكم الأسلام ديناً ..) المائدة / ٣ . واتە : .. ئەمڕۆ بەرنامەکەتانم بۆ تەواو کردن وە چاکەی خۆمم بەتەواوی بەسەردا ڕشتن ، وە ئیسلامم بە بەرنامە بۆ هەڵبژاردن ..

هەروەها فەرموویەتی : (إن الدين عند الله الأسلام ..) آل عمران / ١٩ . واتە :
بەرنامە ـ ی ژینی مرۆڤ ـ لەلای خوا بەس ئیسلامە .
دیسان فەرموویەتی : (ومَن يبتغ غير الأسلام ديناً فلن يُقبَل منهُ وهو في الآخرة منَ الخاسرين) آل عمران / ٨٥ . واتە :
وە هەرکەسێک جگە لە ئیسلام بەرنامەیەکی تر بخوازێ لێی وەرناگیرێ و لە دوارۆژیشدا لە زیانبارانە .

لەکۆتاییدا دەڵێم :

جێی سەرسوورمان ئەوەیە کە هەرکام ـ مەگەر بەدەگمەن ـ لەوانەی خۆیان بە دەمڕاست و سەرکردەو مشوورخۆری (کورد) دەزانن ، دانی پێدا دێنن کە (گەلی کورد گەلێکی مسوڵمانە) ، جا هەڵبەتە مسوڵمانەتی گەلی کورد حەوجێی بە شایەدی دان نیەو بۆ سەلماندنی مسوڵمانەتیەکەی بەکی لەسەر دان پێداهێنانی وان نەکەوتوە، بەڵام لێرەدا مەبەستێکم هەبوو کە ئەم مەسەلەیەم خستەڕوو ، ئەویش ئەمەیە :

کە مادام هەموو لایەک دەیسەلمێنین و دانی پێدا دێنین کە گەلەکەمان بڕوادارو مسوڵمانە ، باشە بۆ نابێ بیر لەوە بکەینەوە کە لانی کەم دوای ئەوەی تەجرەبە تاڵەکانی مێژووی خەباتی لەمێژساڵەی ڕزگاریخوازیمان پێیان سەلماندووین کە لەڕێ ی ئەو ڕێچکەو بیردۆزانەوە کە دژ بە بیروباوەڕو سروشت و عەقڵ و دەروونی گەلەکەمانن هیچمان بۆ ناکرێ و هەر زیاتر لەسەریان قەرزدار دەبینەوە ، لەمەودوا ڕێڕەوەکەمان بگۆڕین و هەوڵ بدەین ئەوەش تەجرەبە بکەین کە (لەڕێ ی بیروباوەڕی گەلەکەمانەوە کە ئیسلامە هەوڵی خزمەتکردنی و چارەسەرکردنی گیروگرفت و کێشەکانی بدەین) ؟!!

ئایا هەرکام لەو برادەرانە - کە خۆیان بە دەمڕاست و سەرکردە یان لانی کەم نیمچە سەرکردەیەکی گەلی کورد دەزانن - دوای ... لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی وردو قووڵی عیلمیانەو بابەتیانـــە دەربارەی ئیسلام هەڵەییو ناتەواوی ئیسلامیان بۆ دەرکەوتوە بۆیە بڕوایان پێی نیەو بە بەرنامەی ژیانی گەلەکەیانیشی دانانێن ؟!!

ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە (بەڵێ) بێ ، دەڵێم : دەجـــنا دڵسۆزی و ڕاستکردنیان لەگەڵ (کوردایەتی) دا لەسەریان پێویست دەکات کە ئەوەی سۆخۆیان تێیدا بەئەنجام گەیشتوون کە هەڵــەو ناتەواوەو بەکەڵکی ژیان نایەت ، دەبێ بە گەلەکەشیانی ڕابگەیەنن تاکو چیدی دەسخەرۆ نەبێو ، بەدوای کڵاوی بابردوو نەکەوێ .

خۆ ئەگەر وەڵامەکەش (نەخێر) بێ ، ئەوە دەڵێین : عەقــڵ و زانست و ویژدان و بەرژەوەندی و کوردایەتیو نیشتمان پــەروەری لەسەریان پێویست دەکات و لە ڕابردووش دا پێویستی دەکرد کـــە نەدەبوو هەروا بەبێ لێکۆڵینەوەو بەبێ بەڵگەو شارەزایـــــی (ئایین و بیروباوەڕ) واتە گەورەترین و پیرۆزترین و خۆشەویست ترین شتی ئەو خەڵک و گەلەی کە خۆیان بە دڵسۆزو خزمەتگــوزاری دەزانن ، وەلابنێن و بەملاولادا بگەڕێن بۆ بیروباوەڕو بەرنامەیەک(١) !

کۆتایی ئەم بەشەش بەم ئایەتە بەرزو بەپێزە دێنم :

(وما كان لِمؤمن ولا مؤمنة إذا قضى الله ورسوله أمرًا أن يكون لهم الخِيَرة مِن أمرهم ..) الأحزاب / ٣٦ . واتە :

وە هیچ پیاوو ئافرەتێکی بڕوادار هەرکاتێک خواو پێغەمبەرەکـەی بڕیارێکیان دا مافی هەڵبژاردنی کردن و نەکردنیان نیە ..

---

(١) سەرم لەوە دەرناچێ کە چۆن کەسانێک ڕێزو حورمەت بۆ ئاییـــن و بیروباوەڕی گەلەکەیان دانەنێن ، کە گەورەترین و پیرۆزتریـــن و خۆشەویست ترین شتیانە ، دەتوانن خزمەت بەو گەلەیان بکـــەن و بیحەسێننەوە !!

بدڵێ هەر ئینسانێک و هەر کۆمەڵێک خۆیان بە بەندەی خــــواوە خوا بە خاوەن و پەروەردگاری خۆیان بزانن لەسەریان پێویستــــە ـ بە حوکمی ئیمانەکەیان ـ لەبەرانبەر حوکم و بڕیاری خــــوادا گەردن کەچ و فەرمانبەربن .

کەواتە :

مادام گەلی کورد ئیمانی بەسەر کوفرداو ئیسلامی بەسەر غەیــری ئیسلامدا هەڵبژاردوە ، هەتا بیەوێ ناوی ئیمان و ئیسلامی پێــوە بمێنێ و لە مسوڵمان نەشۆرێ ، ناچارە هەر (ئیسلامیی) [1] بــێ و بۆی نیە نە ببێتە مارکسی ، نە شیوعی ، نە بەعسی ، نە دیموکراتی نە لیبرالی .. هتد ، چونکە نە مسوڵمانەتی ناوی بێ نێوەڕۆکــەو نە (ئیسلام) یش بەرنامەیەکی قرپۆکە !!

---

(١) بەڵگەنەویستە کە (ئیسلامیی) بوون لە جوغزی بزووتنــــەوەو ڕێکخراوێکی دیاریکراودا کورت هەڵنەهاتوەو هەر مسوڵمانێــــک ئیسلام بە بەرنامەو پەیرەوی ژیانی بزانێ و بەپێی توانای لــەو ڕێیەوە هەوڵ بدات ، ئەوە (ئیسلامی) یە .

بەشی حەوتەم

لەکوێوە وچۆن دەست پێ بکەین ؟!

خوێنەری خۆشەویست !

خوا پشتیوان بێ لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین چۆنیەتی گرتنی ڕێبازی (ئیمان) و مسوڵمانەتی - کە سەرفرازی و بەختەوەری دنیاو دواڕۆژی تێدایە - بخەینەڕوو، بە واتایەکی دی لەسۆنگەی ئەوەوە کە لە باسەکانی پێشوودا تا ئەندازەیەکی چاک ئەوە ڕوون کرایەوەو سەلمێنرا کە ئێمەی کوردو هەر گەل و کۆمەڵێکی دیکەش لەڕێی ئیمان و ئیسلامەوە نەبێ بەئامانج ناگەین ، لەم بەشەدا بەشێوەیەکی کردەیی (عملي) قۆناغەکانی ڕێبازی ناوبراو ڕوون دەکەینەوە ، ئەم بەشەش لەم خاڵانەی خوارێ پێک دێ :

١- خواناسین و خۆناسین

٢- ئیمان و بەندایەتی

٣- یەکگرتن و برایەتی

٤- خۆگۆڕین و واقیع گۆڕین

یەکەم : خواناسین و خۆناسین :

بەڵێ خوێنەری بەڕێز ! بەردی بناغەو یەکەمین نوختەی ڕێبازی (ئیمان) (خواناسین و خۆناسین) ە ، چونکە لەڕوانگەی ئیمان و ئیسلامەوە - کە تاقە ڕوانگەی حەقیقەتناسیە - ئەم بوونەوەرە (شاری بێ خاوەن نیە) ، دەجا بێگومان بۆ ڕەفتارکردن و هەڵس و کەوتکردنێکی ڕاست و بەجێ لەگەڵ هەر شتێکدا پێویستە

ئاراستەکردن و داب و دەستوور (التوجيه والتعليم) تەنیا و تەنیا لە خاوەنی ئەو شتە وەربگیرێ . هەربۆیەش مووسا عليه السلام لە وەڵامی پرسیاری : پەروەردگارتان کێیە ﴿فَمَن رَبُّكُما...؟!﴾ ی فیرعەون دا فەرموویەتی : پەروەردگارمان ئەو زاتەیە کە بوونی بە هەموو شتێک بەخشیوە و دوایی ڕێڕوونیشی کردوە ﴿ربّنا الذي أعطى كل شيءٍ خلقه ثم هدى﴾ طه / ٤٩ ، ٥٠ .

بەڵێ لەڕوانگەی ئیمانەوە بۆئەوەی بتوانین ژیانێکی ڕاست و دروست بەرینەسەر و بزانین چۆن و بۆچی بژیەین . پێویستیمان بەوە هەیە کە خۆمان و ئەم ژیانە و بوونەوەر بناسین و حیکمەت و هۆی دروست بوونیان بزانین . ئەمەش پەکی لەسەر ئەوە کەوتوە کە خاوەن و بەدیهێنەری بوونەوەر و ژیان و ئینسان بناسین و پەیوەندی لەگەڵ ببەستین و لێی بپرسین :

کە ئێمە و ژیان و بوونەوەر چین و لەکوێوە هاتووین و بۆچی و بۆکوێ دەچین ؟!

ئنجا کە وەڵامی ئەم پرسیارانەمان زانی و حیکمەت و هۆی دروست بوونی بوونەوەر و ڕەخسێنرانی ژیان و خوڵقێنرانی خۆمانمان زانی ، ئەوکاتە لەبەر تیشکی ئەو (زانین) ەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئێمەی ئینسان چین و شوێنمان لە (إعراب) ی بوونەوەردا چییە ؟! ئەوکاتەش دەزانین کە پێویستە چۆن و بۆچی بژیەین !!

جا هەرچەندە ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ ئەو جۆرە باسانە تەرخان نەکراوە . لێکۆڵینەوە لەو بارانەوە شوێنی دیکەی بۆ دانراوە !(١)

---

(١) کتێبی (گەورەترین ڕاستی) کە بەرگی یەکەمی چاوەڕێ ی (چاپ)ە بۆ ئەو جۆرە باسانە تەرخان کراوە . وە لە هەرکام لە کتێبی (پوختەیەک دەربارەی ئیسلام) و ئاڵقەی یەکەمی زنجیرەی (ئیسلام و ڕێچکان) و ئاڵقەی یەکەمی زنجیرەی : (با چاکتر ئیسلام بناسین !) دا چەند شتێک لەوبارەوە باسکراون .

بەڵام هەروا بەكورتی رێ یە سەرەكییەكانی خواناسی دەخەینەروو :

١- خۆناسین ﴿ وفي أنفسكم أفلا تُبصرون ! ﴾ :

بەڵێ خوێنەری بەڕێز ! خۆناسین چاكترین و نزیكترین رێگای بەرەوخواچوون و خواناسینە ، چونكە ئینسان (خۆ) ی لە هەموو شتێك لێوە نزیكترەو ئەوەندەی دەتوانێ لەخۆی وردبێتەوەو سەرنجی بدات و بیناسێ ، هێندە توانای لێ وردبوونەوەو سەرنج دان و ناسینی هیچ شتێكی دیكەی نیە .

(خۆناسین) یش دەگونجێ چوار رێ ی سەرەكی بۆ بگرینە بەر :

أ- وردبوونەوەو سەرنجدانی سەرەتاو سەرەنجام (المبدأ والمصير) ی خۆی

ب- تێوەڕامانی گیان (روح) و خەسڵەتە سەرسامكەرەكانی ، كە تەصەووف و دەروونزانی دوو یارمەتیدەری چاكن لەو بوارەدا .

ج- پەی بردن بەو هەموو وردەكاری و رێكوپێكییەی كە لە دروست كردنی جەستەو ئەندام و كۆئەندام و دەزگا سەرسوورهێنەرەكانی دا رەچاوكراوە ، كە زانیاری پزیشكیو توێكاری هەندێك رازو نهێنی گرنگیان لەوبارەوە خستۆتەروو .

د- شارەزایی پەیداكردن دەربارەی (عەقڵ) و كارو چالاكی پەنهان و بەرهەستەكانی .

تێبینی یەكی گرنگ :

مادام (خۆناسین) گرنگترین و چاكترین رێگای خواناسین بێ و ، وەك پێشتریش باسمان كرد لە ئەنجامی (خواناسین) یش (خۆ) ی راستەقینەمان بناسین ، كەواتە دەتوانین بڵێین : لەنێوان خۆناسین و خواناسین دا پەیوەندی و كارتێكردنی دووسەرە هەیەو ، هەتا چاكتر خوابناسین خۆناستر دەبین و هەتا خۆناستریش بین خواناستر دەبین !

٢- ناسینی دەوروبەرو بوونەوەر (أفلاینظرون إلی الأبل .. إلیالسماء إلی الجبال .. إلی الأرض..) :

دووەمین ڕێگای گرنگ و نزیکی خواناسین ناسین و پەی پێبردنی هەرچی زیاتری ئەو دیاردەو دیمەنە سروشتییە دڵ بزوێن و سەرنج ڕاکێشە یاسادارانەن کە لە دەوروبەری نیزیک و دوور (واتە زەوی و ئاسمان) دا دەبینرێن ، یان هەست بە شوێنەوارەکانیان دەکەین ، بەڵێ لەڕاستیدا لێکۆڵینەوەو وردبوونەوە لە دیاردە سروشتییەکانی دەوروبەرو بوونەوەر هەر لە گەردیلە وردیلەکانەوە بگرە هەتا کەهکەشانە زلەکان ، کە هەرکامێکیان ئەوپەڕی وردەکاری و یاساداری یان تێدا دەدرەوشێتەوە ، ڕێگایەکی یەکجار تەخت و هەموارە بۆ پەی پێ بردن و ناسینی سیفەتە بەرزو بێسنوورە -کانی خوای پەروەردگار .

٣- کتێبی خوێنراوە (قورئان) ی خوا (أفلایتدبرون القرآن ..) :

بەڵێ خوێنەری بەڕێز ! ئەگەر بوونەوەرو سروشت (الکون والطبیعة) کتێبی بینراو (الکتاب المنظور) ی خودان قورئانیش کتێبی خوێنراوە (الکتاب المقرؤ) یەتی ، هەربۆیەش خوای زاناو کاربەجێ هەروەک چۆن دیاردەو دیمەنە سروشتییەکانی وەک : ئاسمان و زەوی و شاخ و (با)و باران و گیانداران و ڕووەک و هەورە بروسکەو .. هتد ی ناو ناون (آیات) ڕستەکانی قورئانیشی هەر بەم ناوە ناسکردوون ، چونکە هەروەک چۆن دروستکراوەکانی خوا کردەوەینی نیشانەو بەڵگەی بوون و ناسینی سیفەتە بەرزو بێ سنوورەکانێی ، قسەو فەرموودەکانیشی بەهەمان شێوە .

٤- سەرنجدانی مێژوو و شوێنەوارەکانی (قل سیروا في الأرض ثم انظروا کیف کان عاقبة المکذبین) :

مێژوو و شوێنەوارەکانیشی یەکی دیکەیە لەو ڕێبانەی کە ئینسان

دەتوانیٚ لیٚیانەوە سەرنجی بەریٚزو شویٚنەواری ئەو یاسا و دەستوورانە بدات کە بۆ بەریٚوەچوون و ئاراستەکردنی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی داینا ون ، ئەو سەرنجدانەش دەکونجیٚ لە دوو ریٚ یانەوە ئەنجام بدریٚ ، یەکەم : قورئان خویٚندن کە بەسەرهاتی مرۆڤایەتی بەچەند جۆرو شیٚوە دەگیٚریٚتەوە ، دووەم : گەران و سووران بەزەوی داو وردبوونەوەو پەندوەرگرتن لە دیتنی ئەو دیمەن و شویٚنەوارانەی کە گەل و کۆمەلە پیٚشووەکانمان بەجیٚیان هیٚشتوون .

دووەم : ئیمان و بەندایەتی :-

بەلیٚ دوای ئەوەی مرۆڤی ژیر قۆناغی یەکەمی (خواناسین و خۆناسین) ی بری و، زانی کە دنیا شاری بیٚ خاوەن نیەو، ژیان وەک بیردۆزە ماددی یە مرۆڤزادەکان گومان دەبەن پووچو بیٚ حیکمەت نیە ، وەک خوای بەدیهیٚنەرو کاربەجیٚ فەرموویەتی :(وما خلقنا السماء والأرض وما بینهما باطلاً ، ذلك ظن الذین کفروا ..) ص /٢٧ . واتە : وە ئاسمان و زەوی و ئەوەی نیٚوانیانمان بەخۆرایی دروست نەکردوون ، ئەوە گومانی ئەوانەیە کە بیٚ بروان ..

وە دوای ئەوەی بەهۆی خواناسیو پەیوەندی پیٚوە بەستنی یەوە لە هیدایەتو ئاراستەی خوا بەهرەمەند بوو و لە شەوەزەنگی گومان و بیردۆزە پووچە مرۆڤکردەکان رزگاری بوو و، بۆی دەرکەوت کە وەکداروین و فرۆیدو مارکس و فۆیرباخو دورکایم گومان دەبەن بەرەچەلەک ناچیٚتەوە سەر قەوزەو کرمو قرژاڵ و بۆق و .... بەکورتی مەیموون زادە نیەو (ماددەمزاد) ەو ژیانی لە دابین کردنی پیٚداویستیەکانی گەدەو گیرفان و داویٚن دا کورت هەلنەهاتوەو بەکوردی (ئینسان) ەو ئاژەڵ و درندەو دەعبا نیە !! بەلیٚ دوای ئەوە لە بیابانی گەرمو قاقری خۆپەرستیو بیٚ خوایی و

لە هەڵەت و هەڵدێری بێ ئامانجیو هەڵوەدایی قوتاری دەبێ و دەچێتە سەر ئاوی سازگارو زوڵاڵی ئیمان و دەکەوێتە سەر ڕاستە شەقامی بەئامانج کەیەنەری بەندایەتیکردن بۆ خوای ئاسمان و زەوی !

وە لەڕاستیدا هەرکەسێک بەچاکی خوابناسێو بزانێ چ زاتێکەو خاوەنی چ ناوی بەرز بەرزو چ (صفات)ێکە ، یەکسەر بێ سێو دوو بەئەندازەی قووڵیو ڕاستیی ناسینەکەی دەیپەرستێو ڕێگای بەندایەتی (عبودیة) ی بەرەولا دەگرێ .

بەڵام لێرەدا نابێ لە دوو مەسەلەی گرنگ بێ ئاگا بین :

یەک : خواناسیو بڕوابەخوابوون (ئیمان) لێکجیان ، چونکە خواناسی بەس بریتیە لە پەی بێ بردنی بوونی خواو سیفەتە بەرزو پەسندەکانی. بەڵام بڕوابەخوابوون (ئیمان) بریتیە لەوە کە ئەو خواناسینە ببێتە (حاڵ) و هەڵوێستلە ژیان و هەڵس و کەوتەکانی مرۆڤدا ڕەنگ بداتەوە ، کەواتە هەموو بڕوادارێک خواناسە ، بەڵام مەرج نیە هەموو خواناسێک بە بڕوادار لەقەڵەم بدرێ ، هەربۆیەش ئیسلام (ئیمان) ی کردۆتە مەرجی بەمسوڵمان لەقەڵەمدران و چوونە بەهەشت نەک خواناسیڕووت !!

دوو : ئینسان لەڕێ ی عەقڵ و زانستەوە بەسدەتوانێ پەی بە بوونی خوایەک بەرێ و بزانێ کە بەدیهێنەرو پەروەردگارێک هەیە ، بەڵام لەڕێگای (وەحی) یەوە نەبێ ناتوانێ وەک پێویست پەی بە مەسەلە - کانی دیکەی خواناسی بەرێ ، هەربۆیەشە کە دەبینین ئەو زاناو فەیلەسووفە خواناسانەی لە تیشکی وەحیو هیدایەتی خوا بێ بەش بوون هەرچەندە زانیویانە (خوا) یەکهەیە بەڵام گەلێک تووشی بیروبۆچوونی هەڵەو سەیر بوون دەربارەی (خوا) جل جلالە .

لەکۆتاییدا دەڵێم :

پێویستە بزانرێ کە تاقە بەرنامەو ڕێبازو سەرچاوەی ڕوون و

بێ چەندو چوونی ئیمان و بەندایەتی بەسقورئان و سوننەتی پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم ، ئینجا ئەو شەرحو لێکدانەوەیەی کە لەسەریشیان کراوە بەئەندازەی نیزیکی لەم دوو سەرچاوە ڕوون و پێوەرو تەرازووە بێ چەندو چوونەوە ڕێزی لێ دەگیرێو وەردەگیرێ، هەزاران ڕەحمەتیش لە گیانی بەرزو پاکی ئەو زاناو پێشەوایانەمان بێ کە لەو ڕێیەدا خزمەتیان کردوەو ڕێی دووریان بۆ وەنیزیک خستووین و ، گەلێک شتی بەزەحمەت و ئالۆزیان بۆ سووک و ئاسان کردووین .

سێ یەم : یەکگرتن و برایەتی :

یەکگرتن و برایەتی ئەنجامو بەرهەمی سروشتیی و ڕاستەوخۆی ئیمان و بەندایەتییە ، چونکە ئیمان هەموو ئەو دڵانەی کە تێیدا یەکیان گرتۆتەوەو کۆبوونەتەوە ، وەک دەزوویەکی ئاوریشمیی نەرم و مەحکەم پێکیانەوە دەبەستێو نێوانیان لەگەڵ یەک خۆش دەکاتو بەیەکیانەوە جۆش دەدات ، هەربۆیەش خوای بەبەزەییو میهرەبانمان فەرموویەتی :(فاتقوا الله وأصلحوا ذات بينكم ..) الأنفال /١ . واتە : پارێز لەخوا بکەن و نێوانتان چاک بکەن .. !

دیارە یەکگرتن و برایەتیو دڵ پێکەوە بەستران و پێکەوە جۆشدرانی بڕوادارانێکیش کە لە قالبو بۆتەی ئیمان و بەندایەتیدا داڕێژراون ، شتێکی سروشتیو ئاسان و چاوەڕوان کراوە هەروەک چۆن ڕیزبوون و پێکەوە گونجانی ئەو خشتو بلۆکانەی کە بەیەک شێوەو قەبارە دروست دەکرێن ئاسان و بێ دەردی سەرە .

پێویستە ئەوەش بگوترێ کە هەر جۆرە ناتەواوی و کەموکووڕی یەک لە یەکیەتیو برایەتی مسوڵمانان دا بێتە بەرچاو، پێویستە بۆ

هۆیەکەی چاو بە ئیمان و خواپەرستی ئەو مسوڵمانانەدا بگێڕینەوە، چونکە مەحاڵە ئیمان و بەندایەتی بڕواداران تێروتەواو دامەزراوبێو یەکیەتیو برایەتیەکەشیان لەرزۆک و نەچەسپاو.

کە دەشبینین بەدرێژایی مێژووی ئیسلام هیچکەس و هیچ کۆمەڵێک هێندەی برادەرە دڵسۆزو فیداکارەکانی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام - خوا لێیان ڕازی بێ - پێکەوە براو تەباو دڵ پڕ خۆشەویستیو صەفا نەبووە، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پلـە ئیمانیو خواپەرستیە بەرزو کەم وێنەیەی کە ئەو هاوەڵە بەرزو بەڕێزانەی پێغەمبەرمان بە لوتف و بەزەیی خواو لەژێر تیشکی ئاراستەکردن و پەروەردەی بێ وێنەی ئەو سەروەرە بەڕێزەدا پێی گەیشتبوون.

چوارەم : خۆگۆڕین و واقیع گۆڕان :

ئەم قۆناغە کە قۆناغی کۆتایی سەفەری بەرەوخواچوون و سەرفرازی و ڕزگاربوونی کۆمەڵگای بڕواداروو مسوڵمانە، بەرهەمو ئەنجامی قۆناغەکانی پێشخۆیەتی، چونکە هەرکاتێک تیشکی زێڕینی خوناسیو یەکتاپەرستی لەدڵ و مێشکی گەل و کۆمەڵێکی دا، لە گومڕاییو سەرگەردانیەوە بەرەو هیدایەت و بەندایەتیان دێنێو، لە زەلکاوی دووبەرەکیو پەرتەوازەییو تاقم تاقمێنە ڕزگاریان دەکاو دەریان دێنێو، بەرەو هەوارو مەنزڵی بەرزی یەکیەتی و تەباییو برایەتیان دێنێ. گەل و کۆمەڵگایەکیش بە لوتف و هیدایەتی خوا گۆڕانێکی ئاوا بەسەرخۆی دا بێنێ، زۆر بەئاسانی دەشتوانێ واقیعی نەخۆش و پەرێشان و بێ سەرەوبەرەی خۆی لەهەموو بوارەکانی سیاسیو ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بگۆڕێ و، نەمامی دادگەری و ئازادی و ڕەوشتبەرزی تێدا بنێژێ و، تۆوی بەختەوەری

راستەقینەی ماددی و مەعنەوی هەردوو جیهانی تێدا بچێنێ .

کۆتایی ئەم بەشەش بەم دوو ئایەتە بەرزە دێنین :

١- (وعد الله الذين آمنوا - منكم - وعملوا الصالحات ليستخلفنهم في الارض كما استخلف الذين من قبلهم وليمكنن لهم دينهم الذي ارتضى لهم وليبدلنهم من بعد خوفهم أمناً يعبدونني لايشركون بي شيئاً ..) النور / ٥٥ . واتە :

خوا بەڵێنی بەوانەتان داوە کە بڕوادارن و کردەوەی چاک دەکەن ، کە لە زەویدا بیانکاتە جێنشین هەروەک چۆن ئەوانەی پێشوانی کردنە جێنشین ، وە کە ئەو بەرنامەیەی بۆ پەسند کردوون بۆیان بچەسپێنێ ، وە بێگومان حاڵەتی ترس و لەرزیان بۆ دەگۆڕێ بە هێمنی و ئاسایش ، - بەمەرجێک - بمپەرستن و هاوبەشم بۆ دانەنێن ...

٢- (.. إن الله لايغير مابقوم حتى يغيروا ما بأنفسهم ..) الرعد / ١١ .
واتە :

بێگومان خوا واقیعی هیچ گەلێک ناگۆڕێ - چ لە خراپەوە بۆ چاک و چ بەپێچەوانەوە - هەتا حاڵەتی دەروونی خۆیان نەگۆڕن ...

بەڵێ گۆڕانی ژیان و گوزەرانمان ئەنجامی گۆڕینی کردەوەو ڕەفتارەکانمانە ، هەروەک چۆن گۆڕانی وانیش بەرهەمی گۆڕینی بیروبۆچوونەکانمان و دامەزرانی ئیمانە .

بەشی هەشتەم
سەرەنجامی مسۆگەر لە هەردوو جیهان دا

خوێنەری بەڕێز !

ئەم بەشە کە بەشی کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە تەرخان کراوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییە کە هەرکەس و هەر گەل و کۆمەڵێک بەڕاستی ڕێبازی ئیمان بگرێ و بەپێی ڕێڕوونی و ئاراستەی خوای میهرەبان و دادگەر بەرەو ڕەزامەندی خوا ڕێگای ژیانێکی پاک و بەرزی ئینسانانە دابگرێ ، سەرەنجام (عاقبة) ی ئەم ژیانە و ئەو دنیاشی مسۆگەرە ، ئەو بەڵگانەش کە ڕاستیی ئەم قسەیەیان پێ دەسەلمێنین ئەمانەن :

١- عەقڵی ساغ و تەواو
٢- زانیاری ڕاست و سەلمێنراو
٣- فیطرەتی پاک و نەگۆڕاو
٤- مێژووی کۆن و نوێ
٥- گفت و بەڵێنی خوای پەروەردگار
٦- مزگێنی و شایەدی دانی تێکڕای پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام .
٧- پشتیوانی خەڵکی مسوڵمانی جیهان

جارێ سەبارەت بە یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم لە بەشی شەشەمدا لەبارەی هەرکامێکیانەوە هەندێک دواوین و بەپێویستی نازانم لەم لێکۆڵینەوە کورتەدا چیدی یان لەسەر بڕۆین ، بەس ئەم دوو تێبینییە دەربارەی زانست و فیطرەت دەخەمەڕوو :

یەکەم : وەک پێشتر باسمان کرد هەتا زیاتر زانیاری گەشەو بکاو پەی بە ڕازو نهێنییە زۆرەکانی سروشت و بوونەوەر بەرێ ، چاکترو زیاتر حیکمەت و زانیاری و توانا و دەسەڵاتی بەدیهێنەرو پەروەردگاری بەرزو مەزن دەردەکەوێ ، ئنجا هەتا زیاترو چاکتر ئەو سیفەتانەو باقی سیفەتە پەسندو بێ سنوورەکانی خوا بناسین زیاتر تێروتەواوی و بێ هەڵەو پەڵەیی بەرنامەکەیمان بۆ دەردەکەوێ ، کەواتە دەتوانین بڵێین : زانیاری بەژمارەی هەموو ئەو کەهکەشان و ئەستێرەو خرۆکەو ڕووەک و گیاندارو دلۆپە باران و دەنکە لمو شانەو خانەو .. بگرە بەئەندازەی هەموو گەردو گەردیلەکانی نێو بوونەوەر بەڵگەو شایەدی پەیداکردوون بۆ شایەدی دان و سەلماندنی ڕاستیی و تەواوی ئەو ئایین و بەرنامەیەی کە بەدیهێنەرو پەروەردگاری بوونەوەر ناردوویەتی ، چونکە ئەو ئایین و بەرنامەیە هەر لەو سەرچاوە زانستە بێ سنوورەی خواوە سەرچاوەی گرتوە کە ئەو هەموو یاساو وردەکاری و ڕێک وپێکییەی بوونەوەری لێوە هاتوە !!

دووەم : هەتا هەڵس وکەوت و ڕەفتارەکانی مرۆڤ بەتاک و کۆمەڵەوە زیاتر پێچەوانەی شەرع و بەرنامەی خوا بن ، فیطرەتی ئینسان زیاتر دەنگی ناڕەزایی لێ بەرزدەبێتەوەو ئیشارەتی سوور پیشان دەدات ، بۆ وێنە :

أ ـ لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان دا کە بێ خوایی و ڕەوشت نزمی و بێ بەندو باری و بەرهەڵدایی گەیشتۆتە ئەوپەڕی ، گەلێک نەخۆشی عەقڵیی و کۆمەڵایەتیی و دەروونی و جەستەیی وایان دەنێودا بڵاوبوونەوەو تەشەنەیان کردوە کە پێشتر یان هەر نەبوون یان زۆر کەم بوون ، بەتایبەتی نەخۆشی (ئایدز) کە لەم ساڵانەی دواییدا سەری هەڵداوەو پزیشکەکان دەڵێن میکرۆبەکەی بەهۆی زینا و نێربازی و..

هتده‌وه په‌یدا ده‌بێ. ئێستا ئه‌م نه‌خۆشییه‌ هه‌ڕه‌شه‌ له‌ ژیانی زۆربه‌ی خه‌ڵکی ئه‌وروپاو ئه‌مریکا ده‌کات و بۆیان بۆته‌ مه‌ترسی‌یه‌کی جیددی ! بگره‌ بۆ هه‌موو داوێن پیس و بێ ناموسانی نێرومێی جیهان مه‌سه‌له‌یه‌کی ترسناکه‌ !!

ب- ده‌وڵه‌ته‌ کۆمۆنیزمی‌یه‌کانی ڕۆژهه‌ڵات که‌ بناغه‌که‌یان له‌سه‌ر (مادده‌ په‌رستی و دژایه‌تی خوا) له‌لایه‌ک و (دیکتاتۆریه‌ت و کپ کردنی هه‌ست و داخوازی یه‌ سروشتی‌یه‌کانی مرۆڤ) له‌لایه‌کی دیکه‌وه‌ بنیات نرابوو، به‌ جرجر توانیان شه‌ست حه‌فتا ساڵێک ده‌وام بکه‌ن و سه‌ره‌نجام فیطره‌تی ئینسان بوو به‌ بوومه‌له‌رزه‌و بورکانێک و له‌به‌ریه‌کی هه‌ڵوه‌شاندن !

به‌ڵێ فیطره‌تی ئینسان و ڕه‌وتی ژیان سه‌لماندیان که‌ دنیا شاری بێ خاوه‌ن نیه‌و ناگونجێ کۆمه‌ڵگای مرۆڤ له‌سه‌ر بنچینه‌ی دژایه‌تی خوا کردن دابمه‌زرێ و بشتوانێ درێژه‌ به‌ بوونی خۆی بدات، وه‌ سه‌لماندیان که‌ هه‌رکام له‌ هه‌ست و نه‌سته‌کانی (خواپه‌رستی و دینداری) و (خۆشویستنی گه‌ل و نیشتمان) و (مه‌یلی شت هه‌بوون) و (حه‌زکردن به‌ ئازادی و ده‌ربڕینی بیرورا) ... هتد چه‌ند هه‌ست و نه‌ست و داخوازی یه‌کی ڕه‌سه‌نی سروشتی ئینسانن و هه‌ر ڕژێم و داموده‌زگایه‌ک هه‌ر پشتگوێ یان بخات، چ جای دژایه‌تی‌یان بکات شۆڕشی لێ ده‌که‌ن و لێی هه‌ڵده‌گه‌ڕێنه‌وه‌و ته‌فرو توونای ده‌که‌ن و (ڕووسیا)ی ده‌که‌ن !!

جا له‌ڕاستی‌دا ئه‌مانه‌ هه‌موو شایه‌دی دان و پشتگیری کردنی فیطره‌تی ئینسانن له‌ڕاستی و ته‌واوی ئه‌و به‌رنامه‌و ئایینه‌ تیرو ته‌واوه‌ی خوا که‌ پتر له‌ (١٤) سه‌ده‌ به‌ر له‌ ئێستا به‌بێ ده‌ردی سه‌رو داواکاری هیچ که‌س‌دانی به‌بوونی هه‌موو ئه‌م داخوازییه‌ سروشتی‌یانه‌ی مرۆڤ و غه‌یری وانیش‌دا هێناوه‌، ڕێگاو چۆنیه‌تی تێرکردنیشیانی دیاری کردوه‌ .

ئێستاش دێینەسەر ڕوونکردنەوەیەکی کورت دەربارەی هەرکام لە بۆ بەڵگەکانی تر :

٥ـ گفت و بەڵێنی خوای پەروەردگار :

خوای کاربەجێ لە چەندان ئایەتدا گفت و بەڵێنی بە بڕواداران و پەیڕەوانی بەرنامەکەی داوە کە پشتیوانیانەو لە دنیا و دواڕۆژدا بەچاوی لوتف و بەزەیی خۆی چاودێری یان دەکات و بە هێزو دەسەڵاتی بێ سنووری خۆی لەگەڵیانەو هەمیشە سەرکەوتن و بەرزی لەگەڕەوی ئەوان دایە بۆ نموونە :

(وأنتم الأعلون إن كنتم مؤمنين) آل عمران / ١٣٩ .

وە فەرموویەتی :(إنا لَنَنْصُرُ رُسُلَنا والذين آمنوا فِي الحياةالدنيا ويوم يقوم الأشهاد ..) غافر /٥١ .

وە فەرموویەتی :(ألا إن حزب الله هم المفلحون) المجادلة /٢٢.

هەروەها فەرموویەتی :(وَعَدَ اللهُ الذين آمنوا منكم وعملوا الصالحات ليستخلفنهم في الأرض ..) النور / ٥٥ . ... الخ .

دیارە هەرکەسێکیش بەعاستەم گومان و دوودڵی لە گفت و بەڵێنەکانی خوادا هەبێ پێویستە چاو بە ئیمان و خواناسیەکەی دا بگێڕێتەوە ، چونکە خوا ـ سبحانه وتعالى ـ پاک و بێگەردە لە هەموو کەموکووڕی یەک و پەیمان شکاندن لەوی ناوەشێتەوە (..ولَنْ يُخلِفَ الله وعده ..) الحج / ٤٧ .

وە هیچ شتێکیشی لەبەر عاسێ نابێ و توانای بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێ :(وكان الله على كل شيءٍ مقتدراً) الكهف / ٤٥ .

٦ـ مزگێنی و شایەدی دانی تێکڕای پێغەمبەران :

بەڵێ خوێنەری بەڕێز !

ئەوە کە هەرکەسێک بکەوێتە سەر ڕاستەشەقامی بەرنامەو هیدایەتی

خوا دەبێتە خاوەنی سەرەنجامی چاکی دنیاو دوا ڕۆژان حەقیقەتێکە هەموو پێغەمبەرانی پایەبەرزی خوا عليهم الصلاة والسلام کە لە کتێبی (مسند) ی (إمام أحمد بن حنبل) دا لە پێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە کە ژمارەیان (١٢٤٠٠٠) بووە موژدەو مزگێنی یان پێداوەو بەزمانی وتارو کردار شایەدی یان لەسەر داوە ، ئنجا بەڕاستی سەیرە دەعوایەکی سەدو بیست و چوار هەزار شایەد لە ڕاستترین و چاکترین و گەورەترین و متمانەپێکراوترین خەڵکی شایەدی لەسەر بدەن ، کەچی جێی دڕدۆنگی و گومانی هەندێک کەس بێ !!

٧- پشتیوانی خەڵکی مسوڵمانی جیهان :

بەڵێ ئەمیش یەکی دیکەیە لەو بەڵگانەی کە سەرکەوتن و بەمراد گەیشتنی قۆناغی ژیانی دنیای ئەو گەل و کۆمەڵە کە ئایینی خوا دەکاتە ڕێباز ئیسپات دەکەن .

چونکە ئەمڕۆ سەرجەمی مسوڵمانان بە زیاتر لە ملیارێک دادەنرێن و هەر گەلێکیش ملیارێک کەس دۆست و پشتیوانی بێ سەرکەوتن و بەئامانج گەیشتنی مسۆگەرە .

وە لەڕاستیدا گەلی مسوڵمانی کورد هەتا ئێستا - وەک پێویست - هەوڵی نەداوە سوود لەو پاڵپشت (سَنَد) و پشتیوانە بەهێزە وەربگرێ ، بەڵکو بەپێچەوانەوە گەلێکجار دەمڕاست و سەرکردەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد ڕەفتارو هەڵوێستی وایان نواندوە کە ببێتە هۆی بێزاندن و دژێوکردنی گەلی کورد لەبەرچاوی جیهانی ئیسلامی !(1) دیارە ئەمەش یەکێکی دیکەیە لە

(١) لە کوڕێکدا کە لە یەکێک لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا بەسترابوو و منیش بەشدار بووم ، لەکاتێکدا نۆرەی قسان گەیشتە من و پاش

هەڵەو تاوانە پێشووەکان و پێویستە پەندی لێ وەربگیرێو دووبارەو چەند بارە نەکرێتەوە !

هەڵبەتە سەرکەوتنی (مسوڵمانانی ئەفغانستان) یش بەسەر سوپای سووری داگیرکەرو پیلان و فێڵەکانی ئیمپریالیزمی جیهانیدا بەهۆی یارمەتی دان و پشتیوانی لێ کردنی ماددی و مەعنەوی مسوڵمانانی جیهان ، نموونەیەکی هەرە زەقی لەسەرکردنەوەو پشتیوانی لێ کردنی مسوڵمانانی دنیایە لەو گەلەی کە هەویەی ئیسلامی خۆی دەپارێزێ و بە شوێن بێی پێغەمبەرەکەی داو لەبەر تیشکی هیدایەتی خوادا بەرەو مەبەست هەنگاو دەنێ .

کۆتایی ئەم بەشەش بەم ئایەتە دێنم :

(إن هذه أُمتكم أُمةً واحدةً وأنا ربكم فاعبدون) الأنبياء / ٩٢ .

....

باش و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر دەربارەی گەلی کوردو ئەو بارودۆخە ناهەموارەی تێیدا دەژی هاتمە سەر گلەیی و گازندە لەو جەماوەرو کۆمەڵ و ڕێکخراوە مسوڵمان و ئیسلامیيانەی جیهانی ئیسلامی کە بۆچی هیچ بەرگری و لەسەرکردنەوەیەکیان دیار نیە لەسەر کێشەی ڕەوای گەلی کورد کە بەشێکە لە ئوممەتی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام وە چاکەیەکی زۆری بەسەر جیهانی ئیسلامیيەوە هەیە ؟! دانیشتوانی کۆڕەکە گوتیان ئەم قسانەت لێ دەسەلمێنین و دان بە کەمتەرخەمیەو سازدو سری خۆمان دا دێنین ، بەڵام ئاما بۆخۆشتان جێی گلەییو گازندە نین کە (ئیسلام) تان نەکردۆتە بەرنامەو درووشمی خەباتتان و بەردەوام پەنا دەبەنە بەر ئەو بیردۆزە ڕۆژهەڵاتیو ڕۆژئاوایيانەی کە دژی ئایینەکەتانن و جگە لە پەرتەوازەکردن و ناوزڕاندن و گومانی بەد دروستکردن لە دڵی گەلانی ئیسلامیيشدا هیچ سوودێکیان پێ نەگەیاندوون ؟!

دیارە (لەئاقار هەقیدا ئاو ڕادەوەستێ) ، بۆیە منیش جگە لە دان پێداهێنانی ئەو حەقیقەتە تاڵە چارەیەکم نەبوو !

دواقسە

خوێنەری بەڕێز !

دوا قسەی خۆمت لە سێ خاڵی کورتدا ئاڕاستە دەکەم :

یەکەم : مادام خۆمان ـ وەک گەلی کورد ـ بەمسوڵمان بزانین بۆمان نیە وەک ڕژێمی دیموکڕاسی دەڵێ : لە سفرەوە دەست پێ بکەین بۆ دروستکردنی ئەنجوومەن و هەر شتێکی دیکەش کە پێمان وابێ گەلەکەمان پێویستیەتی ، چونکە ئێمە ناوو نیشان و بەرنامەی تێروتەواوو پەسندکراوی خوامان هەیەو ، پێویستە لە هەنگاوی یەکەمی دەست بەکاربوونمانەوە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە خوایەکی میهرەبان و دادگەرو پێغەمبەرێکی پێشەواو سەروەرمان هەیەو ، خاوەنی ئایین و بەرنامەیەکی تێروتەواوو دەستکاری نەکراوین و هەتا خۆمان بە بەندەی خواو ئوممەتی پێغەمبەری پێشەواو شوێن کەوتووی ئیسلام و ئەهلی قیبلە بزانین ، دەبێ هەموو هەڵوێست و بڕیارێکمان لە ئایین و پەیڕەوی خواوە هەڵبقوڵێ و مۆری (شەرع)ی خوای پێوەبێ .

دووەم : بەبێ خۆگۆڕین و خۆچاککردن بەگوێرەی بیروباوەڕو بەرنامە (العقيدة والشريعة) ی ئیسلام گۆڕان و چاکبوونی ئەم واقیعە و بارودۆخە مەحاڵ و چاوەڕوان نەکراوە ، چونکە واقیعی ژیانی هەر گەل و کۆمەڵێک ڕەنگدانەوەی جۆرو چۆنیەتی بیروبۆچوون و خەسڵەتە زاتیی و دەروونیەکانیانە ، کەواتە با زیادەڕۆیی لە پێدا هەڵگوتنی ئەنجوومەن دا نەکەین و (پەرلەمان) لە خەڵکی یادەو عەوام نەکەینە (حەوت دەرمانە) و (دەرمانی یەکسات بە) .

چونکە دوایی دووچاری پەشیمانیو عوزرهێنانەوە دەبین ! (١)

سێ یەم : هەرچەندە هەموو کاتێک ڕەزامەندی خواو شادبوون بە ژیانی ڕازاوەو نەبڕاوەی بەهەشتلە میانە (ځلال) ی ژیانێکی ئینسانانەی پاک و ڕاستدا وەدەستدێ،کەبەهۆی جێبەجێ کردنی یاساو دەستوورەکانی بەرنامەی خواوە دەڕەخسێ ، بەڵام پێویستە ئاگاداری ئەوەش بین کە ئێمە - وەک گەلێکی مسولمان - ئامانجی هەرە بەرزمان ڕازی کردنی خوایە بەهۆی ئەنجامدانی ئەرکی هەرشانمان کە بەندایەتیەو بەندایەتیش حیکمەتی خوڵقێنرانمانە (وماخلقتُ الجنّ والأنسَ إلاّ ليعبدون) الذاريات / ٥٦ .

ئەمە لەلایەکەوەو لەلایەکی دیکەشەوە ئێمە ژیانی دنیا بەشوێنی بەندایەتی تێداکردن و تاقیکرانەوەمان دەزانین نەکدڵ پێ بەستن و نیشتەجێ بوون (.. وان الدار الآخرة لهي الحيوان لوكانوا يعلمون) .

وآخر دعوانا أنِ الحمد لله رب العالمين

٥ ذوالقعدة ١٤١٢

٧ آیار ١٩٩٢

---

(١) لێرەدا وەک دڵسۆزێک بەناوی جەماوەری کوردەوە قسە دەکەم ، دەنا هەڵوێستمان دەربارەی پەرلەمان ڕوون و ئاشکرایە ، واتە (پەرلەمان) یێک لەسەر بنچینەی دیموکراسی بنیات دەنرێ .

نێوەڕۆک

لاپەڕە	بابەت
١	پێشکەشبێ
٣	پێشەکی
٥	ڕێ خۆشکردن : کێشەی کورد بەشێکە لە کێشەی ئۆممەتی ئیسلامی
٨	بەشی یەکەم : ئاوڕدانەوەیەک بۆ مێژوو دەردی چەوسێنرانەوەی کورد وەک نەتەوەیەککەی و لەکوێ وە سەری هەڵدا ؟
١٠	چاوپێداخشاندنێکی شۆڕش و ڕاپەرینە ڕزگاریخوازەکانی کورد
١٥	گەورەترین هۆی سەرنەکەوتنی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد
١٨	بەشی دووەم : گەلی کورد چی دەوێ ؟!
١٩	خاڵی یەکەم : گەلی کورد کێیە ؟!
٢٢	خاڵی دووەم : گیروگرفتی گەلی کوردی مسوڵمان چییە ؟!
٢٣	خاڵی سێیەم : ئەو گیروگرفتە کەی سەری هەڵداو لەکوێ وە هات ؟!
٢٥	خاڵی چوارەم : گەلی کورد لە خەباتی سەختی زیاتر لە سەد ساڵەیدا عەوداڵی چ ئامانجێکە ؟!
٢٧	بەشی سێیەم : لەڕێ‌ی دیموکراسیو پەرلەمانەوە دەگەینەچی؟!
٣٤	بەشی چوارەم : دیموکراسی لەتەرازووی ئیسلامدا
٣٥	ئایا دیموکراسی حوکمی گەلە بۆ گەل ؟!
٣٦	ئایا دەگونجێ گەل بۆخۆی بەرنامەی ژیانی دابنێ ؟!

لاپەڕە	بابەت
٣٨	حوکمی ئیسلام دەربارەی دیموکڕاسی
٤١	چەند ڕوونکردنەوەیەکی پێویست بەکورتی
٤٢	ئایا دروستە مسوڵمان بەشداری پەرلەمان بکات؟!
٤٧	بەشی پێنجەم : ئیمان چارەی دەردی کورد دەکات نەک پەرلەمان .
٥٥	چارەسەری کێشەی کورد لەڕوانگەی ئیسلامەوە چۆنە ؟!
٦٠	بۆچی پەرلەمان چارەی دەردی کوردی پێ ناکرێ ؟!
٨	ئیمان کۆسپەکانی سەر ڕێگای خەباتی ڕزگاریخوازیمان لادەبات
٦٧	ئێمە دژی دیموکڕاسیو پەرلەمانین ، نەک ئازادی بیروڕاو هەبوونی ئەنجوومەن و شووڕا
٦٩	بەشی شەشەم : ئایا بێجگە لە ئیمان چارەیەکی ترمان هەیە ؟!
٨١	بەشی حەوتەم : لەکوێ وەو چۆن دەستپێ بکەین ؟!
٩٠	بەشی هەشتەم : سەرەنجامی مسۆگەر لە هەردوو جیهان دا
٩٦	دواقسەم
٩٨	نێوەڕۆک

ئەم کتێبە

لێکۆڵینەوەیەکی فیکری و سیاسی یە دەربارەی چۆنیەتی چارەسەری کێشەی کوردو کۆڕین و چاککردنی ئەو واقیعە سەخت و دژوارەی کەلەم ڕۆژگارەدا گیرۆدەی بووە، وە هەڵسەنگاندنێکە بۆ ئەو ڕێچکەو بیردۆزە مرۆڤکردانەی کە گەلی کورد لە درێژەی خەباتی ڕەوای ڕزگاریخوازانەیدا پەنای بردۆتە بەریان بەتایبەتی دیموکراسی.

وە ڕوونکراوەتەوەو سەلمێنراوە کە تاقە بەرنامەی تێروتەواوو تاقە ڕێبازی ڕزگاری و سەرفرازی (کورد)و هەر گەل و کۆمەڵێکی دیکەش تەنها ئیسلامەو لەو ڕێیەشەوە نەبێ گەلەکەمان نەك هەر بەمرادو مەبەست ناگات بگرە زۆریش لەسەر خەبات و ڕەنجدانەکەی قەرزدار دەبێتەوەو بنەتووەکەشمان دەست ناکەوێتەوە! مێژووی ڕابردووشمان چاکترین بەڵگەو شایەدە.